**منداڵ ئەوشتە دروست دەكات، كە دەیبینێت، نەك دەیزانێت.**

# من بیرمكردەوە...

# من بیرۆكەم داهێنا...

# من شتێكی نوێم دروستكرد...

منداڵ لەم قۆناخەدا بیری كردۆتەوەو بابەتێكی نوێی لەخەیاڵدا گرتووە. واتە ئێستا بیرۆكەیەكی نوێی لە مێشكیدایەو دەیەوێت لە وانەكردارییەكەدا، یان لەگەڵ هاوڕێكانیدا، یان لە ماڵەوە جێبەجێی بكات و شتێكی نوێی هونەری پیشان بدات و نمایشی بكات.

منداڵ لەم قۆناخەدا سیستەمی كاركردنی گۆڕانكاری بەسەردادێت، لە بری ئەوەی بۆ گوزارشتكردن پشت بە هزرو بیری ببەستێت، ئەوا بۆ لەمەودوا پشت بە شتە بینراوە بەرجەستەكان دەبەستێت و هانا بۆ هەستی بینین دەبات. واتە ڕوو لە دەربڕینی شتە بینراوە ڕاستەقینەكان دەكات و گوزارشتیان لێ دەكات.

سەرپەرشتی زانستی : سالار جەلال ئەحمەد
سەرپەرشتی هونەری : عوسمان پیرداود کواز
خالد سلیم محمود
نەخشەسازی بەرگ : عوسمان پیرداود کواز
نەخشەسازی ناوەرۆك: شڤان سابیر عولا
تایپکردن : شڤان سابیر عولا

چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن (٨٢٢)، ٢٠١٨، تیراژ: ٢٠٠٠دانە، نرخ: ٢٦٥٠دینار
لە چاپخانەی فەرەج لە هەولێر چاپکراوە

# پەروەردەی هونەر

## بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی

## ڕێبەری مامۆستا


ئامادەکردنی

م. خەلیل عەلی عەبدولا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

پ.ی.د. عەباس مستەفا عەباس

پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن

د. شێروان حسێن خۆشناو

پێداچونەوەی زانستی

د. قادر حسێن سالح

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ٦ |
| پێشكار | ٧ |
| پلانی فێركاری دەبێت گرنگی بەم خەسڵەتانە بدات | ٨ |
| تەوەری كار | ٨ |
| ئافراندن | ١٠ |
| سیٚ شێوازەكەی ئافراندن | ١٣ |
| شێوازی كاری زانستییانەو قوتابی چالاك | ١٥ |
| كار | ١٦ |
| مرۆڤی كارامە/ مرۆڤی كارا | ١٦ |
| تەكنەلۆژی و فەرهەنگ | ١٨ |
| فێركردن و كار | ٢٠ |
| گەشەی هونەری منداڵ لەم قۆناخەدا (٩ بۆ ١١) ساڵ | ٢٠ |
| قۆناخەكانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیكتۆر لۆنفێڵد) | ٢٠ |
| **خشتەی پلانی مامۆستا** | |
| خشتەی پێشنیاركراوی پلاندانان بۆ مامۆستا | ٢٣ |
| **تەوەری یەكەم** | |
| **دەربڕینخوازی** | |
| **وانەی یەكەم** | |
| ڕەنگە سەرەكی و مامناوەندییەكان/ ڕەنگكاری | ٢٩ |
| **وانەی دووەم** | |
| ڕەنگە سەرەكی و مامناوەندییەكان/ پۆلێنكردنی ڕەنگەكان | ٣٦ |
| **وانەی سێیەم** | |
| نیگاركێشانی دیمەنە سروشتییەكان لەكاتی گەشتی قوتابخانەدا/ نیگاركێشان لەناو سروشتدا | ٤٤ |

| | |
|---|---|
| وانەی چوارەم | |
| ڕووگەی هونەری/ ڕووگەی بەرجەستە و هەڵتۆقیوو | ٥٠ |
| وانەی پێنجەم | |
| ڕاڤەو ڕەخنەی هونەری/ وەستان و گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆك و پێکهتەکانی کاری هونەری | ٥٨ |
| **تەوەری دووەم** | |
| **نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا** | |
| وانەی یەکەم | |
| بنەماکانی نەخشەسازی (پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان)/ شەبەنگی ڕۆژ (پەلکەزێڕینە) | ٧٠ |
| وانەی دووەم | |
| بنەماکانی نەخشەسازی (پەیوەندی نێوان شێوەکان)/ دوورو نزیك (پۆستەرەکانی گەشتوگوزاری) | ٧٧ |
| وانەی سێیەم | |
| بنەماکانی نەخشەسازی(دەرخستنی ڕووگە)/ دەرخستنی ڕووگە لە ڕێگەی ڕەنگ و لکاندنەوە | ٨٣ |
| وانەی چوارەم | |
| بوارەکانی نەخشەسازی (یەکەی ڕازاندنەوە)/ نیگارکێشان بە یەکەی ڕازاندنەوە | ٩٢ |
| وانەی پێنجەم | |
| خۆشنووسی | ٩٩ |
| **تەوەری سێیەم** | |
| **کاردەستی** | |
| وانەی یەکەم | |
| قوڕکاری/ قوڕ، وەك کەرەستەی خاو/ توانای پێکهێنانی شێوە بە قوڕ | ١١٥ |
| وانەی دووەم | |
| قوڕکاری/ دروستکردنی پانتایی بە قوڕ/ دانانی کەرەستە لە کاری هونەریدا | ١٢٦ |
| وانەی سێیەم | |
| قوڕکاری/ دروستکردنی شێوەی جیاواز بە قوڕ/ دروستکردنی شێوەی بەرجەستە | ١٣٥ |
| فەرهەنگۆك | ١٤٤ |
| سەرچاوەکان | ١٦٦ |

## پێشەکی

مامۆستای بەڕێز، لە پرۆگرامی ئەمساڵدا کۆمەڵێك زانیاری و بابەتی نوێ خراوەتە ڕوو، بۆیە پێویستە مامۆستا لە هەنگاوی یەکەمدا پێشکار بخوێنێتەوە، کە پێکهاتووە لە پلانی فێرکاری، ئەم زانیارییانەش بۆ مامۆستا گرنگە، تا بتوانێت لە پلانی فێرکاری تێبگات و ئامانجی وانەکەی لا ڕوون بێت.

لە تەوەری یەکەمدا، بابەتی دەربڕینخوازی (گوزارشتکردن) لە پێنج وانەی تەواوکەری یەکتر خراوەتە ڕوو لە ژێر بابەتەکانی ڕەنگ و ڕووگەی هونەری جیاواز و ڕاڤەی هونەریدا، لە وانەکاندا شێوازی خستنەڕوو باسکراوەو هەنگاوەکانی جێبەجێکردن ڕوونکراوەتەوە. هەر بۆیە، ئەوەی لەسەر مامۆستایە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانەو ئەگەر بەپێویستیشی زانی دەتوانێ هونەرکاری خۆی تێکەڵ بکات، بەومەرجەی لە بنەما گشتییەکە لانەدات. هەروەها بیرت نەچێت بابەتەکان پێشکەوتوون و ئاستی کارکردنیش چۆتە سەری (بەرفرەوان بووە).

لە تەوەری دووەمدا، بابەتی نەخشەسازی و داهێنان و ڕازاندنەوە ڕێکخراوە لە پێنج وانەی تەواوکەری یەکتریدا لە ژێر ناوی بنەماکانی نەخشەسازی و بوارەکانی نەخشەسازی و خۆشنوسیدا. بۆ ئەو مەبەستەش، پێویستە مامۆستای هونەر هەنگاوەکان بە وردی جێبەجێبکات و ئاگاداری ڕێنماییەکان بێت، نابێت زیادەڕەوی بکات لە وانەگوتنەوەکەدا، چونکە لەکاتی دانانی بابەتەکاندا زۆر بەوردی بیر لە ئاستی جێبەجێکردن کراوەتەوە و توانای قوتابییەکەش لەبەرچاو گیراوە. کەواتە، ئەوەندەی لەسەرتۆ پێویستە ئەوەیە، کە قوتابییەکان ئازاد بکەیت لەکاتی کارکردنداو خۆشت چاودێرو ئاڕاستەکەربیت و لەهەمانکاتیشدا بە تێبینی و سەرنجەکانت بابەتەکەیان بۆ دەوڵەمەند بکە. هەروەها لە تەوەری سێیەمدا، بابەتی قورکاری (گڵێنەکاری و پەیکەرسازی) لە چەند بابەتێکی فرەواندا دەرخراوە، وەك دروستکردنی شێوەی جیاواز بە سازدانی ڕووگەی فرەجۆرو بەرجەستە بە کەرەستەی جۆراوجۆر، لەم تەوەرەدا هەردوو بابەتی گڵێنەکاری و پەیکەرسازی تێکەڵکراوە، تۆی مامۆستاش لێزانانە بەپێی ئەو پلانەی بۆت دانراوە وردە وردە باسەکەیان بۆ بخە ڕوو، تا قوتابییەکان سەریان لێنەشێوێ و بە هێواشی بتوانن ئەم دوو هونەرە لێکجیا بکەنەوە، چونکە لە بواری کاردا زۆر لێکدەچن و لەهەندێك شوێنیشدا لێکجیاوازن، بۆیە پێویستە بە نەرمی و بە هێواشی بابەتەکە بخەیتە ڕوو و پەلە نەکەیت لە پێدانی زانیارییدا، لە قوتابییەکانیش بگەیەنە لە کارکردن و شێوەدا لە کوێدا لێکدەچن و لە کوێشدا لێکجیاوازن.

مامۆستای بەڕێز ... لەگەڵ تەوەرەکاندا تابلۆو ژیاننامەی هونەرمەندانی کوردیش لەگەڵ بابەتە پەیوەندیدارەکاندا خراوەتە ڕوو. کەواتە تۆش بۆ قوتابییەکانتی باس بکە، تا منداڵی کوردیش ئاشنا ببێت بە هونەرمەندانی میللەتەکەی.

م. خەلیل عەلی

## پێشکار:

ماموٚستای بەڕێز.. وەك ئاشکرایە، لەم قوٚناخەدا ئاستی بیری منداڵەکان لە گەشەی بەردەوامدان و هەمیشەش بەدوای بیروٚکەی نوێدا دەگەڕێن. واتە قوتابییەکان دانامێنن و ئاستی خەیاڵکردنیان زوٚر فرە دەبێت و ئاستی خەیاڵبازیشیان بێسنوورە. هەروەها قوتابیان دەیانەوێت لەم قوٚناخەدا جیاواز لە ساڵانی ڕابردوویان دەروازەیەکی نوێی کارکردنیان بە ڕووی خوٚیاندا بکەنەوەو کارەکانیان داهێنان و بیروٚکەی نوێ بن، نایانەوێت کاری دووبارەو سواوە ئەنجام بدەن، بەڵکو دەیانەوێت کارێك بکەن سەرسامی و ئەبڵەقبوونی پێوەدیاربێت و بینەران بخەنە ئاستی شەرمەزارییەوە، چونکە ئەوە بزانە قوتابییەکان تەمەنیان (١١ساڵ) ـەو بەرەو هەراشبوون دەچن و هەستی بەخوٚزانیان زوٚر پێشکەوتووە، لەبەر ئەوە نابێت وشەی نەشیاو لەپوٚلدا، یان لە هوٚڵی فرەمەبەستدا بەکاربهێنیت و هەستی قوتابییەکان بریندار بکەیت، چونکە لەم قوٚناخەی منداڵدا ‹‹دڵناسك››ی کارێکی باوەو دەبێت وریابیت و شکاندنەوە و هەراسانکردن ڕوونەدات، ئەگەر هەڵە بکەن، یان سەرکێشی، یان کارێکی نەخوازارو لەوانەیە تەنها بوٚ سەرنجدان و سەرنجڕاکێشان بێت و بەس، هیچ مەبەستێکی تری لەپشتەوە نییە، چونکە قوتابییەکان لەم تەمەنەدا حەز دەکەن گاڵتەو گەپ لەگەڵ یەکتریدا بکەن، بەڵام توٚش جارێکی تر سەرنجیان بوٚلای یاسای پوٚل ڕابکێشەوەو ئاکارو یاساکانی پوٚلیان بیربهێنەوە، تا سەرکێشی، یان گاڵتەکردنەکەیان ڕووداوی نەخوازراوی لێنەکەوێتەوە.

## ماموٚستای بەڕێز..

لەم ساڵدا پێویستت بە پلانی فێرکاری و خوٚئامادەکردنی باش دەبێت و پێویستە بە هەموو هێزو تواناتەوە خوٚت بوٚ ئەم پڕوٚسەیە ئامادە بکەیت، چونکە هەروەك ئامارەمان پێدا تەمەنی منداڵەکان ساڵ بەساڵ هەڵدەکشێت و هەر ساڵەش پێویستی بە جوٚرێك لە خوٚئامادەکردن و پێداویستی جیاوازتر دەبێت. کەواتە ئەمساڵ پلانی فێرکاری دەخەینە بەردەستت، تا بەوردی لێی ڕابمێنیت و خاڵ بەخاڵ ڕاڤەی بکەو لێی تێبگە، تا لە کاتی وانەکاریدا هەنگاوەکانی هەڵبگریت و لە ئامانج و ستراتیجی وانەکە لانەدەیت و بزانیت چی دەکەیت؟ چوٚن دەکەیت؟ چوٚن پەیامەکەت دەگەیەنیت؟ ئێمەش هەنگاو بە هەنگاو پلانەکەت بوٚ شیدەکەینەوەو خاڵە سەرەکی و لاوەکییەکانت بوٚ باس دەکەین، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەرکە بنەڕەتییەکەیە بوٚ توٚ و بەرزکردنەوەی ئاستی جێبەجێکردنە لەناو پوٚل و هوٚڵی فرەمەبەستدا.

ئامانجی پلانی فێرکاری بەکاربهێنە بۆ تەواوی پرۆسەکە. واتە دەتوانیت لە زارۆخانەوە ئەم سیستەمە پەیڕەو بکەیت و سەرنج و تێبینییەکان بەهەند وەربگریت و لەسەریان بوەستیت لەکاتی پلاندانانەدا، چونکە بۆتۆی مامۆستا هەموو هەنگاوێکی نویٰ گرنگەو منداڵەکانیش بەچاوی نوێکاری و تازەگەرییەوە لە باسەکە دەڕوانن.

## پلانی فێرکاری دەبێت گرنگی بەم خەسڵەتانە بدات [*]:

- گیانی تەبایی و هاوکاری بۆ گەیشتنە ئامانجی بەرزتر.
- بیرو دیدی هاوکۆی دیموکراتیانە.
- گیانی هاوجیهانی لەتەك گیانی میللەتدۆستی و وڵاتپارێزیدا.
- دیدی مرۆڤدۆستی و ژینگەپارێزی.
- گیانی ئافراندن و داهێنان.
- ڕێزگرتن لە خواست و خولیای کەسانی دیکە.

### بەکورتی

ئەرکی سیستەمی فێرکارییە:

- توانای دەرکی منداڵ بگۆڕێت بۆ توانای تێگەیشتن.
- توانای هەستکردن بگۆڕێت بۆ توانای شرۆڤەکاری.

### تەوەری کار

١. فەلسەفەو دین
٢. ئافراندن
٣. کار
٤. زانیاری گشتی
٥. هاوکاری
٦. ژینگەپارێزی

---

(*) بۆ خستنە ڕووی ئەم باسە مۆڵەت لە ڕێکخراوی ‹‹Komak›› وەرگیراوە. بەهۆی گرنگی بابەتەکەوە، ئەم تەوەرە کتومت، وەك خۆی دانراوەتەوە، کە لە کتێبی ‹‹پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی›› دا نوسراوە، کەریم مستەفا، ٢٠٠٩.

١. **فەلسەفەو دین:** زانیاری دەربارەی فەلسەفەو دین دەبنە هۆی فرەوانی دید، ڕەوشت و پەی بردن بە بەهای بنەڕەتی مرۆڤدۆستانە. فەلسەفەو دین ئەم خاڵانە لای قوتابی دەبزوێنێت:

- بەرپرسایەتی.
- ناسینی بەهای مرۆڤدۆستانە.
- ئازادی هزرو گیان.
- سنگفرەوانی و یەکتر سەلماندن (تۆڵەڕانس).
- یەکسانی مرۆڤ.
- بەرابەری نێرومێ.

١. **ئافراندن:** توانای ئافراندن زۆر گرنگە بۆ کەسایەتی منداڵ و دەبێت ڕووبەرێکی فرەوانی پلانی فێرکاری بۆ گەیشتن بەم ئامانجە تەرخان بکرێت. بە شێوەیەکی گشتی، ئافراندن ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

- گەشەپێدانی توانای گیان (دەروون) و لەش.
- یارمەتی دانی قوتابی بۆ گەشەی خودی خۆی.
- بیرکردنەوەی زانستیانە لە ژیانی ڕۆژانەو لە کاردا.

٢. **کار:** شائامانجی پلانی فێرکاری، بریتییە لە بارهێنانی کادری پسپۆڕ و کارامە بۆ بازاڕی کار و بوارەکانی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی وڵات، هەر بۆیە، بۆ بەرزڕاگرتنی ئاستی ئابووریی میللی و دوانەکەوتن لە ڕەوتی پێشڤەچوونی جیهاندا، دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

- ئامادەکردن بۆ کارکردن و ژیانی ناو کۆمەڵ.
- پەرەپێدانی توانای زانستیانە و تێگەیشتن و بەرپرسایەتی لە بابەتەکان (ئەو بوارانەی قوتابی خوێندنی تێدا تەواو کردووە) لە کارو پیشە لە جڤاتدا.
- بەرابەرێتی و دەرفەتی یەکسان لە دەسترەسی بە زانیاری و پسپۆڕیدا.

٣. **زانیاری گشتی:** پلانی فێرکاری دەبێت هێندە زانیاری بنەڕەتی و گشتی بداتە منداڵ، تا کەسانێکی بەتوانا و سەربەخۆ و خاوەن بڕیار بێنێتە بەرهەم. ئەو پلانەش بەم ڕێگایانە دەبێت:

- فێرکردن و ئاشناکردنیان بە دیدو ڕێبازی دیموکراسی.

- هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی بەرانبەر گشت مرۆڤایەتی لە ئاستی جیهاندا.
- هەڵبژاردنی سەربەخۆیانە لە کارو پیشە و ژیانی جڤاکیدا.
- فێرکردنی تایبەت بۆ ئاستە جیاوازەکانی تەمەن و بەپێی توانای تاکە کەسی.

٤. **هاوکاری:** لەسەر ئاستی هەردوو ئاستی کەسەکی و جڤاکی قوتابی دەبێت فێری هاوکاری بێت. ئەوەش بەم شێوازانەی خوارەوە دەبێت:
- لێکتێگەیشتن و هاوکاری نێوان منداڵ و مامۆستا.
- هاوکاری نێوان مامۆستایان و خێزان.
- هاوکاری لەسەر ئاستی جیهان و گەلان.

٥. **ژینگەپارێزی:** پلانی فێرکاری دەبێت، هێندە زانیاری بداتە منداڵ، تا لە سروشت تێبگات، رێزی سروشت بگرێت و بیپارێزێت.

کەواتە، پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر هێندە زانیاری کۆبکاتەوە، تا بتوانێت لە ئاست و توانای قوتابییەکانی تێبگات و پاشان ئاڕاستەیان بکات، هەروەك چۆن لە پۆلی چوارەمدا زۆری لەسەر وەستاین و زانیاری تەواومان لەسەر ئاڕاستەکردن و شێوازەکانی ئاڕاستەکردن خستە بەردەست، بەڵام ئەم جارە زانیارییەکان باڵاتر دەکەین و ئاستی زانیارییەکانیش بەرزتر دەکەینەوە، تا بواری ڕۆشنبیری مامۆستای هونەر لە ئاست توانای وانەکەدا بێت و لە ئامانج و ستراتیجە تایبەتییەکە لانەدات و وانەکە بەلاڕێدا نەبات و مەبەستە فێرکارییەکە بگەیەنێتە شوێنی خۆی، بۆیە لێرەدا وردتر لەسەر بابەتە هەستیارەکان ڕادەوەستین و تیشك دەخەینە سەر باسەکە:

## ئافراندن (داهێنان)

- مرۆڤی داهێنەر.
- توانای ئافراندن و داهێنان.
- سێ شێوازەکەی ئافراندن.
- دیدی ڕەخنەگرانەو توانای دەرك کردن.

## مرۆڤی داهێنەر

مرۆڤ دەبێت لە بەرهەم و هونەردا، داهێنان پێشان بدات، ئەو هۆکارو پاڵنەرانەشی بکاتەوە و تێیان بگات، کە دەبنە بنەمای داهێنان و هونەر. هەروەها ڕێز لە هەوڵەکانی پێشینان بگرێت، بۆ خۆشی هەوڵبدات لە سەردەمی نوێدا پەرە و برەو بە داهێنان و هونەرو شێوازەکانی بیرکردنەوەی پێشینان بدات و هونەر و داهێنان و ڕێبازی و بیری نوێیان لێوە بخولقێنێت، تا دونیایەکی باشتر و جوانتر و ژیانێکی ئاسوودەتر ساز بکات.

بۆ ئەو مەبەستەش، منداڵ دەبێت داستان و چیرۆکی ژیان، لە فێرگەوە فێرببێت و لە هەمبەر سەختییەکانی ژیاندا خۆڕاگر و بوێر بێت. خوێندن و فێرگە دەبێت منداڵ بۆ ململانێ و زۆرانبازیی ژیان ئامادە بکات.

ئەمە جگە لەوەی فێرگە دەبێت هێندە بەهرەو کارامەیی فێری منداڵ بکات، تا بتوانێت ڕووبەڕووی گشت گۆڕانکارییەکی نوێ لە بیرکردنەوە و ڕێبازی ژیان و لە داهێنانە تەکنەلۆژییەکاندا بێت، نەك هەرئەوەندە، بەڵکو منداڵ دەبێت هێندە وزەو بەهرە لە خوێندن و فێرگەوە وەربگرێت، کە گوڕی هەمیشە بەرەو پێشوەچوونی تێدابێت.

## توانای ئافراندن و داهێنان

ئامانجی سەرەکیی خوێندن و فێرکردن دەبێت گۆڕانکاری و گەشە و بەرەو پێشەوەچوون بێت. هەروەها فێرکاری بۆ گشت منداڵان، لاوان و گەورەساڵان دەبێت واڵاکردنی دەروازەکانی گۆڕان و گەشەو بەرەو پێشەوەچوون بێت، تا مرۆڤ ئاشنابێت بە تواناکانی خۆی و هەنگاوبنێت بۆ ئاستێکی بەرزتر و پڕ هونەرتر و کارامەتر. هەروەها دەرفەتدان بێت بە مرۆڤ، تا وزە و تواناکانی خۆی بەرجەستە بکات.

لە ڕاستیدا، خواست و ویستی فێربوون لای منداڵ، هێزو بەهرەیەکی سروشتییە. منداڵان وەکو بوونەوەرێکی زیندووی چالاك پڕن لە خواستی فێربوون، زۆر شت هەیە نایزانن و لێی دڵنیانین، بەڵام لە ڕێگەی فێربوونەوە خوێندنەوە و تێکەڵبوون لەگەڵ منداڵانی دیکەی فێرگەدا فێری زۆر شت دەبن و هێدی هێدی بە ڕێساکانی پێکەوەژیان و جڤات ڕادێن، جگە لەوەش لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیشدا بۆ خۆشیان هەوڵدەدەن ئەو ڕێساو شێواز و زانیاریانە پیادە بکەن، تا بێنە جیهانی گەورەساڵان و جڤاتەوە.

جیهان و ژیان بۆ منداڵ ئەزموونێکی نوێیە، هەربۆیە تواناو فەنتازی جۆراوجۆر و بێسنووریان هەیە، ئەم فەنتازیا و توانایانەش وا لە منداڵ دەکات پەرە بەتوانای ئاخافتن و نووسین و فێربوون بدات و ببێتە خاوەن ئەزموون و دانوستاندن. هەروەها ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانە و جیهانی ڕاستەقینەش سنوور بۆ ئەو فەنتازیا و ئەندێشانە دادەنێن، هەربۆیە بەدەم تەمەنەوە منداڵ دەبێتە کەسێکی خاوەن ئەزموون و ڕیالیست (داکەوتبین — واقیعی). لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت فەنتازیاکانی منداڵ لە پرۆگرامەکانی خوێندندا جێگەیان بۆ بکرێنەوە، چونکە ئەو خەیاڵبازییە دەبێتە مایەی ئافراندن لە ژیانی گەورەییدا، جا دەکرێ منداڵانی دیکە خەیاڵی نوێ لەو خەیاڵبازییە وەربگرن. بۆیە گرنگە بەشێکیان لە کتێبەکانی خوێندندا، وەك وانە بە منداڵانی دیکە بگوترێتەوە.

توانای ئافراندن، ئەوەیە ڕێگە چارەی نوێ بۆ هەرئاستەنگ و کێشەیەك، ئیدی چ هونەری زانستی، یان هزری بن، بە شێوەیەکی نوێتر و کارگەرتر بدۆزێتەوە.

هەروەها دەبێت پلانی فێرکاری ڕوونی بکاتەوە، کە داهێنانی مرۆڤە گوزەرانی ئەشکەوتی گەیاندۆتە ئەمڕۆژەی ئاسماندۆزی و زەریاپێوی. بۆیە، گرنگە ئەم خواست و هەوڵدانە لە هزری منداڵاندا گەش و زیندو ڕابگیرێن. چ وەك چیرۆك و چ وەك مێژوو، بەشێك بێت لە پلانی فێرکاری. ئەم کارەش، نەك هەر تەنها یادی ئەو کەسە داهێنەرانە بە زیندوویی لە لای منداڵان ڕادەگرێ و ڕێزیان بۆ پەیدا دەکات، بەڵکو منداڵان فێری گەشبینی دەکات و ئایەندە بە ڕووناکی دەبینن. هەروەها دەشێ ئەوانیش لە داهاتوودا ببنە کەسانی داهێنەر. کەواتە، میرات و سامانی فەرهەنگی و هونەری، تەنها ئەوەنییە، وەك بابەتێکی ئەنتیکی و کۆن تەماشا بکرێت و نیشانی منداڵان بدرێت، بەڵکو دەبێت هەردەم بکرێتە هۆکارێك، تا منداڵان لێوەی فێربن لە هەموو زەمین و زەمانێکدا داهێنان کراوەو مرۆڤی داهێنەر هەبوون.

ئەرکی فێرگە و پلانی فێرکارییە ئافراندنی مێژووکردی مرۆڤ ڕادەستی نەوەی نوێ بکات. دەبێت لەڕێگەی خوێندنەوەی تێکست (چیرۆك و ئەفسانە) ـەوە، ئەزموونگە (لابراتۆریۆم)، وێنە، فیلم و دۆکۆمێنتەوە، کەسانی داهێنەرو ئافراندنی نایاب بگەیەنرێتە قوتابییان و منداڵان فێری ئەوە بکرێن، کە دەشێ خەون، فەنتازیا (خەیاڵبازی) ی زانستی، هونەری، ئەدەبی و هزری بهێنرێتە دی و پیادە بکرێن.

## سیٚ شێوازەکەی ئافراندن

**لە دێرزەمانەوە مرۆڤ بەم سیٚ شێوازە بەرهەمی نوێی ئافراندووە:**

١. خولیا.

٢. شەیدابوون و پەیدۆزی (لەدووگەڕان).

٣. چێژوەرگرتن.

ئەم سیٚ میکانیزمەش بەشێوەیەکی سروشتی و فیزیکی لە گشت مرۆڤێکدا هەن، بەڵام ئەوە ئەرکی پلان و بەرنامەی فێرکارییە بتوانێت بەشێوەیەکی زانستیانە و بەرنامە بۆ داڕێژراو، ئەم توانا و خواستانە بە ڕووکاری دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئاشتەوا و هێمنانە لە ناخی منداڵدا ئاڕاستە بکات بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەو ئامادەیان بکات. لە هەمانکاتیشدا پەیامی مێژوویی ئەم هەزرە بگەیەنرێتە منداڵان، تا نەوە لەدوای نەوە پێی ئاشنا بن.

## خولیا

پلانی فێرکاری، دەبێت لەڕێی کار و پراکتیکەوە، قوتابی بە شێوازو هزری ئافراندن ڕابهێنێت. دەبێت بۆیان ڕوونبکرێتەوە ئەو ئامێرو تەکنەلۆژی و ئەلەکترۆنەی ئەمڕۆ لە بەر دەستیاندایە لە ئەنجامی هەوڵ و بیرکردنەوە و ئافراندنەوە پەیدابوون. لە سەرەتادا گشت ئەو ئامێرانە بابەتی زۆر ساکاربوون، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ مرۆڤی داهێنەر گۆڕانیان لەو بابەتانەدا کردووەو پەرەیان پێداون، تا گەیشتوونەتە ئەم ئاستە. هەر بۆیە ڕاهێنانی کاری دەستی (کاردەستی)، مەشق پێکردن و پیادەکردن، دەبێت ببێتە بەشێکی گرنگ لە بەرنامەی خوێندن. قوتابخانە دەبێت شوێنی کارکردن (وەرشە)ی تایبەت لە هەموو بوارەکاندا تێدا بێت، چ بوارەکانی بەرهەمهێنان، پیشەسازی، هونەری و تەلارسازی. هەروەها دەبێت وانەی مەشق لەو بوارانەدا بە منداڵان، وەك بەشێك لە بەرنامەی خوێندن بدرێت و ئەم بەشەی خوێندن بە هونەرکاری ناو دەبرێت.

## شەیدابوون و پەیدۆزی

شەیدابوون و پەیدۆزی (لەدووگەڕان)، لە خەسڵەتەکانی ئاگامەندییە. مرۆڤ زیندەوەرێکە شەیدای زانینە، هەردەم لەدوو نهێنییەکان دەگەڕێت، هەردەم لە هەوڵی داهێنان و پەیداکردنی بەرهەمی ماددی و هزری نوێیە. هەربۆیە، ئەم شەیدابوونەشە مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە بردووەو مێژووی ئافراندووە.

شەیدابوون، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤی ئاگامەند. هەر لەسەرەتای مێژووەوە لە ڕێگەی چیرۆك و ئەفسانەوە باس لەم خووە کراوە. مرۆڤ شەیدای زانست و نهێنییەکان بووە. لە ئەنجامی ئەم خولیاو خەسڵەتەوە شارستانی و بەرەو پێشڤەچوون پەیدابوون. پلانی فێرکاری دەبێت منداڵ ڕابێنێت لە پەیدۆزی زانستی نوێ و ئافراندنی نوێدا بێت — ئەمیش لەڕێی ئەو زانیارییانەی لە کتێبەکانی خوێندندا بۆی ئامادە دەکرێن. پلانی فێرکاری دەبێت هێندە هاوچەرخ بێت تەواوی زانستەکانی سەردەم لە بەرنامەکانی فێرکاریدا جێگەی بکاتەوە و بەشێوەیەکی ڕەوان منداڵان فێری بن.

## چێژ وەرگرتن

مرۆڤ سەرقاڵی چێژوەرگرتنە، ئافراندن و شەیدابوونیش، هەر بۆ ئەم مەبەستەیە، کە چێژ لە بەرهەمە هزری و ماددیەکانی خۆی وەربگرێت. مرۆڤ زیندەوەرێکی چێژویستە. واتە تەنها پێداویستە فیزیکییەکانی خۆی تێر ناکات، بەڵکو شەیدای چێژ وەرگرتنیشە. چێژوەرگرتنی جەستەیی و دەروونیش. پلانی فێرکاری، دەبێت ئەم خەسڵەتەی منداڵ زۆر بەهەند بگرێت، ویستی چێژوەرگرتنی جەستەیی و دەروونی منداڵ تێر بکات. چێژوەرگرتنی جەستەیی لە ڕێگەی وەرزش و مەشق و کاری دەستەوە دەبێت، چێژوەرگرتنی دەروونی لە ڕێگەی هونەرکاری و ئەدەبیاتەوە دەبێت.

ئامانجی سەرەکیش دەبێت ئەوەبێت، تا قوتابی مرۆڤێکی بە هیواو ژیاندۆستی لێ دەربچێت و بتوانێت هەستی کەسانی دیکە دەرك بکات و ڕێز لە سۆزو بۆچوونەکانیان بگرێت. کەسێك بێت چێژ لە جوانی ببینێت و لە هەوڵی جوانکردنی ژیاندا بێت بە داهێنانی هونەری، هزری، زانستی، ئەدەبی، وەرزشی و هتد.

### دیدی ڕەخنەگرانەو توانای دەرك کردن

لە گشت بوارەکانی ژیاندا، پێویستە مرۆڤ هەستی ڕەخنەیی هەبێت و توانای دەرك کردنی بابەتەکانیشی هەبێت.

مەبەست لە دیدی ڕەخنەگرانە، واتا توانای بینینی جۆری– ناوەرۆکی شتەکانی تێدا بێت. بە واتایەکی دیکە نابێت هیچ بابەتێك هەروا بە سادەیی وەربگرێت. هەروەها مەبەست لە توانای دەرك–

**کردنیش، هەبوونی توانای دەرک کردنی لایەنە جوان و نادیارەکانی هەر بابەتێکە، کە دەڵێین بابەت، مەبەست لە بابەتە هونەرییەکان، ئەدەبییەکان، هزرییەکان و زانستییەکانە.**

**بارهێنان و ڕاهێنانی منداڵ – قوتابی لەسەر پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئەم توانایانە، دەیانکاتە مرۆڤێکی خاوەن هەست، وردبین و ئاگامەند. هێزو توانای هەڵبژاردن و بڕیاردان و پەسەندکردنی تێدا گەشە دەکات.**

**ڕاهێنانی منداڵ لەسەر توانای هەڵسەنگاندن، بەراوردکردن، ڕاڤەکردن، هەڵبژاردن، بڕیاردان، ڕەخنەگرتن و پێشنیارکردن، ئامادەکردنیانە بۆ بەرپرسیارییەتی لە ئەستۆگرتن، بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنان لە داهاتوودا.**

**بێگومان، موتوربەکردنی ئەم توانایانەش (دیدی ڕەخنەگرانە) لەگەڵ سێ شێوازەکەی ئافراندن، منداڵ دەکاتە مرۆڤێکی خاوەن ویست، بڕیار، هەڵوێست و بەهرەی داهێنەرانە. لە هەمانکاتیشدا، پەرەپێدانی ئەم توانایە ڕێگەخۆشکردنە بۆ بەرهەمهێنان لە گشت بوارەکانی بەرهەمهێناندا، ئیدی ماددی، هونەری، یان هزری بێت.**

## شێوازی کاری زانستیانە و قوتابی چالاک

**ئامانجی پلانی فێرکاری تەنها فێرکردن نییە، بەڵکوو ڕاهێنانیشە بۆ ئەوەی منداڵ دەستڕەنگین و ئامادەبێت بۆ فێربوونی هونەری نوێ. هەربۆیە، گەشەپێدان و پەرەپێدانی توانای هزر و لەشی منداڵ و بەهەمەند وەرگرتنی بەهرەو بۆچوونەکانی و والاکردنی دەروازەی داهێنان و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئاییندەیەکی گەش بۆیان، چەمکی سەرەکین لە ئامانجەکانی پلانی فێرکاری.**

**کەواتە، شێوازی کارکردنی زانستییانە، گەشە بە توانای داهێنان و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتنی منداڵ دەدات. منداڵانیش هەر بە سروشت پرسن (کونچکاو – فزوولی)، یان سەرچڵ و سەرکێشن (بە واتا پۆزەتیڤەکەی). خواستی ئەزموونکردن و چێژوەرگرتن دەکەن، چونکە ئەندێشەو خەیاڵێکی فرەوان و گەشیان هەیە، تا لە ڕێگەی فێرکردنیان بە شێوازی کارکردنی زانستیانە، هزریانە، هونەریانەو بەرهەمهێنەرانەدا بخەنە گەڕ. ئەمانەش تەنها بە فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی کارکردن و تاقیکردنەوەو ئەزموونکردن دێنە دی، کە دەبێت لە ئەزموونگە (هۆڵی فرەمەبەست)، کتێبخانە، ستۆدیۆ و وەرشەی قوتابخانەدا بۆیان دابین بکرێن. لە ڕاستیدا، ڕاهێنان، مەشقکردن و پرۆڤەکردنی زانستییانە، سێ توانای زۆر گرنگ لە لای منداڵ پەرە پێدەدات و بە هۆیانەوە مرۆڤێکی بەرهەمهێن و خولقێنەری لێدەردەچێت، کە ببنە خاوەنی:–**

١. توانای ڕامان و پرسیارکردن.

٢. توانای ڕاڤەکردن (ڕاڤەکردنی ئەزموونەکانی خۆی).

٣. توانای بە دەرئەنجام گەیشتن (بتوانێت دەرئەنجامگیرییەك لە ئەزموونەکانی بکات و لە گەڵ هزرو ئەندێشەکانیدا بەراوردیان بکات و لە ئاکامدا بڕیار بدات).

بۆ ئەو مەبەستەش، دەبێت پلان و پڕۆگرامی خوێندن، چ لە فۆڕمی تێکست، واتە لە بابەتەکانی فێرکاریدا (تێکستی وانەکان) و چ بە کردەوەش (بە پراکتیزەکردن لە ئەزموونگەدا)، شێوازی کارکردنی زانستییانە فێری منداڵ بکات. ئەمەش لەو ڕووەوە، کە مێژووی مرۆڤایەتی سامانێکی پڕ لە بەرهەم و داهێنانی هونەری و زانستی بۆ جێهێشتووین. هەربۆیە، دەبێت لە ڕێگەی پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە ئەم سامانە بگەیەنینە نەوەکانی داهاتوو، لەگەڵ فەراهەمکردنی هزر و شێوازی زانستییانە و دابینکردنی پێویستییە مادییەکان، تا منداڵان بتوانن ئەم سامانە بە داهێنانی هەمەجۆر لە گشت بوارەکانی ژیانی سەردەمدا زەنگینتر بکەن.

## کار، کە خۆی لەم (٣) تەوەرەدا دەبینێتەوە:

١. مرۆڤی کارامە/ مرۆڤی کارا.

٢. تەکنەلۆژی و فەرهەنگ.

٣. فێرکردن و کار.

### ١. مرۆڤی کارامە/ مرۆڤی کارا

وەك ئاشکرایە، پیشە تەنها بۆ پەیداکردنی بژێو نییە، بەڵکو شێوازێکی مرۆڤانەیە بۆ سەلماندنی خود و پێگەیاندنی کەسایەتی و پەرەپێدانی تواناکانی داهێنانی مرۆڤیشە. کەواتە، مەشق و ڕاهێنان و فێرکردن (بە ئەزموونکردنی فێربوون) گەیاندنی ئەزموونی کارە بە نەوەکانی داهاتوو/ بە قوتابیان، بۆ ئەوەی ئەوان ئەو کارو پیشانە درێژە و پەرە پێبدەن و تێیدا بەردەوام بن، بۆ ئەوەی پڕۆسەی فێربوون و بەرهەمهێنان نەوەستێت.

لە ڕاستیدا، شائامانجی پلانی فێرکاری ئەوەیە، کە منداڵ/ قوتابی ببێتە مرۆڤێکی کارا، بەمەبەستی پێشکەوتن و بتوانێت خۆی لەگەڵ دەوروبەریدا بگونجێنێت. واتە، مرۆڤ دەبێت بتوانێت لەگەڵ تاکەکسان و لەگەڵ کۆمەڵیشدا هەڵبکات، تا سنووری مافەکانی خۆی و کەسانی دیکەش ناس بکات و ڕێزیان لێ بگرێت. هەروەها مرۆڤێك بێت، بتوانێت تواناکانی داهێنانی خۆی لەگەڵ

**خواســت و ئامانجەکانیــدا بگونجێنێــت. لــە هەمانکاتیشــدا لــە بــیری خزمــەتکردن و ســوود گەیاندنیشدابێت بە کۆمەڵ. لەو چوارچێوەیەشدا، بەم ئامانج و ئاستانە، پلانی فێرکاری دەبێت:**

- **خاڵە گەش و پۆزەتیڤەکانی فەرهەنگی جڤات، لە خۆبگرێت و فێری منداڵیان بکات.**
- **دەبێت ڕوانگەی دیدی دینی منداڵ هێندە فرەوان بکات ڕێزی گشت دینـەکانی دیکـەی لـە لا بێت و زانیاری تەواویش دەربارەیان هەبێت.**
- **دەبێت منداڵ فێربکات ڕێز لـە گشت بیروبۆچوونێك بگرێت، با ئـەو بیرو بۆچوونەش تـەواو دژی بیرو بۆچوونەکانی خۆی بێت.**
- **دەبێـت منـداڵ فێربکـات، واز لـە خۆپەرستی و خۆویستی بهێنێت و بـە گیـانی هـەرەوەزی و تەبایی ڕابهێنرێت.**
- **دەبێـت منـداڵ فێربکـات تواناکـانی تاکـە کەسـی خـۆی پـەرە پێبـدات و سـەربەخۆییانە کـار ئەنجام بدات. لە هەمانکاتیشدا لەوە سڵ نەکاتەوە کاری بەکۆمەڵیش ئەنجام بدات. واتە هـەم کەسێکی باوەڕ بەخۆو هەم کەسێکی باوەڕ بە کۆ بێت.**
- **دەبێت منداڵ ئامادە بکات، تا کەسێکی بە سوود بـە خـۆی و بـۆ جڤـات بێـت. واتـە، کەسـێك بێت زانیاری و زانستی هەبێت، تا بۆ سوودی خۆی و سوودی کۆمەڵیش بەکاریان بهێنێت.**
- **پلانی فێرکاری دەبێت، هێندە زانیاری پراکتیکی (کردارەکی) بدات بە منـداڵ، تـا بتوانێـت لـە ئاییندەدا کەسێکی بەرهـەمهێن بێـت، تـا بتوانێـت پێداویسـتییە تایبەتییـەکانی خـۆی دابین بکات و لە ئەنجامی بەرهەمەکەشییەوە سوود بە جڤاتەکەی بگەیەنێت.**
- **دەبێـت هێنـدە، زانیـاری مێـژوویی و فەرهـەنگی بداتـە منـداڵ، تـا بتوانێـت ڕاڤـەی کێشـەو ناکۆکییەکانی نێو مێژووی نەتەوەو نێونەتەوەیی بکات و تێیان بگات.**
- **دەبێت هێندە زانین بداتە منداڵ، کە بتوانێت لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییـەکان بگـات و دەرکیـان بکات، تێڕوانین و دیدی تایبەتی خۆیشی لە هەمبەریاندا هەبێت.**
- **دەبێـت هێنـدە، زانیـاری سـەردەمیانە بداتـە منـداڵ، کـە بتوانێـت لـە داهێنانـە نوێیـەکان و لێکۆڵینـەوە زانسـتییە هاوچـەرخەکان بگـات و باوەڕیـان پێبهێنێـت و لێکۆڵینـەوەو داهێنـانی تەکنەلۆژی بە هەند بگرێت و ڕێز لە هەوڵی زانایان بگرێت.**
- **دەبێـت ئاسـۆی دنیـابینی منـداڵ لـە ڕێگـەی باسـکردن و خوێنـدنی بەرهـەمی فەرهـەنگی، ئـەدەبی، هونـەری و هـزری گـەلانی دیکـەوە، هێنـدە فـرەوان بکـات، تـا منـداڵ بتوانێـت لـە**

فەرهەنگی گەلان و نەتەوەکانی دیکە تێبگات و بەهەندیان بگرێت و ڕێز لە شێوازی بیرکردنەوەی خەڵکانی دیکەش بگرێت.

- دەبێت، هێندە زانیاری دەربارەی فەرهەنگی خۆماڵی و بەرهەمهێنان، مۆسیقا و ئەدەب، هزرو دنیابینی و قۆناخە مێژوویەکانی نەتەوە هەبێت، کە بە نیشاندانی ڕاستەوخۆ لە کتێبەکاندا، یان لە ڕێگەی مۆزەخانەوە، یان وێنەو کۆپی ئەو میراتە مێژوویانە بداتە منداڵ، تا منداڵ بە گیان و هزری نەتەوەیی ئاشنا بکات.
- دەبێت منداڵ فێربکات لێبوردەبێت. لە هەمانکاتیشدا دەرئەنجامی دۆڕاندن بە گیانێکی وەرزشمەندانە بسەلمێنێت، بەڵام هەردەم لە هەوڵی هەستانەوەو سەرکەوتنیشدا بێت.
- دەبێت منداڵ فێربکات، سروشتی خۆشبوێت و ڕێزی بگرێت. لە هەمانکاتیشدا سەرچاوە سروشتییەکان بە شێوەیەکی ژیرانە بۆ ئاسوودەیی و خزمەتی خۆی و جڤات بەکاربهێنێت.

## ٢. تەکنەلۆژی و فەرهەنگ

تەکنەلۆژی، بریتییە لە هەموو ئەو دەستگەو هۆکارانەی مرۆڤ، کە لە گشت بوارەکانی بەرهەمهێنانی ماتریاڵ، کشتوکاڵ، پیشەسازی، دەرمانسازی، گەشتوگوزار بە هەموو جۆرەکانییەوە، تەنانەت لە زۆر بواری هونەریشدا، بەکاریان دێنێت، تا ژیان ئاسانتر و خۆشگوزەرانتر بکات! یان دەکرێ بڵێین، تەکنەلۆژی، ئەو پشکنین و لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانەی وا لە پشتییەوە، هەم شارستانیانەیە و هەم مرۆییانە، یان بەهرەمەندانەو شارستانییانەیە، چونکە دەکرێت بەهۆیانەوە، ژیان ئاسانترو خۆشتر ببێت، تا مرۆڤ کەمتر زەحمەت بکێشێت و بێ ئازارو بێ نەخۆشی بێت. هەروەها خۆراک، پۆشاک و پێداویستییەکانی دیکە زۆرتر و ئاسانتر بەرهەمبهێنێت و کاتی زۆرتری هەبێت، تا بۆ بوارە هونەری و فەرهەنگییەکانی دیکەی تەرخان بکات. کەواتە ئەو کارانەی خۆشی بە ژیان دەبەخشن و مرۆڤ چێژیان لێدەبینێت بەهرەمەندانەیە، چونکە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژی، هاوئاهەنگی نێوان بیر و لەش بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانە.

مێژووی تەکنەلۆژی مێژووی داهێنان و دۆزینەوەی ئامێری نوێیە لە گشت بوارەکانی بەرهەمهێناندا، هەر لە چاک کردن و باشترکردنی توخمی ئاژەڵ، پەلەوەر، زۆرکردنی تۆ و جۆری دانەوێڵە، میوە و سەوزە، داهێنانی چەرخ، ماتۆڕ، ئۆتۆمبیل، شەمەندەفەر، کەشتی و پاپۆڕ، فڕۆکە، بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆو بازرگانی، دۆزینەوەی دەرمان و شێوازی چارەسەرکردنی نەخۆشی و

نەشتەرگەری، داهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندیگرتن. بێگومان، ئەم خەرمانەی تەکنەلۆژیش بەرهەمی ڕەنجی بیرکردنەوەی گشت ژنان و پیاوانی مرۆڤایەتی بوون بە هەموو جۆرە پیشەکانیانەوە، چ پیشەی دەستی (ئەوانەی بەرهەمی ماددی بەرهەم دێنن) و چ پیشەی هۆشەکی (ئەوانەی بەرهەمی زانستی، هونەری و هزری بەرهەم دێنن).

## سوودەکانی تەکنەلۆژی

١. تەکنەلۆژی ڕۆڵی گرنگ و مێژوویی لە گەشەسەندن و پووکانەوەی گەلان و ژیاردا بینیوە.

٢. پەیوەندی و تەرازووی هێزی کاری جڤاتی ‹‹سەرمایەدار و کرێکار›› دیاری کردووە.

٣. ڕادەی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی گەلان و وڵاتانی ‹‹پێشکەوتوو – دواکەوتوو›› دیاری کردووە.

دەبینین بوونی تەکنەلۆژی، کاریگەری سروشتی لەسەر مرۆڤ کەم کردۆتەوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆریش ڕۆڵی لە پیسکردن و تێکدانی سروشتدا گێڕاوە. هەروەها پرسی مۆڕاڵی/ ڕەوشتیشی لە لای مرۆڤ دروستکردووە. بۆ نموونە تەکنەلۆژیی جینکاری.

سەرەڕای گشت لایەنە پۆزەتیڤەکانی تەکنەلۆژی، لایەنی نێگەتیڤیشی هەیە، چ بۆ گەلان و وڵاتان – داهێنانی چەکی وێرانکەر و کۆمەڵکوژە– چ بۆ سەر ئازادی تاکەکەسیش. بۆ نموونە کۆنترۆڵکردن و خستنە ژێر چاودێری هەڵسوکەوتی تاکە کەسەوە، کۆنترۆڵکردنی تەلەفۆن و ئیمەیل، کۆکردنەوەی زانیاری و داتای ورد و هەستیار لەسەر تاکەکانی ناو جڤات.

لەگەڵ بەرەو پێشچوونەکانی ژیاندا، دەبینین ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤ بە ڕادەیەك پابەندی تەکنەلۆژییە، گەر بە شێوەیەکی ژیرانە تەکنەلۆژی بەکارنەهێنرێت و کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا داهاتووی مرۆڤ و سروشتیش لە مەترسیدان. ئەمە جگە لەوەی، کە ژیانی ئەم سەردەمەی مرۆڤ تەواو پابەندی تەکنیك و ئامێرە. بۆ نموونە کۆمپیوتەر، مۆبایل، تەلەڤزیۆن، سەتەلایت و فڕۆکە. بۆیە زۆر گرنگە منداڵان، لە ڕێگەی بەرنامەکانی فێرکاری، زانیاری و فەرهەنگی تەکنەلۆژییان فێربکرێت، تا بتوانن بە سوود وەرگرتنی پۆزەتیڤانە لە تەکنیك، خۆیان لە جڤاتەکەیان و گشت مرۆڤایەتی ئاسوودە بکەن و سروشت و زیندەوەرەکانی دیکەش لە مەترسی لەناوچوون بپارێزن.

## ٣. فێرکردن و کار

پلانی فێرکاری، گەر لەسەر بنەمای زانستیانی و فەرهەنگییانە بەرنامەکانی داڕێژرابێت و کار بکات، ئەوا بێگومان دەرئەنجامێکی پۆزەتیڤی دەبێت، کە ئەویش فێرکردنێکی باش و بەکەڵکە. هەروەها گەر منداڵ لە سیستەمێکی فێرکاری هاوچەرخ و زانستیانەدا ڕاهێنان و مەشقی پێبکرێت، ئەوا بێگومان لە ئاییندەدا توانایەکی داهێنەرانەی لە کار و کارکردندا دەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەی زانستی و بەدواداچوون پیشانی داوە منداڵان ئاشنای ئەو کارو پیشانە دەبن، کە لە سەرەتای قۆناخی فێرکردندا مەشق و پیادەی دەکەن.

لە کۆتاییدا، مامۆستای بەڕێز... هەنگاونان بۆ ناسینی منداڵ لەم قۆناخەدا پێویستی بە لێوردبوونەوە لە ڕەفتارەکانیدا هەیە، بۆیە پێویستە ڕەفتاری قوتابییەکان فەرامۆش نەکەیت و بتوانیت خۆتیان لەگەڵ بگونجێنیت، چونکە لەم تەمەنەدا منداڵ هەوڵدەدات ڕاستییەکان، وەك خۆی ببینێت. واتە زیاتر پشت بە چاوی دەبەستێت (هەستی بینین)، وەك لە هەستەکانی تر.

## گەشەی هونەری منداڵ لەم قۆناخەدا (٩ بۆ ١١) ساڵ

بۆ تێگەیشتن لە هونەری منداڵ پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ پۆلێنکردنە بەناوبانگەکەی زانای سویسری (ڤیکتۆر لۆنفیلد)، کە تیایدا گەشەی توانای وێنەکێشان لای منداڵ دابەش دەکات بۆ حەوت قۆناخ و ئەو قۆناخانەش بە پێی تەمەنی منداڵ دابەش دەکات. لەو ڕووەشەوە گەشەی لەشەکی و هزری، کاریگەری دەبێت لەسەر کارە هونەرییە بەرهەم هاتووەکەو بەپێی تەمەنەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تا گەورەتربێت، وێنەکانی جوانترو باشتر دەبێ. هەروەها ناسینەوەی هێمای ناو وێنەکانیش ساناترو ڕوونتر دەبێت بۆ بینەر.

## قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیکتۆر لۆنفیلد):

١- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هێڵکاری: لە تەمەنی دووای بوون تا ٢ ساڵی.

٢- قۆناخی هێڵکاری: لە تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵی.

٣- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هەستکردن بەشێوەکان: لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی.

٤- قۆناخی هەستکردن بە شێوەکان: لە تەمەنی (٧ بۆ ٩) ساڵی.

٥- قۆناخی هەوڵدان بۆ گوزارشت لە ڕاستی: لە تەمەنی (٩ بۆ ١١) ساڵی.

٦- قۆناخی گوزارشت له ڕاستی: له تەمەنی (١١ بۆ ١٣) ساڵی.
٧- قۆناخی باڵق (هەرزەکاری): له تەمەنی (١٣ بۆ ١٨) ساڵی.

شایانی باسه لەم هەنگاوەی ئێستادا، تەنها خاڵی پێنجەم هەڵدەبژێرین، کە پەیوەسته بە منداڵی تەمەن (٩ بۆ ١١) ساڵ. لەسەر جۆری چالاکی و شێوازی جێبەجێکردنیان دەوەستین و لەگەڵ حەزو ویستی منداڵەکان هەنگاو دەنێین و تۆی مامۆستاش پێویسته ڕەچاوی هەستیاری تەمەنی ئەم قۆناخەی منداڵ بکەیت و هەڵپە نەکەیت لەکاتی جێبەجێکردنی وانه کردارییەکاندا.
بۆ ئەو مەبەستەش، سەرەتا زانیاری پەروەردەیی پێویست بۆ ئەم قۆناخە دەخەینە بەرچاوی مامۆستای وانەی هونەر، کە بریتییه له هەوڵدان بۆ گوزارشتکردن له ڕاستی منداڵی تەمەن (٩ بۆ ١١) ساڵ:

## قۆناخی هەوڵدان بۆ گوزارشتکردن له ڕاستی، ٩ ساڵ تا ١١ ساڵ

لەم قۆتاغەدا وەرچەرخان له شێوازی خودی بۆ ڕێڕەوی بابەتی ڕوودەدات. واته ئەم قۆناخه دادەنرێت بە گۆڕانێکی گرنگ له ژیانی منداڵدا بەگواستنەوە له ڕێڕەوی خودی، چونکه پشتی بەو زانیاریانه بەستووه، کە دەیزانی، دواتر گۆڕا بۆ ڕێڕەوێکی بابەتی، کە پشتی بە ڕاستی شته بەرجەسته بینراوەکان دەبەست. له ڕاستیدا، نهێنی ئەم وەرچەرخانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەشه بەرفرەوانەی منداڵ، کە دەیکات له هەموو لایەنەکانی ژیانیدا. واته، گۆڕان له جەستەو ئەندامەکانی تری، وەك له مێشکیدا ڕوودەدات، بۆیه منداڵ هەست بە تەنیایی و تاکه کەسی خۆی و تایبەتمەندی ڕەگەزی دەکات. واته منداڵ لەم قۆناخەدا هەست بە دەوروبەری دەکات و دەرك بە سیماو شێوە جیاوازە بینراوەکانی دەرەوەی دەوروبەری خۆی دەکات. کەواته منداڵ هەست پێکردنێکی بابەتیانه بە شتەکان دەکات. لێرەدا گەلێك تایبەتمەندیی ڕابردووی ونەکات و زیاتر پشت بە چاوەکانی دەبەستێ، نەك بە هەزرو هەستی، بۆیه هەوڵدەدات ڕاستییەکان وێنا بکات و گوزارشتیان لێبکات. بۆنموونه ئەگەر له وێنەکەیدا وێنەی گەنجێك بکێشێ چالاکی ئەنجام دەدات، وەك گەنجێك پیشانی دەدات، بەڵام ئەگەر وێنەی پیرێك بکێشێت، ئەوا قژی سپی دەکات و وەك پیر دەیچەمێنێتەوەو گۆچان بۆ دەستەکانی دروست دەکات و ڕەنگەکان، وەك خۆی بەکاردەهێنێ. بۆ نموونه ڕەنگی شین بۆ ئاسمان و ڕەنگی سەوز بۆ گژو گیاو درەخت. لەکۆی هەموو ئەم قسانه

دەتوانین بڵێین، کە ڕاستییە بینراوەکان ڕێگەی تازەو ڕێڕەوی نوێیە، کە منداڵ پشتی پێ دەبەستێ لە گوزارشتە هونەریەکانیدا.

## هەڵوێستی مامۆستا

بێگومان ئەگەر ئەوە شێوازی منداڵ و ڕێڕەوی منداڵ بێت لە هونەردا، دەبێت ڕێزی لێبگیرین و لە هەمانکاتیشدا، لەسەرمان پێویستە ڕێنمایی ئەوتۆیان بکەین، کە تاموچێژ لە پەیوەندی باش وەربگرن لە نێوان کارەکە و سروشتدا. هەروەها پێویست دەکات بەرە و تۆمارکردنێکی ئامێری نەچن و چالاکی ڕۆشنبیری خۆیی منداڵ زۆر بکرێت بەڕێگەی بابەتی دەوڵەمەند و ڕوونکردنەوەی جیاوازییە تایبەتییەکانەوە، بە تایبەت لە ڕووی ڕەگەزیەوە. هەروەها گەشەپێدانی گیانی هاوکاری لە نێوانیاندا پەرە پێبدرێت لە ڕێگەی کاری هاوبەش و هەرەوەزی بەکۆمەڵ و پرۆژەی بەکۆمەڵ. هەروەها پێویستە ئەوە بزانین، کە چاوکردنەوەی منداڵان بەکاری هونەری وایان لێدەکات تێبگەن، کە هونەر دەربڕینە لەڕاستی، نەك تۆمارکردنی ڕاستیەکان، وەك خۆیان (کۆپی بکرێت).

## خشتەی پلانی مامۆستا

## دوو خشتە بۆ مامۆستا خراوەتە ڕوو:

**لە خشتەی یەکەمدا:** خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە هەیە، کە مامۆستا سەرەتا تەوەرەکان دابەش دەکات و کاتی دەستپێکردن و کاتی کۆتایی هاتنی تەوەرەکان دیاریدەکات، تا بەرچاوی ڕوونبێت، کە لە ساڵەکەدا چۆن تەوەرەکان لە وەرزەکانی خوێندندا تەواو دەکات؟

**لە خشتەی دووەمدا:** خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە هەیە، کە مامۆستا تەوەرەکان، ئنجا وانەکان دیاری دەکات و کاتی دەستپێکردن و بابەتەکانیش دەردەخات، تا بزانێت ئامانجی فێرکاری و هۆکارەکانی فێرکاری چۆن لەکاتی وانەگوتنەوەدا دەخاتە ڕوو. هەروەها لە کۆتایی هەروانەیەکیشدا خشتەی هەڵسەنگاندن هەیەو مامۆستای وابەستە بە هەڵسەنگاندن کردووە، تا ئاستی فێرکاری و زانیاری قوتابییەکان دیاری بکات.

لەم دوو خشتەیەدا پلانێک بۆ بەرچاوڕوونی مامۆستا دەردەخات و ئاگاداری دەکاتەوە، کە وابەستەی پلانی بۆداڕێژراوبێت، مەرجیش نییە کت و مت پلانەکە، وەک خۆی لە کات و ساتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام گرنگە مامۆستا بزانێت، چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ کەی تەواوی دەکات؟ ئەوەش مەبەستی سەرەکی خشتەکانە و دەبێت مامۆستا ڕەچاوی بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستای وانەکە ڕەچاوی پشووەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکات، کە ساڵانە ڕادەگەیەنرێت، یان پشوویێکی لەناکاو دێتەپێش بەهۆی ڕووداوی ڕووداوێکی نەخوازراوەوە. جا لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر ڕەچاوی هەرگۆڕانکارییەک بکات لەکاتی جێبەجێکردنی پلانەکەیدا، تا بزانێت چۆن ئەم وانەیە قەرەبوو دەکاتەوە.

# خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە

پۆل:　　　　　　　　　　　　وەرزی خوێندن:

| تەوەرەکان | کاتی دەستپێکردن | کاتی کۆتایی | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

سەرنج:

مامۆستای وانە:

# خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە

تەوەر: وەرزی خوێندن:

وانەی:

| سەرنج | هەڵسەنگاندن | سەرچاوەی فێرکاری | ئامانجی فێرکاری | بابەت | کاتی دەستپێکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

مامۆستای وانە:

# تەوەری یەکەم



## دەربڕینخوازی Expressionism

لەم تەوەرەدا جەخت لەسەر گەشەپێدانی توانا هونەری و کارامەیی و داهێنەرەکانی قوتابی کراوەتەوەو ئەمەش لەڕێگەی ڕاهێنان و ڕاهێزانی هەستەکانی بینین و دەستلێدانەوە گەشەی پێدراوە، بەتایبەت پێشخستنی ئاستی جوانناسی و بەرزکردنەوەی توانای چێژبینین لەو کەرەستەو شمەکانەی لەدەوروبەریدان هەن، جا لەڕێگەی ڕەنگەکانی ناو سروشتەوەبێت، یان لەڕێگەی ژینگەی دەوروبەردا. واتە ئامانجی ئەم تەوەرە بریتییە لە ڕاهێنان و ڕاهێزان لەسەر بەکارهێنانی کەرەستەو شمەکی زیاترو ئاست بەرزتر، بەمەبەستی دەربڕین لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت، تا ئەنجامێکی باش و گونجاوو بەرجەستە بەدەستبهێنێت، کەلەگەڵ سروشتی کەرەستەکاندا بێتەوە.



ئەم تەوەرە کۆمەڵێك وانەو چالاکی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، کە توانای بەدەستهێنانی ئامانجە تایبەتییەکانی هەیە، ئەمەش زیاتر چاو خراوەتە سەر ڕەنگە سەرەکی و مامناوەندییەکانەوە. هەروەها جەخت لەسەر شێوازی تێکەڵکردن و گرتنەوەو دروستکردنی ڕەنگی تازەو نوێیە، بەمەبەستی دەربڕینکردن لەو سروشت و ژینگەیەی تێیدا دەژیت. هەروەها قوتابی لە ڕێگەی ئەم وانەیەوە دەگاتە ئاستبەرزی لە تێگەیشتن لە ڕووگەی شتەکان. واتە ڕووگە زبرو بەرزو لوسەکان لێکجیا دەکاتەوە، بۆیە مەرج نییە تەنها هەر ڕەنگی شل بەکاربهێنێت، بۆیە بۆ جارێکی تر دەتوانێت هانا بۆ ڕەنگی پاستیل بەرێتەوەو ئەم شێوە ڕووگانەی مەبەستییەتی دەریان ببڕێت.



لەهەمانكاتیشدا قوتابی دەتوانێت چێژ لەو نیگارو شێوە هونەرییانە وەربگرێت و ئاستی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی هونەری خۆی پێ گەشەپێبدات و لە هەمانكاتیشدا بەشداری پێشەنگە ناوخۆیی و دەرەكییەكانیش بكات، تا لەگەڵ بەرزكردنەوەی ئاستی دەربڕینخوازییەكەی لەڕێگەی بەكارهێنانی زانستی زانیاری و پەیوەندییەكان و هەموو ئەو كەرەستەو شمەكانەی نوێن لە بواری بەكارهێناندا و جارێكی تر بەكاریان بهێنێتەوە لە كارە هونەرییەكانیدا.



## پێشبینی دەكرێت دوای خوێندنی ئەم تەوەرە قوتابییەكان ئەوانە فێربن:

- ئاشنای ڕەنگە سەرەكی و مامناوەندییەكان بن.
- ڕەنگە سەرەكی و مامناوەندییەكان لە نیگاركێشانی سروشتدا بەكاربهێنن.
- بە ئازادی بابەتەكانی سروشت و خەیاڵ تێكەڵ بكەن و گرنگی پێبدەن، وەك (گەشتی قوتابخانە، زیانەكانی جگەرەكێشان، جەژنەكان، گوڵفرۆش، بازاڕی میوەفرۆشان، فێستیڤاڵی وەرزشی، یان هەرشتێك ببێتە جێگەی تێڕامان).
- ڕەچاوی پاكوخاوێنی و شێوازی ڕێكخستن بكەن.
- هاوكاری یەكتر بكەن لەكاتی كاردا.






# وانەی یەکەم

**تەوەر: دەربڕینخوازی.**

**وانە: ڕەنگە سەرەکی و مامناوەندییەکان.**

**بابەت: ڕەنگکاری.**

**بەشە وانە: ٢ وانە (مامۆستا دەتوانێت بەپێی ویستی داواکراو وانەکە درێژە پێ بدات).**

---

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

قوتابییەکان ڕەنگە سەرەکی و مامناوەندییەکان دەناسن.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابییەکان نیگاری بابەتەکان دەکێشن لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕەنگە سەرەکی و مامناوەندییەکانەوە.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابییەکان هەستی بەرپرسیارییەتیان زیاد دەکات بۆ پاراستنی ژینگە.

## فێرکردنی پێشوەخت

مامۆستا کۆمەڵێك ڕەنگ دەخاتە بەرچاوی قوتابییەکان، تا بەکاری بهێنێت و لە بەردەمیاندا ڕەنگەکان تێکەڵ بکات و ڕەنگە تازەکانیان پێ ئاشنا بکات. مامۆستا لە پۆلی چوارەمیشدا هەمان کاری ئەنجامداوە لەبەردەم قوتابییەکانیدا، بەڵام ئێستا قوتابییەکان باشتر تێدەگەن و ئاستی لەشەکی و عەقڵیان چاکتر گەشەی کردووە. لەبەر ئەوە نەرمتر ڕەفتار بکەو پەلە مەکە لەکاتی جێبەجێکردندا، چونکە ئێستا قوتابییەکان دەیانەوێت باشتر لە نهێنییەکە تێبگەن.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

پێویستە مامۆستا گرنگی ڕەنگ لە ژیانی ڕۆژانەماندا بۆ قوتابییەکان شیبکاتەوە، ئەوەش ڕوون بکاتەوە، کە هەموو ئەو زیندەوەرو نازیندەوەرانەی لەناو سروشت و ژینگەدان لە ڕێگەی

ڕەنگەکانییانەوە لێکجیادەکرێنەوە. لە ڕێگەی هەستی بینینەوە ڕەنگ وەردەگرین بەهۆی ئەو تیشکەی بەرچاومان دەکەوێت و لەسەر لاشەکە ڕەنگ دەداتەوەو ئەمەش نهێنی ژیانە لە ناو سروشتدا. ئەوەی بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە، کە هەموو ڕەنگەکان لە سروشتدا هەن و مرۆڤیش لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریان دەهێنێت. ئێستا زانستی تەکنەلۆجیا زۆرپێشکەوتووەو (ئامێر و دەزگا) هەیە بە پێی ویستی خۆت ڕەنگەکانت بۆ دەگرێتەوە، بێ ئەوەی دەستی لێبدەیت.








ڕەنگ یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کاری هونەری، هەرلەبەر ئەوەشە پێویستە مامۆستا گرنگی زۆر بە ڕەنگ بدات و زانیاری زۆرو دروست لەبارەیەوە بە قوتابییەکانی بدات، تا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لە کارە هونەرییەکانیدا بەکاریانبهێنێت و دەربڕینی پێ لە هەست و نەستی بکات و هەستێکی خۆش لە دڵ و دەروونیدا دروست بکات و لە کۆتاییشدا هەست بە ئارامی و دڵنەوایی دەکات.

لە بنەڕەتدا ئێمە سێ ڕەنگی سەرەکیمان هەیە (سوور، زەرد، شین)

لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ئەم سێ ڕەنگەوە لەگەڵ یەکتری ڕەنگی نوێ و تازەمان بۆ دروست دەبێت.








## بڕگەی بەسەربردنی کاتێکی خۆش

هەوڵبدە قوتابییەکان فێربکەیت لەڕێگەی ووروژاندن بەهۆی ئامادەکردن و پیشاندانی چەند کلێشەیەکی بەرجەستەو هەندێك کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ و گوڵەوەبێت. هەروەها هەر شمەکێك، کە خۆت بەلاتەوە سەرنج ڕاکێش و گرنگ و بەسوودە بۆ وانەکە.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**ڕەنگ:** چاوەکانمان هەستی پێدەکات لەڕێگەی ئەوتیشکەی لە جەستەکەوە دەگاتە چاومان، سەرەتا جەستەکە تیشکە بەرکەوتووەکە وەردەگرێت و پاشان ڕەنگەکەی دەداتەوە.

**ڕەنگە بنەڕەتییەکان:** بریتییە لە سێ ڕەنگی سەرەکی، وەك (سوور، شین، زەرد). هەروەها ئەم سێ ڕەنگانە ناتوانین دروستیان بکەین لە ڕەنگەکانی تر.

**ڕەنگە مامناوەندییەکان:** بریتییە لەو ڕەنگەی لەڕێگەی تێکەڵکردنی دوو ڕەنگی سەرەکی دروست دەبێت.

مامۆستای بەڕێز، بیرت نەچێت لە پۆلی چوارەمدا زانیاری ورد لەبارەی ڕەنگەکان خراوەتە ڕوو بۆ مامۆستاو هەروەها بۆ قوتابییش. کەواتە پێویستە ئەمساڵ زانیارییەکانت وردتربێت و باشتر لەسەر بابەتەکە بوەستیت، چونکە قوتابی بە زانیاری سەرچاڵە تێرناخوات و پێویستی بە لەسەر وەستان و وردەکاری زۆرتر هەیە، تا لە بواری کردارەکیدا جێبەجێیان بکات و بگاتە ئەو ئامانجەی مەبەستییەتی.

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** ئاڕاستەکردنی پرسیار لە ڕێگەی وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆوە.

**مامۆستا هەندێك پرسیار ئاڕاستەی قوتابییەکان دەکات، بۆنموونە:**

- ڕەنگە بنەڕەتییەکان بژمێرە.
- بۆچی بەم ڕەنگانە دەڵێین ڕەنگی بنەڕەتی، یان سەرەکی؟
- ڕەنگە مامناوەندییەکان بژمێرە. بۆچی پێیان دەگوترێت ڕەنگی مامناوەندی؟
- جیاوازی چییە لەنێوان ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکاندا؟

پێویستە مامۆستا وێنەی ڕوونکاری نمایش بکات، وەك: دیمەنی سروشتی، یان شێوە ئەندازەییەکان، یان تابلۆی دەربڕینخوازی، یان هەرشتێك، کە مامۆستا لای پەسەندە.

## سەرچاوە فێرکارییەکان

- کەرەستەو شمەکەخاوەکان: ڕەنگی پاستیل، ڕەنگی ئاوی بە هەموو جۆرەکانییەوە، قەڵەم ڕەساس، دەفتەری وێنەکێشان، کارتۆن، فایل.
- هۆکارەکانی ڕوونکاری: ژینگەی دەوروبەر، وێنەو دیمەنی جۆراوجۆر، نمایشکردنی فیلمی دیکۆمێنتاری، کۆمپیوتەر، داتاشۆ.

## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

**چالاکی**

**کارامەیی:** نیگارکێشان لە سروشتدا، یان نیگارکێشانی ژینگەی دەوروبەر.

قوتابییەکان نیگاری ژینگەی دەوروبەریان دەکێشن بەو شێوەیەی خۆیان مەبەستییانە. واتە شێوازی دەربڕینخوازی بەکاردەهێنن و ڕەنگ و شێوە لێکدەبەستن و پێکهاتەیەکی هونەری جوان دەردەخەن. ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕەنگە بنەڕەتییەکان و دواتر لەڕێگەی لەسەریەکدانان و تێکەڵکردنی ڕەنگە سەرەکییەکان ڕەنگە مامناوەندییەکانیش وردە دەردەکەون و تابلۆکە جوانترو ڕازاوەتر دەردەخەن.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** تێبینی و سەرنجدان

**ئامرازی جێبەجێکردن:** خشتەی چاودێری.

**ئەنجامی فێرکاری:** ناسینی ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان و تێکەڵکردنیان لەگەڵ یەکتر.

| ژمارە | ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن لەڕێگەی تێبینیکردنەوە | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕەنگە بنەڕەتییەکان دەژمێرێت. | | |
| ٢ | ڕەنگە مامناوەندییەکان دەژمێرێت. | | |
| ٣ | دەتوانێت ڕەنگی مامناوەندی دروستبکات لەڕێگەی تێکەڵکردنی دوو ڕەنگی بنەڕەتی. | | |
| ٤ | بە شێوەیەکی گونجاو شێوەو ڕەنگەکان لەسەرکاغەزەکە دابەش دەکات. | | |
| ٥ | شێوەکان بەباشی ڕەنگ دەکات. | | |
| ٦ | وردبینە لە دانانی ڕەنگەکاندا. | | |
| ٧ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی و ڕێکخستن دەکات لەکاتی نیگارکێشاندا. | | |

## ئەنجامدانی چالاکی بە مەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:** داوا لە قوتابییەکان بکە، تا کەرەستەی خاو لە ژینگەی دەوروبەریان، یان لە باخچەی قوتابخانەکەدا کۆبکەنەوەو دواتر نیگاری بکێشن لە تابلۆیەکی دەربڕینخوازیدا، ئەمەش بە بەکارهێنانی ڕەنگەکانی ڕابردوو.

**چالاکی بەمەبەستی چارەکردن:** قوتابییەکان نیگارێك دەکێشن بە ئازادی و گوزارشت لە هەست و نەستیان دەکەن بە بەکارهێنانی ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان. هەروەها ناو لەوشتانەش دەنێن، کە بە ڕەنگی بنەڕەتی و مامناوەندی ڕەنگکراوە، بۆنموونە: ئەو جلوبەرگەی پۆشیویانە، باخچەی قوتابخانە...









هونەرمەندی کورد (سلێمان شاکر) لە ساڵی (١٩٣٧) لە گوێر – هەولێر لەدایکبووە. لە ساڵی (١٩٥٧) پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی لە شاری بەغدا تەواوکردووە. بەشداری لە چەندین پێشانگە لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان کردووە. تابلۆکانی سروشیان لە سروشتی کوردستان وەرگرتووە. تابلۆکانی بە چەندین وڵاتی ئەوروپاییدا بڵاوبونەوە. خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لە نیگارکێشاندا پشت بە دیمەنەکانی کوردستان دەبەستێت.











هونەرمەندی کورد (دڵشاد ئیبراهیم) لە ساڵی (١٩٨٣) لە شاری هەولێر لەدایکبووە. دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێرە بەشی نیگارکێشان. لە نیگارکێشاندا پشت بە دیمەنە سروشتییەکان دەبەستێت و ڕەنگە گەرمەکان دەخزێنێتە ناو ڕەنگە ساردەکانەوە. ڕەنگی پاك دادەنێت و هەوڵدەدات پارێزگاری لە ڕەنگە مامناوەندییەکان بکات. خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لە نیگارکێشانداو بەشداری چەندین پێشانگەی هونەری کردووە.









# وانەی دووەم

**تەوەر: دەربڕینخوازی.**

**وانە: ڕەنگە سەرەکی و مامناوەندییەکان.**

**بابەت: پۆلێنکردنی ڕەنگەکان.**

**بەشە وانە: ٢ وانە (مامۆستا دەتوانێت بەپێی ویستی داواکراو وانەکە درێژە پێ بدات).**

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

**ناسین و ئاشنابوونی قوتابی بە پۆلێنکردنی ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان لە سروشتدا.**

### سوودە کارامەییەکان

**قوتابی وێنەی سروشت دەکێشێت بە بەکارهێنانی ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان.**

### سوودە ویژدانییەکان

**ئاستی جوانناسی و هونەری لە ڕێگەی وانەکەوە لە ناخی قوتابییەکاندا گەشە دەکات.**

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

**مامۆستا هەندێك پرسیار ئاڕاستەی قوتابییەکان دەکات بەم شێوەیە:**

- **ڕەنگی ڕۆژ لە کاتی ئاوابووندا چۆنە؟ ڕەنگی بنەڕەتی و مامناوەندی کامەیە؟**
- **ڕەنگی گەڵای درەخت لە وەرزی بەهاردا چۆنە؟ ئایا ڕەنگی بنەڕەتییە، یان مامناوەندی؟**





## بڕگەی خۆئامادەکردن

بێگومان، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە پێویستە مامۆستا ژینگەی سروشتی دەوروبەرەکە بە قوتابییەکان بناسێنێت و لە هەمانکاتیشدا دەستنیشانی ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان بکات، بە تایبەت ئەوکاتەی قوتابییەکان لە شتەکان ڕادەمێنن. دوای تێڕامان دەبینین ڕەنگەکان تێکچڕژاون و تێکەڵ بە یەکتربوون و یەکتریان بڕیوە، لە هەمانکاتیشدا هەریەکەیان خاوەنی جوانی خۆیانن و بە



ڕەنگەکانیانەوە دەیانناسینەوە و لێکیانجیادەکەینەوە. وەك، گەڵای درەخت، دۆڵ و نشێوو شاخەکان و ئاسمان و بەری درەختەکان و ڕووبارو سەرچاوەی ئاوییەکان. واتە ئێمە ڕەنگە بنەڕەتییەکان لە ئاسمان و ڕۆژو گوڵەکاندا دەبینین، بەڵام ڕەنگە مامناوەندییەکان لە درەخت و میوەو سەوزە جۆراوجۆرەکانەوە دەبینین. بۆیە پێویستە مامۆستا سروشت دابەش بکات بۆ دوو بەرە، بەرەیەکیان ڕەنگە سەرەکی و بنەڕەتییەکانن و بەرەی دووەمیش



ڕەنگە مامناوەندییەکانن، پاشان قوتابی سەرپشك بکرێت نیگاری کامیان دەکێشێت، یان لە دەفتەری وێنەدا نموونەی هەردوو شێوەکە بکێشن.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش



مامۆستا هەندێك میوەو سەوزە ئامادە دەكات لە پۆلدا. هەروەها كۆمەڵێك وێنەی سروشتیش ئامادە دەكات و هەڵیاندەواسێت لە هۆڵی فرەمەبەست، یان لە پۆلدا. پێویستە قوتابییەكان جیاوازی بكەن لە نێوان ڕەنگی میوەو سەوزەكان و گفتوگۆی لەبارەوە بكەن، بەتایبەت ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەكان.



## یەكەی وانەكەو ناساندنی

**دیمەنی سروشتی**: بریتین لەو دیمەنانەی لە دەوروبەرماندا هەن، وەك: زەوی، ڕووبار، درەخت، ئاسمان، هەموو ئەو زیندەورانەی تێیدا دەژین.

**شێوە:** بریتییە لە پانتایی، یان پارچەیەك و لەڕێگەی هێڵەوە شێوەکەی دیاریدەکرێت. هەندێکجار شێوەکان ئەندازەیین و شێوەکەی دوو ڕووە و خاوەنی (درێژی و پانییە)، یان سێ ڕووە (درێژی و پانی و بەرزی)، یان لەوانەیە ئەندازەییش نەبێت، یان ئەندامییە.

**ناوەڕۆك، یان پێکهاتە:** بریتییە لەو بیرۆکەو پێکهاتە بیرییانەی لە خەیاڵی هونەرمەندایە، کە دەیەوێت ڕەنگی پێبداتەوە لە کارە هونەرییەکەداو هەندێك لەو بیرۆکانە بێ مەبەست دەیانکێشێت بێ ئەوەی هەستیان پێ بکات، بەڵام هەندێکی تریان خۆی هەستیان پێدەکات و حەز دەکات لە تابلۆکەیدا گرنگیان پێبدات و زەقیان بکاتەوە.

**تێکەڵکردنی ڕەنگ:** بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو ڕەنگ، یان زیاتر بەمەبەستی دەستکەوتنی ڕەنگێکی نوێ.

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** فێربوون لەڕێگەی چالاکییەوە.



لەڕێگەی ئاراستەکردنی ئەم پرسیارانەوە:

- ڕەنگە بنەڕەتییەکان بژمێرە.
- ڕەنگە مامناوەندییەکان بڵێ.
- چۆن دەتوانین ڕەنگی مامناوەندی، وەك سەوزمان چنگ بکەوێت؟
- چەند نموونەیەك لە سروشتدا بهێنەوە، کە ڕەنگە بنەڕەتییەکانی تێدابێت. هەروەها نموونەیەکی تریش بهێنەوە، کە ڕەنگی مامناوەندی تێدابێت.




مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات بچنە بەردەم پەنجەرەی پۆلەکەو لە دەرەوە بڕوانن و لە ڕوانینەکەیاندا پشت بە چاوەکانیان ببەستن، کە لەڕابردوودا لەڕێگەی گەشتی قوتابخانە، یان گەشتی پۆل بۆ ناو سروشت ئەنجامدرابوو، بۆیە ئێستاش

پێویستە هەمان ئەزموون تاقیبکەینەوە و قوتابییەکان بکەین بە چەند کۆمەڵەیەك و هەر کۆمەڵەیەکیش ئەزموونی ڕابردووی لە بەکارهێنانی ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان دووبارە بکاتەوە و پاشان دوای تەواوبوون گفتوگۆ لەبارەی کارە هونەرییەکە ئەنجام بدەن و مامۆستاش هاوکارو پشتیوان دەبێت.

مامۆستای بەڕێز... ئەم وانەیە بەبیرهێنانەوەو چەسپاندنی زانیارییەکانی پۆلی چوارەمە، تا قوتابییەکان زانیارییەکانیان بچەسپێنن و لەیادیان نەکەن و هەمیشە لە بیرو خەیاڵیاندا بمێننەوە، چونکە دەبێت قوتابییەکان ئەوەیان لا ڕوونبێت، کە مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە ڕەنگ دەبێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا.

## سەرچاوە فێرکارییەکان

- کەرەستەو پێداویستییە خاوەکان: کاغەزی نیگارکێشان، قەڵەمڕەنگی دار، ماجیك، پاستیل، ڕەنگی ئاوی.
- هۆکاری ڕوونکاری: ژینگەی دەوروبەر، نمایشکردنی وێنەی دیمەنی سروشتی، سازدانی گەشتی قوتابخانە، تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر، داتاشۆ، تابلۆی هونەرمەندان.



## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

### چالاکی

**کارامەیی**: کۆکردنەوەی وێنەو دیمەنی سروشتی و پۆلێنکردنی.

ماموٚستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، تا هەندێك وێنە و وێنەی دیمەنی سروشتی کۆبکەنەوەو پاشان پۆلێنیان بکەن بەسەر ڕەنگە بنەڕەتییەکان و ڕەنگە مامناوەندییەکاندا، پاشان گفتوگۆ لەسەر پێکهاتەو ناوەڕۆکی وێنەکان بکەن و دواتر هەندێك بیروٚکەو تێڕوانینی خۆیان بخەنەڕوو.

## هەڵسەنگاندن

ئامانج: هەڵسەنگاندن پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت.

ئامرازی جێبەجێکردن: خشتەی هەڵسەنگاندن.

ئەنجامی فێرکاری: قوتابییەکان پۆلێنی ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان بکەن و پاشان شێوەی جۆراوجۆر بەو پۆلێنکردنە بکێشن.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینیکردن لەکاتی جێبەجێکردندا | نایاب | زۆرباش | باش | پەسەند |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جیاوازی لەنێوان ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکاندا دەکات. | | | | |
| ٢ | پۆلێنی ڕەنگە بنەڕەتییەکان لە سروشتدا دەکات. | | | | |
| ٣ | پۆلێنی ڕەنگە مامناوەنییەکان لە سروشتدا دەکات. | | | | |
| ٤ | ئەم پۆلێنکارییە لە نیگارکێشاندا بەکاردەهێنێت. | | | | |
| ٥ | بە گیانێکی هەرەوەزی لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا کار دەکات. | | | | |
| ٦ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی شوێنکارەکەی دەکات. | | | | |

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن: قوتابییەکان وێنەی دەربڕینخوازی دەکێشن، کە ڕەنگی بنەڕەتی و ماناوەندی تێدابێت.

چالاکی بەمەبەستی چارەکردن: قوتابییەکان تابلۆیەکی دەربڕینخوازی دەکێشن بە سوود وەرگرتن لە سروشت و لە هەمانکاتیشدا ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان بەکاربهێنن.



هونەرمەندی کورد (محمەد عارف) لە ساڵی (١٩٣٧) لە ڕەواندز لەدایکبووە. ساڵی (١٩٥٦) پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی لە بەغدا تەواوکردووە. خوێندنی باڵای لە بواری هونەردا لە مۆسکۆو بەغدا تەواو کردووە. خاوەنی چەندین پێشانگەیە لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان و هاوتای هونەرمەندە جیهانییەکانە. بابەتی ناو تابلۆکانی سروشیان لە داستان و چیرۆك و سروشتی کوردستان وەرگرتووەو بۆنێکی کوردەواریان لێوەدێت. بۆ دواجار ئەم هونەرمەندە مەزنە لە ساڵی (٢٠٠٩) لە کوردستان کۆچی دوایی کرد.











هونەرمەندی کورد (عەبدولڕەحمان کەلحۆ) لە ساڵی (١٩٥٦) لەشاری دهۆك لە دایکبووە. ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی لە ساڵی (١٩٨٠) لە شاری بەغدا تەواوکردووە. بەشداری لە چەندین پێشانگەی تایبەت و هاوبەشدا کردووە لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا. خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆیەتی لە کارکردندا. تابلۆکانی لە کوردستان و چەند ولاتێکدا بلاوبوونەتەوە. شێوازی کاردنی بریتییە لە دانانی ڕەنگی ساردو گەرم پێکەوەو تێکچڕژانیان لە یەك ساتدا.









# وانەی سێیەم

**تەوەر: دەربڕینخوازی.**

**وانە: نیگارکێشانی دیمەنە سروشتییەکان لەکاتی گەشتی قوتابخانەدا.**

**بابەت: نیگارکێشان لەناو سروشتدا.**

**بەشە وانە: ٢ وانە (مامۆستا دەتوانێت بەپێی ویستی داواکراو وانەکە درێژە پێ بدات).**

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

**قوتابییەکان ئاشنای ڕەنگ و شێوەدەبن لەناو سروشتدا.**

### سوودە کارامەییەکان

**قوتابییەکان بۆ نیگارکێشانی شێوەو بابەتەکان سروش لە سروشت وەردەگرن.**

### سوودە ویژدانییەکان

**قوتابییەکان ڕێز لە بەهای کاری هونەری دەگرن.**

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکاری پێشوەخت

- مامۆستا لەپێش چاوی قوتابییەکان بەهاو کاریگەری ڕەنگ پیشان دەدات، بەتایبەت ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان. هەروەها لەڕێگەی ڕەنگەکانەوە واتا بۆ شتەکانی ناو سروشت دادەنێت.



- ئامادەکردنی قوتابی لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی هەندێك پرسیاری وەك:
  - ناوچەی پاشماوە دێرینەکانی کوردستان بژمێرە؟
  - پاشان هەندێك هۆکاری فێرکاری و دیمەنی پاشماوەدێرینەکان پیشانی قوتابییەکان بدەو دواتر گفتوگۆی لەسەر بکەن.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

پێویستە مامۆستا گرنگی ڕەنگ لە ژیانی ڕۆژانەماندا بۆ قوتابییەکان ڕوون بکاتەوە، هەروەك لە وانەی پێشوودا باسمان کرد، پاشان پاڵنەرێك لای قوتابییەکان دروست بکات، تا ئارەزووی نیگارکێشانیان لادروست ببێت، یان مەبەستییەتی نیگاری بکێشێت.

لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی پرسیار بۆ قوتابییەکان لەبارەی ئەو بابەتی گەشتەی سازیان کردووە، ئەوا مامۆستا تیشك دەخاتە سەر لایەنی جوانناسی بەمەبەستی دەرخستنی توانا هونەرییەکەی. ئەمەش بە پشتبەستن بە وانەکانی ڕابردوو دەبێت و چەند نموونەیەك بۆ قوتابییەکان بهێنەوە، وەك: ئاسمان شینە، دۆڵەکان سەوزن، هەروەها ڕەنگی ڕووبارو بەری درەختەکان و شاخەکان، هەتا دوایی. هەموو ئەو بابەتانە پێکەوە ببەستەوەو لە دیمەنێکی جواندا پیشانی قوتابییەکانی بدە، چونکە ئەوەشت بیرنەچێت قوتابییەکانت لەمەوپێش چەندین تابلۆی هونەرمەندانیان دیتوەو لە هەمانکاتیشدا لە ڕابردووشدا چەندین وێنەی جۆراوجۆرت پیشانداون.

بۆیە لێرەدا زۆر گرنگە قوتابی بیرو هۆشی بەکاربهێنێت بۆ نیگارکێشان و لەیادنەکردنی ئەو هەموو شێوەو دیمەنانەی لە ڕابردوودا دیتویەتی و لەگەڵ ئەوەشدا، تا تەمەنی هەڵدەکشێ بەرەو سەر، ئەوا ئاستی دەربڕینەکانی جوانترو باشتر دەبێت.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

### چالاکی ناوپۆل

مامۆستا نمایشی ئەو وێنانە دەکات، کە لەکاتی گەشتی قوتابخانەکەیاندا چرکاندویانە. قوتابییەکان چێژ لەو دیمەنانە وەردەگرن و پاشان لە ناوپۆلدا گفتوگۆ لەسەر وێنەکان دەکەن، بەتایبەت ڕەنگەکان، پلەی ڕەنگی و ناونانی ڕەنگە تازەکان.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**دیمەنە ڕاستییەکان:** ئەو شتانە دەبینین، کە بەڕاستی لەبەرچاومانن.

**تابلۆ:** پانتاییەکەو نیگاری لەسەر دەکێشرێت، یان نیگاری لەسەرکێشراوە، جا ئەم پانتاییە قوماشبێت، یان کارتۆن، یان کاغەز، یان هەرکەرەستەیەکی تر.

**باکگراوند:** بریتییە لەو شتانەی دەورەی شێوە سەرەکییەکەیان داوە لە ناو تابلۆکەداو بۆشاییەکیان پڕکردۆتەوە بە ڕەنگ و شێوەی لاوەکی، کە ئەوانە بابەتی ناو تابلۆکە دەوڵەمەند دەکەن.

## پلانی فێرکاری

**بۆ ئەوەی مامۆستا وانەکەی بەسەرکەوتوویی بڵێتەوە، پێویستە پلانی وانەگووتنەوەی ئامادەبێت:**

**پلانی وانەگووتنەوەی ڕاستەوخۆ/ پرسیارکردن و شێوازی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو ڕاڤەکردن.**

**یەکێك لە هاوڕێکان ئەم پرسیارە دەکات:**

- **کێ لە ئێوە لە گەشتی قوتابخانەدا بەشداربووە؟**
- **ئەو دیمەنەی زۆر سەرنجی ڕاکێشایت بۆم باس بکە.**
- **ئایا لە دیمەنەکاندا ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکانت بینی؟ هەندێکیان بۆ باس بکە.**

**مامۆستا هەندێك هۆکاری فێرکاری نمایش دەکات، وەك: ‹‹دیمەنە سروشتییەکان، وێنە››، لەو ڕووەشەوە، قوتابییەکان دەتوانن لەبەردەمی هاوڕێکانیاندا باس لەو دیمەنە سروشتییە بکەن، کە کێشاویانە. هەروەها باس لەو ڕەنگانەش بکات، کە بەکاری هێناوە لە کێشانەکەدا.**

**پاشان مامۆستا ئەو وێنانەی چرکاندوونی لەکاتی گەشتەکانی ڕابردوودا، کە بۆ قوتابییەکانی سازدابوو نمایش دەکات. هەروەها هەندێك پرسیار دەکات، تا بیرو هۆشی قوتابییەکان بجوڵێنێت بەمەبەستی ئەنجامدانی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەو دیمەنانە و دواتر هەڵسەنگاندنی لە ئاستێکی هونەریدا بە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەو واتایانەی لە وانەکانی ڕابردودا خوێندوییەتی. لێرەدا زۆر گرنگە مامۆستا گوێبیستی وەڵامەکانی قوتابییەکان بێت و سەرنج بداتە تێبینییەکانیان. هەموو ئەوانە بەمەبەستی دروستکردنی خەیاڵێکی ڕاستەقینەیە لە بیرکردنەوەی قوتابییەکاندا، تا بتوانن خەیاڵەکانیان بگۆڕن بۆ شتی ڕاستەقینە، ئەگەر ڕاستەقینەش نەبێت بیکەن بە وێنە لەڕێگەی نیگارکێشانەوە.**

## سەرچاوەی فێرکاری

- **کەرەستەو شمەك و پێداویستی: ڕەنگی پاستیل، قەڵەمڕەنگی دار، ڕەنگی ئاوی بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەفتەری وێنە، کاغەزی جۆراوجۆر.**
- **هۆکاری ڕوونکاری: وێنەو دیمەنی جۆراوجۆر، ژینگەو سروشتی دەوروبەری قوتابی، تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر، داتاشۆ، فیلمی دیکۆمێنتاری.**

**ئەگەر نەگونجا مەرج نییە گەشتەکە بۆ دەرەوەی شاربێت، بەڵکو مامۆستا دەتوانێت قوتابییەکان بەرێتە نزیکترین شوێنی سروشتی لە دەوروبەری قوتابخانەکە.**

## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

### چالاکی

**کارامەیی: نیگارکێشانی ئەو دیمەنە سروشتیانەی لەکاتی گەشتەکەیاندا دیتویانە.**





قوتابی ئەو دیمەنە سەرنجڕاکێشە دەکێشێت، کە بەلایەوە جێگەی تێڕامان و لێوردبونەوەیە، چونکە هەندێکجار قوتابی سەرسام دەبێت بە دیمەنێك، یان شتێك، ئەمەش بۆ قوتابی جێگەی هەڵوەستەلەسەر کردنە لەم گەشتەدا. لایەنە گرنگەکەی جێبەجێکردن بریتییە لە: دانانی ڕەنگەکان لەجێگەو شوێنی خۆی. هەروەها شێوەکان بکێشێتەوەو لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە قوتابییەکە شێوەکان لە شوێن و جێگەی خۆیدا بکێشێت و پاشان پێکیانەوە گرێبدات. واتە شوێن و کاری هەر شێوەیەك دیارو ڕوون بێت. هەروەها باکگراوندی کارەکە بە شێوە لاوەکییەکان پڕبکرێتەوە بخرێتە خزمەت کارە سەرەکییەکە، لەهەمانکاتیشدا ڕەنگی دروست و جێگیر بەکاربهێنرێت، تا بەهای جوانی تابلۆو شێوەکە بە باشی دەرکەوێت. ئەمە جگە لەوەی، کاری مامۆستا سەرپەرشتیکردنی

چالاکییەکەیە. کەواتە بۆ گەشەپێدان و بەهێزکردنی لایەنە ڕەوشتییەکان، پێویستە مامۆستا قوتابییەکان ئاگاداربکاتەوە لەوەی، کە پێویستە شوێنە مێژوویی و ناوچە گەشتیاری و سروشتییەکان بپارێزین و بە پاکوخاوێنی بیانهێڵینەوە، تا کوردستان ئاوەدان و ڕازاوەبێت. هەروەها لەکاتی کارکردنیشدا شوێنکارەکە بە پاکوخاوێنی ڕابگرین.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** تێبینیکردن.

**ئامرازی جێبەجێکردن:** خشتەی جێبەجێکردن.

**ئەنجامی فێرکاری:** نیگارکێشان بە بەکارهێنانی ڕەنگ و شێوەی سروشتی و ئەو بابەتانەی لە سروشتەوە سەرچاوەی گرتووە، بەهۆی خەیاڵکردن و بیرکردنەوە.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینیکردن لەکاتی جێبەجێکردندا | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | دەفتەری وێنەو ڕەنگی پێویست ئامادە دەکات. | | |
| ٢ | بابەتی شیاوو گونجاو هەڵدەبژێرێت بۆ جێبەجێکردن. | | |
| ٣ | شێوەکان بە هاوسەنگی بەسەر تابلۆکەدا دابەش دەدات. | | |
| ٤ | شێوەو باکگراوندەکە پێکەوەدەبەستێتەوە. | | |
| ٥ | هەموو بەشەکانی ناو وێنەکە ڕەنگ دەکات. | | |
| ٦ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی کارەکەو شوێنکارەکە دەکات. | | |
| ٧ | لە کارکردندا پشت بەخۆی دەبەستێت. | | |

### لێکبەستن و پێکگرتن:

بۆ پتەوکردنی وانەکە، مامۆستا هانا بۆ وانەی (پەروەردی هونەر) بۆ پۆلی سێیەم دەبات، بابەتی پلەی ڕەنگی. هەروەها (پەروەردەی هونەر) بۆ پۆلی چوارەم، تەوەری چوارەم (نیگارکێشان و دەربڕینی هونەری) بابەتی (ڕەنگ). ئەمەش وەك بیرهێنانەوەو باشترکردن و چەسپاندنی زانیارییەکان.

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

- **چالاکی بەمەبەستی چارەکردن: داوا لە قوتابییەکان بکە نیگارێکی باخی قوتابخانە بکێشن.**

- **چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن: ڕاسپاردنی قوتابییەکان، تا سەردانی ناوچە مێژوویی و گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکەیان بکەن و پاشان نیگاری ئەم شوێنانە بکێشنەوەو دەشتوانن سوود لەو وێنانە وەربگرن، کە لەکاتی گەشتەکەیاندا چرکاندویانە.**





# وانەی چوارەم

**تەوەر: دەربڕینخوازی.**

**وانە: ڕووگەی هونەری.**

**بابەت: ڕووگەی بەرجەستە و هەڵتۆقیوو.**

**بەشە وانە: ٢ وانە (مامۆستا دەتوانێت بەپێی ویستی داواکراو وانەکە درێژە پێ بدات).**

---

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

- قوتابی ئاشنایەتی لەگەڵ ڕووگەی بەرجەستەو هەڵتۆقیوودا دەکات.
- قوتابی بەپێی پێویست لە هەموو جۆرەکانی ڕووگەکاندا ڕەنگ بەکاردەهێنێت.

### سوودە کارامەییەکان

- قوتابی نیگاری سادەو ساکار دەکێشێت بە بەکارهێنانی ڕەنگی ئاوی و پاستیل.
- قوتابی کاری دیواربەندی ئەنجام دەدات بە بەکارهێنانی ڕەنگی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستی، تا لە بە ڕووگەی جیاواز ئاشنا بێت.

### سوودە ویژدانییەکان

- قوتابی گەشە بەکاری هاوبەش دەدات.
- قوتابی بەهای ڕەنگی بۆ دەردەکەوێت بەهۆی ڕووگە جیاوازەکانەوە.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

**فێرکاری پێشوەخت**

**مامۆستا ئەم پرسیارانە دەکات:**

- چەند نموونەیەکم لە دەوروبەرت پێ بڵێ، کە ڕووگەی زبرو نەرمیان هەبێت.
- ئایا ڕەنگ ڕووگەی جیاوازمان بۆ دەردەخات؟ بۆچی؟

## بڕگەی خۆئامادەکردن

**ڕووگە** یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی کاری هونەری و بەهای جوانی و جوانناسی بە کارەکە دەبەخشێت و دەریدەخات، ئەمەش بەهۆی فرەجۆری و فرەڕووگەییەوە شێوەکەی دەردەکەوێت لە وێنەو بابەتە هونەریە جۆراوجۆرەکاندا و لە هەمانکاتیشدا ڕەنگ کاریگەری خۆی لەسەر ڕووگەی کارەهونەریەکە بەجێدەهێڵێت، بەتایبەت ئەو کەرەستە هونەرییەی بەکارهاتووە ڕووگەی کارە هونەرییەکە دیاریدەکات. واتە لێرەدا قوتابی بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی ڕووگەکان دیاریدەکات و ئەرکی مامۆستایە، کە:

- شێوەی ڕووگەکان بە قوتابییەکان بناسێنێت، وەك:




١. ڕووگەی هەڵتۆقیوو (ڕووبەرز).
٢. ڕووگەی لوس.
٣. ڕووگەی زبر.
٤. ڕووگەی نەرم.
٥. ڕووگەی ڕەق.
٦. چەندانی تر.

- گەشە بە هەستی دەستلێدان و بینینی قوتابییەکان بدات.



هەروەها پێویستە مامۆستا ئەوە بەبیر قوتابییەکان بهێنێتەوە، کە لە پۆلەکانی رابردوودا ڕووگەیان خوێندووە. بۆ نموونە: ڕووگەی شووشە جیاوازە لە ڕووگەی تەختە. هەروەها پێویستە ئەوە بزانیت، کە قوتابییەکان، تا دەست لە شتەکان نەدەن لە مەبەستی داواکراو تێناگەن.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

### چالاکی ناوپۆل

مامۆستا پرسیار لە قوتابییەکان دەکات لەبارەی ڕووگەی هەندێك لە کەرەستە بێگیانەکان و لە ئاژەڵ و درەختەکان، پاشان داوایان لێدەکات وێنەی بکێشنەوە بە ڕەنگی ئاوی، یان پاستیل.

## یەکەی وانەکە و ناساندنی

**ڕووگە:** بریتییە لە بەهای هەستی و بینگەی شتەکان، کە بەهۆی دەست و چاوەوە لە ڕێگەی مێشکەوە ڕووگەکانیان لێکجیا دەکرێتەوە، جا ئەم ڕووگەیە زبربێت، یان لوس، یان نەرم، ئەمەش لەڕێگەی دیمەنە دەرەکییە هەستپێکراوەکانەوە تایبەتمەندییەکانیان بە ئاشکرا دەردەکەوێت.





**ڕەنگ:** بریتییە لەو ڕەنگانەی بەکاریان دەهێنین بۆ ڕووگە جیاوازەکان، وەك: پاستیل، ڕەنگی ئاوی.

**ڕووگەی بینگەیی:** لەڕێگەی چاوەوە هەستی پێدەکەین لە ئەنجامی جیاوازی و فرەجۆریان لە پانتایی و هێڵ و ڕەنگەوە لەسەر پانتایی شێوەکە.

**ڕووگەی هەستی:** لە ڕێگەی دەستەوە هەستی پێدەکەین لە ئەنجامی جیاوازیان لە بەرزی و نزمی و لاری لە شێوەکانیاندا. (شێوەی هەڵتۆقیوون، وەك پەیکەر).

**دیواربەند:** بریتییە لە تابلۆیەکی گەورە لە سەر دیوارێکی گەورە دەنەخشێنرێت و چەند قوتابییەك لە کێشانیدا بەشدار دەبن.



پێویستە مامۆستا ئەم وانەیە ببەستێتەوە بە وانەی ڕووگە (Texture) لە تەوەری چوارەمی پۆلی چوارەمدا. بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانیان.

## پلانی فێرکاری

**پلانی وانەگووتنەوەی ڕاستەوخۆ/ پرسیارکردن و کاری بەکۆمەڵ و هاریکاریکردن.**

**یەکێك لە هاوڕێکان کۆمەڵێك کەرەستەو شمەکی ڕووگە جیاواز نمایش دەکات و پیشانی هاوڕێکانی دەدات، بەتایبەت هۆکارەکانی فێرکردن، پاشان ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی هاوڕێکانی دەکات:**

- ڕووگە چییە؟
- ڕووگەی ئەو کورسییەی لەسەری دانیشتوی چۆنە؟
- جیاوازی بکە لەنێوان ڕووگەی کورسیەکەت و ڕەگی درەختی ناو باخچەکە؟
- ژماری ئەو ڕووگانە بژمێرە، کە هەستیان پێدەکەین.
- ئایا دەتوانین لەڕێگەی ڕەنگەوە ڕووگەی شتەکان دیاریبکەین؟
- ئایا ئەو ڕووگانەی ئێمە نیگاری لەسەردەکێشین هەموویان وەکو یەکن؟

**قوتابییەکان بکە بە چەند کۆمەڵەیەکەوەو هەرکۆمەڵەیەکیش (تیملیدەرێکی) بۆ دیاریبکە.و پاشان ئەرکیان بەسەردا دابەش بکە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:**

**کۆمەڵەی یەکەم: جیاوازی بکەن لە نێوان ئەو ڕووگانەی لە لەناوپۆلدا هەن و نیگاریان بکێشن.**

**کۆمەڵەی دووەم: هەندێك وێنەی سادەو ساکار بکێشن بە پاستیل و قەڵەمڕەنگی دار.**

**کۆمەڵەی سێیەم: ڕووگەیەکی نەرم و ڕووگەیەکی زبر هەڵدەبژێرن و نیگاری لەسەر دەکێشن.**

**کۆمەڵەی چوارەم: ڕووگەیەکی زبر هەڵدەبژێرن نیگاری لەسەر دەکێشن بە پاستیل و ڕەنگی ئاوی.**

**پاشان تیملیدەری هەر کۆمەڵەیەك وێنەی کۆمەڵەکەیان دەهێننە پێشەوەو باسی وێنەکەیان دەکەن و ڕووگەی تابلۆکە بۆ هاوڕێکانیان شی دەکەنەوە، لە هەمانکاتیشدا لەگەڵ یەکتریدا گفتوگۆی هونەری دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانەی هونەری دەدوێن و دەستەواژەی هونەری لە گفتوگۆکانیاندا بەکاردەهێنن.**

## سەرچاوەی فێرکاری

- کەرەستەو شمەك و پێداویستی: قوماش، کارتۆن بەهەموو جۆرەکانییەوە، گونییە، پارچە تەختە، ڕەنگی ئاوی، گەڵای درەخت، پاستیل.

- هۆكاری ڕوونكاری: وێنەی ڕووگەی هەمەجۆر، وێنەو كلێشە، فیلم، داتاشۆ، ئەو كارەهونەرییانەی قوتابییەكان لە ڕابردوودا ئەنجامیان داوە، هەرجۆرە كارێك، كە ڕووگەی جیاوازی هەبێت و بتوانین سوودی لێوەربگرین بۆ وانەكەمان.

## ڕەگەزەكانی جێبەجێكردن

**چالاكی**

**كارامەیی**: كێشانی چەندین ڕووگەی جیاواز بە بەكارهێنانی پاستیل و ڕەنگی ئاوی.

١. كێشانی كاری هونەری هاوبەش (بەكۆمەڵ) و دەرخستنی ڕووگی جیاواز بە بەكارهێنانی پاستیل و ڕەنگی ئاوی.

٢. قوتابییەكان دیمەنی سروشتی دەكێشن، وەك: درەخت، ئاو، ئاسمان، پاشان ڕەنگی دەكەن بەو ڕەنگەی، كە لەگەڵ كۆمەڵەكەیدا لەسەری ڕێك دەكەون.

٣. قوتابییەكان شێوەو پێكهاتەكان بەپێی ڕووگەكانیان بەسەر پانتایی تابلۆكەدا دابەش دەكەن و دواتر سەرتاپای پانتایی تابلۆكە ڕەنگ دەكەن.

لە كۆتاییدا تابلۆیەكی تەواو هونەریمان چنگ دەكەوێت بەو شێوەیەی، كە خۆمان مەبەستمانە.



تابلۆی هونەرمەندی كورد (خەلیل عەلی) بە ڕەنگی پاستیل كێشراوەو ڕووگەی تابلۆكە بەشێوەی ڕووشاندن دەرخراوە (زبر).



تابلۆی هونەرمەندی كورد (ئاراز حەمە) بە ڕەنگی ڕۆنی كێشراوەو دەربڕی دیمەنێكی سروشتییە و نەرم كێشراوە.

## هەڵسەنگاندن

### ئامانجی یەکەم

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی خەملاندنی زارەکی.

**ئەنجامی فێرکاری:** بۆئەوەی قوتابییەکان بە کەرستەو شمەکی جیاواز ڕووگە جیاوازەکان دەربخەن بە بەکارهێنانی ڕەنگ و کەرستەی هەمەڕەنگ.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینیکردن لەکاتی جێبەجێکردندا | نایاب | زۆرباش | باش | پەسەند |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەرستە شیاوەکان بۆکارکردن ئامادە دەکات. | | | | |
| ٢ | نەخشەسازیی بۆ ڕووگەی جیاواز دادەنێت، بەمەبەستی جێبەجێکردنی. | | | | |
| ٣ | ڕەنگی ئاوی و پاستیل بەشێوەیەکی باش بەکاردەهێنێت. | | | | |
| ٤ | جیاوازی لەنێوان ڕووگە جیاوازەکاندا دەکات. | | | | |
| ٥ | ڕووگە پاستیلییەکان و ئاوییەکان لێکجیادەکاتەوە. | | | | |
| ٥ | هاوکاری هاوڕێکانی دەکات لەکاتی کاردا. | | | | |
| ٦ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی شوێنکارەکەی دەکات. | | | | |

### ئامانجی دووەم

**ئامانج:** بەخۆداچوونەوە.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** پاشخانی قوتابی.

مامۆستا لەڕێگەی کردنەوەی پاشخانێك بۆ هەر قوتابییەك لە قوتابییەکانی و دواتر کارەکانی تێدا هەڵدەگرێت و لەکاتی پێویستدا دەیانهێنێتەوە بەرچاو، ئەمەش لە سەرتای ساڵەوە، تا کۆتایی ساڵ ئەنجام دەدرێت، تا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست هەڵسەنگاندن بۆ قوتابییەکە بکەین و پاشان پلانی کاری وانەکەی لەسەر دابڕێژین. لەم پاشخانەدا خاڵی بەهێزو لاوازی قوتابییەکە دیاری دەکەین و لەکات و ساتی خۆیدا پێداچوونەوەی بۆ دەکەین.

**لێکبەستن و پێکگرتن:** بەمەبەستی بەهێزکردن و پتەوکردنی وانەکە دەچینە لای (پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەم، تەوەری چوارەم لە بابەتی (پنتایی)، تا زانیارییەکان باشتر بگاتە قوتابییەکان.



هونەرمەندی کورد (وەهبی ڕەسوڵ) لە ساڵی (١٩٦٣) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی لە ساڵی (١٩٨٦) لە شاری بەغدا تەواو کردووە. چەندین پێشانگەی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان کردۆتەوە. خاوەنی شێوەی کارکردنی تایبەت بەخۆیەتی و لە بواری نووسینی هونەریشدا خاوەنی چەند کتێبێکە. ئەم تابلۆیانەی نمایشکراون بە قەڵەمڕەنگی دارو جاف و ڕەنگی ئاوی کێشراون، جۆرێک لە نەرمونیانی بە شێوازی کارکردنەکەیەوە دیارەو پشوودرێژە لەکاتی کارکردندا.












**هونەرمەندی کورد (عەونی سامی) ساڵی (١٩٥٦) لە زاخۆ لەدایکبووە. پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەشی گرافیکی لە ساڵی (١٩٧٩) تەواو کردووە. خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆیەتی لە کارکردندا و کەرەستەو شمەکی جیاواز بەکاردەهێنێت بۆ دەرخستنی ڕووگەی جیاوازو لێکنەچوو. لە بواری چاپگەریدا ئەزموونی زۆری هەیەو ڕەنگی فرەجۆر بەکاردەهێنێت لەکاتی چاپکردندا. تابلۆکانی شێوەو هێڵی نەرم و ساکاری تێدایەو لەکاتی سەیرکردندا بینەر هەراسان ناکات.**











# وانەی پێنجەم

**تەوەر:** دەربڕینخوازی

**وانە:** ڕاڤەو ڕەخنەی هونەری.

**بابەت:** وەستان و گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆك و پێکهتەکانی کاری هونەری.

**بەشەوانە:** هەوڵبدە هەفتەی جارێك، یان مانگی چەند جارێك ئەم گفتوگۆیە ساز بکەیت.

---

**مامۆستای بەڕێز، هەوڵبدە بەشێك لە کاتی وانەکە تەرخان بکەیت بۆ گفتوگۆی هونەری لە نێوان خۆت و قوتابییەکان و قوتابییەکان لەگەڵ یەکتریدا. ئەم گفتوگۆ هونەرییەش با لەسەر شێوازی کارکردن و کەرەستەو ڕەنگی بەکارهاتوو بێت لە تابلۆکەدا، ئێمەش شێوازی خستنەڕووی وانەکەت بۆ ڕووندەکەینەوە.**

## سەیربکەو جیاوازی بکە Look and Compare

**مامۆستا تابلۆی هونەرمەندێکی کوردو تابلۆی هونەرمەندێکی جیهانی ئامادە دەکات لە هۆڵی فرەمەبەست، یان لەپۆلدا، بەومەرجەی بابەتی هەردوو تابلۆکە لەیەکەوە نزیك بن، دواتر مامۆستا ناوی هونەرمەندەکەو ساڵی کێشانی بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوەو زانیاری پێویست لەسەر هەردوو پێکهاتەی ناو تابلۆکە بۆ قوتابییەکان شیدەکاتەوە ...**

- دوو بازنەی گەورەی یەکتر بڕ لەسەر وایتبۆردەکە بکێشە، وەك ئەو دوو بازنەیەی لە پەڕەکەدا کێشاومانە.
- لە هەر بازنەیەکدا ناوی تابلۆیەکە، یان بابەتی تابلۆکە بنووسە.
- لە سەرەوە ناونیشانێك بنووسە، کە شیاوبێت بۆ بابەتی هەردوو تابلۆکە.
- گرنگی ئەم شێوازی ڕوونکردنەوەیە بۆ قوتابییەکان باس بکەو پێیان بڵێ، کە ئەم شێوە ڕوونکارییە هاوکاریان دەکات بۆ دەرخستنی شتە لێکچووەکان و لێکجیاوازەکان لە نێوان هەردوو تابلۆکەدا.
- داوا لە قوتابییەکان بکە، تا لە تابلۆکە ڕابمێنن و شتە جیاوازو لێکچووەکان دیاری بکەن.

- داوایان لێبکە لەکاتی ڕاڤەکردندا دەستەواژە هونەرییەکان بەکاربهێنن و سوود لە وانەکانی ڕابردوو وەربگرن، وەك: ‹‹پێکهاتەکانی نەخشەسازی، بنەماکانی نەخشەسازی، ڕازاندنەوە، پلەی ڕەنگی، ڕەنگی نەرمونیان،...››
- پەرەیەك دابەش بکە بەسەر قوتابییەکاندا، تا دواتر گفتوگۆ لە بارەی بابەتەکەوە بکەن و پاشان هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام بدەن.






تابلۆی هونەرمەندی جیهانی (گۆستاف کلیمت)



تابلۆی هونەرمەندی کورد (تریفە ئەنوەر)

**بۆ نموونە:**

ئەم دوو تابلۆیە یەکیان خاوەنەکەی هونەرمەندێکی جیهانییەو ئەویتریشیان خانمە هونەرمەندێکی کوردە.

١. گۆستاف کلیمت.

٢. تریفە ئەنوەر

ئەو زانیارییانەی قوتابییەکان لە ڕابردوودا کۆیانکردۆتەوە لەسەر بنەماو پێکهاتە هونەرییەکان، ئەوا لە ڕێگەی جیاکارییەوە مامۆستاو قوتابییەکان پێکەوە گفتوگۆ دەکەن لەسەر بابەتی ناو تابلۆ هونەرییەکەو لەسەر ناوەڕۆك و پێکهاتەکەی دەوەستن. هەروەها لایەنە لێکچوو و جیاوازەکان بە دیدێکی ڕەخنەگرانە لە نێوان خۆیاندا ڕاڤە دەکەن.

## یەکەم: ڕووە لێکچووەکە:

لە هەندێك پێکهاتەی ناو تابلۆکەدا دەیاندۆزینەوە:

١. لە هەردوو تابلۆکەدا شێوەی ئەندازەیی ناڕێك دەبینین.
٢. لە هەردوو تابلۆکەدا شێوەی ئەندازەی ڕێك دەبینین.
٣. بیرۆکەی هەردوو تابلۆکە بە شێوەی ئەندازەیی و نەخشەسازی و ڕازاندنەوە دەربڕدراوەو گوزارشتی پێ کراوە.
٤. پلەی ڕەنگی لە هەردوو تابلۆکەدا بەکارهاتووە.

## دووەم: ڕووە جیاوازەکان:

### تابلۆی هونەرمەند (گۆستاف کلیمت):

١. تابلۆکەی (گۆستاف) زیاتر نەخشی ئەندازەیی ڕێکی تێدا بەکارهاتووە.
٢. هێڵەکانی ڕێکخراون و ڕەنگەکانی نەرمونیانی پێوەدیارە.
٣. گوزارشت لە کۆمەڵێك نەخشی ڕازاوەی ئەندازەیی دەکات.
٤. ڕەچاوی پلەی ڕەنگی کراوەو ڕەنگەکان لێکەوە نزیکن. (پلەی ڕەنگی زەرد زۆر بەکارهاتووە).

### تابلۆی خانمە هونەرمەندی کورد (تریفە ئەنوەر):

١. تابلۆی (تریفە) زیاتر نەخشی ئەندازەیی ناڕێکی تێدا بەکارهاتووە.
٢. هێڵەکانی ناڕێك و تێکشکاوو تێکچرژاون، بەڵام هاوسەنگن.
٣. گوزارشت لە شوێنی نیشتەجێبوونی کەنار دەریا دەکات.
٤. ڕەچاوی پلەی ڕەنگی کراوە، بەڵام تیشك نەخراوەتە سەر یەك ڕەنگ.

**مامۆستای بەڕێز... قوتابییەکان ئەزموونی پۆلی چوارەمیان هەیە لە وانەی ڕاڤەو ڕەخنەی هونەریدا، بۆیە ئەرکە لەسەرشانت، تا قوتابییەکان هان بدەیت زیاتر لە گفتوگۆکانیاندا هانا بۆ زاراوەی هونەری و دەستەواژەی جوانی ئەکادیمی بەرن، تا لەگەڵ شێوازی ڕەخنەگرتن و خستنەڕوودا بگونجێت و هاوسەنگی لە زانیارییەکاندا دروست بکات، پاشان دەبینیت هونەرمەندی کوردیش هیچی لە هونەرمەندە جیهانییەکان کەمتر نییەو توانای هونەری باڵایە و پێویستە قوتابی کورد بە کردەوە ئەوە هەستپێبکات لە وانەی پەروەردەی هونەردا، بەم شێوەیە:**

کاتێك قوتابییەکان لە هەردوو تابلۆکە ڕادەمێنن، ئنجا پرسیارەکانیان ئاڕاستە بکە (بەڵام پێویستە پێشوەختە پرسیارەکانت ئامادە کردبێت)، سەرەتا سەرنجی قوتابییەکان بۆ لای هەردوو تابلۆکە ڕابکێشە، بەتایبەت بۆ:

- ڕەنگ و پلەی ڕەنگی.
- بابەتی ناو هەردوو تابلۆکە (شێوەی کێشراو چییە؟).
- کەرەستەو شمەکی بەکارهاتوو چییە؟
- ئەگەر سەرەتا چەند قوتابییەك هەڵبژێریت و بیان کەیت بە دوو کۆمەڵە، یەکەمیان قسە لەسەر تابلۆی هونەرمەندە جیهانییەکە بکەن و دووەمیش قسە لەسەر تابلۆی هونەرمەندە کوردەکە بکەن و پاشان دەروازەی گفتوگۆ بکەوەو بەمەش دەستپێکێکی وروژاندنی باش دەبێت بۆ قوتابییەکان.



هونەرمەند (گۆستاف کلیمت) لە ساڵی (١٨٦٢) لە نەمسا لەدایکبووە. یەکێکە لە هونەرمەندە جیهانییەکان و لە تابلۆکانیدا گرنگی بە جەستەی ئافرەت دەدات. بە نەخشونیگار تابلۆکانی ڕازاندۆتەوەو ڕەنگی نەرم و گەش و پاك دادەنێت و تابلۆکانی پێڕازاندۆتەوە. لە ساڵی (١٩١٨) کۆچی دوایی کردووە.



خانمە هونەرمەندی کورد (تریفە ئەنوەر) لە ساڵی (١٩٧٠) لە کوردستان لەدایکبووە. خاوەنی شێوازی تایبەت بە کارکردنی خۆیەتی و ڕەنگە ساردەکان لەناو ڕەنگە گەرمەکاندا پەرشوبڵاو دەکات و هانا بۆ شێوەی تێکشکاوی ئەندازەیی نارێك دەبات بۆ گوزراشتکردنی هونەری.

## ئامانج و توانستە پێشەکییەکان

لە قۆناخەکانی خوێندندا پیشەو کاری ئامانجی پەروەردەیی جێگیرەو بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی پێویستن ئامانجەکانیش بەپێی پێداویستییە پەروەردەییەکان گۆڕانکارییان بەسەردادێت. واتە بۆ جارێکی تر بەپێی پێویستی دەتوانین ئامانجەکانمان ڕێکبخەینەوە، بەمەبەستی دووبارە بنیاتنانەوەی ڕەفتارو زانیارییەکانی قوتابییەکان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بواری چالاکییە پەروەردەییەکانەوە هەیە لە قۆناخەکانی فێرکاریدا. کەواتە بە پشتبەستن بە:

• قوتابی ڕابهێنرێت لەسەر ئەوەی ڕاستەوخۆ سەیری تابلۆ بکات و بتوانێت ئاستی خەیاڵکردنی بەرەو پێشەوە بەرێت.
• هەستکردن بەو بەها جوانانەی، کە لە ژینگەی دەوروبەریدا هەیە و پاشان بیروبۆچوونی خۆی لەسەر دەربېرێت لە ڕێگەی گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە بە شێوەیەکی ڕێزدار لەگەڵ یەکتریدا.
• قوتابی لەڕێگەی ئەو بەها جوانانەی، کە لە سروشتدا هەن گوزارشتیان لێدەکات بەهۆی هێڵ و ڕەنگ و کەرەستەخاوە جۆراوجۆرەکانەوە.
• ڕاهێنانی قوتابی لەسەر سەرنجدان و تێبینیکردنی ئەو سیستەمەی شێوەهەڵچنراوەکانی لەسەر بنیاتنراوە لە سروشتدا. (تاوێرە بەردەکان، نەخشونیگاری گژوگیا، جەنجاڵی ناوبازاڕ).
• هاندانی قوتابی لەسەر کاردەستی و گوزارشتکردن بە کەرەستەو شمەکی جۆراوجۆر، کە لەسروشتدا بەردەست دەکەون. هەروەها پاشان دەتوانێت ئەو کەرەستانەی پێدروست بکات، تا پێداویستی و داخوازییەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە.
• ناساندنی چەندین هونەرمەندی کورد و جیهانی و پیشاندانی کارە هونەرییەکانیان لەڕێگەی سەردان، یان تابلۆ، یان پێشانگە، یان وێنە، بەم کارە بەهاکانی هونەری لا گەورەترو جوانتر دەبێت.
• ورووژاندنی خەیاڵی قوتابی، تا هاوکاری بکات بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی بینین و دواتر سوودی لێدەبینێتەوە لە گوزارشتکردنە هونەرییەکانیدا.

## جێبەجێکردنی پرۆگرام

لەسەر دوو ئاستدا پرۆگرامەکە جێبەجێ دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە:

### یەکەم: ناوەڕۆکی ڕۆشنبیری

- لە ڕوانگەی هونەرییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ هونەرمەندانی جیهانیدا پەیدا دەکات.
- ئاشناکردنی قوتابی بە پێکهاتە و بنەما هونەرییەکان لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە.
- ئاشناکردنی بە هەندێك کاری هونەری تێکچڕژاوو تێکشکاوو ئاڵۆز.
- ئاشناکردنی بە هەندێك کاری ڕەنگکاری (ڕەنگە بنەڕەتییەکان، ڕەنگە مامناوەندییەکان، پلەی ڕەنگی).
- ئاشناکردنیان بە هەندێك شێوازی نەخشەسازی و ڕازاندنەوە لە یەك کاتدا.

- ئاشناکردنیان بەو کەرەستەو شمەکانەی لە بواری نەخشەسازی و ڕازاندنەوەدا بەکاردەهێنرێن.
- ئاشناکردنیان بەو شێوانەی، کە چۆن هونەرمەندان کاری هونەری پێ ئەنجام دەدەن.
- ئاشناکردنیان بە هەندێك کاری هونەری، کە بە ڕازاندنەوە ڕوودراون.
- بەدەستهێنانی کارامەیی هونەری و توانستی زۆر لە بینگەی هونەریدا.
- لەڕێگەی پشتبەستن بە بەها و بنەما هونەرییەکان نمایشکردنی هەندێك لە کارە هونەرییەکان ئەنجام دەدەین.
- دواتر قوتابی لە هەندێك کاری کارامەیی هونەری تێدەگات و کاتی بێکاری بە شتی بەکەڵك و بەسوود پڕدەکاتەوە.

## دووەم: ناوەرۆکی زانستی:

- ئاستی بینینی هونەری ڕابهێنین بە جیاوازی هەموو شێوەو ڕووگە جۆراوجۆرەکانییەوە، تا لە سروشتدا ئاستی خەیاڵکردن بەرەو پێشەوە بەرین.
- ڕاهێنانکردن لەسەر گوزارشتکردن و بەها جوانەکانی سروشت و ژینگە لە ڕێگەی پێکهاتە هونەرییەکانەوە.
- خۆڕاهێنان لەسەر ئەوەی چۆن شێوە سروشتییەکان بگۆڕین بۆ یەکەی ڕازاندنەوە. واتە بە نەخشونیگار بیانخەینە ڕوو لە یەکەیەکی ڕازاندنەوەدا.
- خۆڕاهێنان لەسەر شێوازی هەڵچنین و سوود وەرگرتن لە نەخشەسازی ڕازاندنەوە، تا هەڵچنینەکە لە ڕێگەی (دووبارەبونەوە، شێوە، هاوسەنگی لە نێوان شێوەو باکگراوندا) ئەنجام بدەین.
- خۆڕاهێنان لەسەر کرداری ڕەنگکاری (پلەی ڕەنگی، گونجاندنی ڕەنگی، ڕەنگکردنی تەواو).
- خۆڕاهێنان لەسەر ڕەنگکردن، کە بگونجێت لەگەڵ گەشەی تەمەنی منداڵەکان. (بزانە منداڵی ١١ساڵ پێویستی بەچییە؟ چۆن کار بکات؟).
- خۆڕاهێنان لەسەر چۆنییەتی تێکچڕژاندن و تێکەڵکردنی ڕەنگەکان و دروستکردنی ڕەنگی نوێ و جۆراوجۆر لەڕێگەی تێکەڵکردنی ڕەنگەوە.

- خۆڕاهێنان لەسەر بەكارهێنان و دانانی هەندێك شێواز و شێوەی (ئەندازەیی ڕێك، ئەندازەیی ناڕێك).
- مامۆستا كەرەستەو شمەكەكانی كاركردن بە بەردەوامی چاكبكاتەوەو بە پاكی ڕایانبگرێت، تا دووبارە بەكاربهێنرێنەوە.
- ئەم خۆڕاهێنانە باشترین هەلە بۆ مامۆستاو قوتابییەكان، تا هەل بڕەخسێنن بۆ یەكتری و لێكتێبگەن و لەگەڵ یەك پێكەوە كاربكەن لە بواری هونەری و سوود بەیەك بگەیەنن و ئەنجامی باش بەدەستبهێنن، پاشان هەموو پێكەوە لە وانە كردارییەكەدا كاتێكی خۆش بەسەر دەبەن، بەمەش ئامانجی سەرەكی بەكۆمەڵایەتی بوونی قوتابی بەجێدەهێنێت.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانجی هەڵسەنگاندن:** بەمەبەستی دیاریكردنی ئاستی توانستە هونەری و زمانەوانی.

**ئامانجی فێركاری:** خەیاڵكردن، گوزارشتكردن، ڕەخنەی هونەری، دانوستانكردن، پڕۆكەی نوێ.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی هەڵسەنگاندن.

| ژمارە | ڕەگەزەكانی جێبەجێكردن | باش | زۆرباش | نایاب |
|---|---|---|---|---|
| ١ | توانای بیركردنەوەو خەیاڵكردنیان گەشەی كردووە. | | | |
| ٢ | توانای دانوستانی هەیە. | | | |
| ٣ | زوو لە مەبەستەكە تێدەگات. | | | |
| ٤ | دەتوانێت بێ هاوكاری ئەوانی تر گفتوگۆ بكات. | | | |
| ٥ | لەگەڵ هاوڕێكانیدا هەماهەنگن و پێكڕادەگەن. | | | |
| ٦ | سەرنج و تێبینییەكانی مامۆستا بەهەند وەردەگرن. | | | |
| ٧ | دادپەروەرن لەكاتی ڕەخنەگرتن و ڕاڤەكردندا. | | | |
| ٨ | سوود لە زانیارییە كۆنەكان وەردەگرن. | | | |
| ٩ | دەستەواژەو زاراوەی هونەری بەكاردەهێنن. | | | |
| ١٠ | نەرمونیانن لە گفتوگۆكردنداو دەنگ بەرزناكەنەوە. | | | |



هونەرمەندی کورد (دڵگەش جاسم عەزین) ناسراو بە (دڵگەش بەرواری)، لە ساڵی (١٩٨٦) لە شاری دهۆك لە دایكبووە. دەرچووی ساڵی (٢٠١١) ی پەیمانگەی هونەرەجوانەكانەو لە ساڵی (٢٠١٦) شدا بەشی شێوەكاری لە فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی دهۆك بە پلەی نایاب تەواو دەكات. خاوەنی شێوەی كاركردنی تایبەت بەخۆیەتی و پێی دەناسرێتەوە. بەشداری چەندین پێشانگەی كردووە لە ناوەوەو دەرەوەی كوردستان.













## ئەم زانیارییەش بخەرە سەر خەرمانەی زانیارییەکانت

### پەنجەرەی نیگارکێشان

**پەنجـەرەی نیگارکێشـان: بریتییـە لـەو کارتۆنـە چوارگۆشـەیە ناوکـەف بڕاوەی، کـە بـۆ مەبەسـتی لـە چوارچێوەگرتنی شـێوەی بینـراو پێکدەهێنرێت. واتـە لەڕێگـەی ئـەم پەنجەرەیـەوە بینگـەو ڕووگـەی شێوە بینراوەکە لای وەرگر، یان بینەر تۆکمەو ڕوون دەکات و سنووری تێڕامان دیاریدەکات.**

**پێویسـتە لەسـەر مامۆسـتا قوتابییـەکانی ڕابهێنێـت لەسـەر پەنجـەرەی نیگارکێشـان، تـا لـەکاتی سەردانی سروشت و نیگارکێشاندا مەبەستی دیاریکراو دەستنیشان بکات و بەربینی ڕوونتر بێت. هەروەها سنووری ئەو شێوە پەرشوبڵاوانە کۆدەکاتەوەو لە چوارچێوەیەکی کۆکراوەدا دەریدەخات. دروستکردنیشی ئاسانەو هەموو قوتابییەك خۆی دەتوانێت ئامادەی بکات.**






# تەوەری دووەم



# نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا

ئـەم تـەوەرە لەســەر گرنگــی نەخشەســازی ڕادەوەســتێت، تــا خــەیاڵیان بخەنەگــەڕ لــە پێنــاو ســازکردنی کــارێکی هونــەری نەخشــێنراوی پــلان بۆداڕێــژراو. ئەمــەش بــە بــەکارهێنانی کارامــەی بیرکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باشی فێرکاری. هـەروەها هـەموو ئەوانە جێبەجێدەکرێن لەڕێگــەی چــالاکییە هونــەری و کارامەییــەکانی قوتابییانــەوە. واتــە پێویســتە خۆمانــدووکردنی قوتابییـەکان بـەفیڕۆ نەچێت لـە چالاکییەکاندا، چونکە دەبێت ئەوە بزانین، کـە کات و هێزێکـی زۆر بەگەر دەخەن، تا قوتابییەکان بگەنە ئاستێکی باش و گونجاو لە وەرگرتنی زانیاری و ئـەزموونکردنی نویٚ.

لەسەر مامۆستایە جەخت لەسـەر کارە نەخشەسازییەکان بکاتـەوەو قوتابییـەکان هـان بدات، تا سوود لە ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو وەرگرن و لە کارێکی نوێی پڕ داهێنانـدا بـەکاری بهێننـەوە. لـەو چوارچێوەیەشدا، هـەنگاوی یەکـەممان بـە دووبـارە بەکارهێنانـەوەی (کۆلکەزێڕینـە) دەچینەوە سـەر باســەکەو بــیری قوتابییــەکانی دەخەینــەوە، بەمەســتی دارشــتنەوەو ڕێکخســتنەوەی ڕەنگــەکان لــە کارێکی هونەری ڕێکخراودا. جگە لەوەش، دەتوانین بـۆ جێبەجێکردن سـوود لـە چـەندین کەرەسـتەو شمەکی جیاوازتر وەربگرین، (لکاندن) وەك نموونە.

هەروەها دەتوانین سوود لە نەخشونیگاری کوردی وەربگرین، بەتایبـەت ئـەو نەخشانەی لەسـەر جلوبەرگ و فەرش و ڕایەخ و بەڕەو چەندانی تر... هەن، ئەمەش بۆ بەرەوپێشبردنی گەشـەی چێژی هونەری و بەرزڕاگرتنی بـەها جوانـەکان لـە نەخشـونیگاری هونەریدا. بۆ ئـەو مەبەسـتەش، پێویسـتە مامۆستا ئەوەبەبیر قوتابییەکان بهێنێتەوە، کە لە پۆلی چوارەمدا لـە تـەوەری نەخشەسـازی و داهێنـان لە ڕازاندنەوەدا، چەندین بابەتی نویٚ و کاریگەریان خوێندووە، بەڵام ئەمساڵ هەوڵدەدەین بـەجۆرێکی پێشکەوتوتر کار لەو تەوەرەدا بکەین و ئاستی نەخشەسازی و ڕەنگکاری بـەرزتر بکەینـەوە، ئـەوەش بە سوود وەرگرتن لە پێگەیشتنی زۆرتری بواری (لەشـەکی و عـەقڵی) قوتابییـەکان و ئـەزموونکردن و تاقیکردنەوەو ڕاهێزانی زۆرتر، کە لەمەوپێش ئەنجامیان داوە.

## پێشبینی دەکرێت دوای تەواوبوونی ئەم تەوەرە قوتابییەکان پێشبکەون



- ئاشنابوون بە ڕەنگە شەپۆلاوییەکەی (کۆلکەزێڕینە) لەڕێگەی نیگارکێشانەوە.
- ڕەچاوی دووری و نزیکی شێوەکان دەکەن لە نەخشەسازییەکانیاندا.
- نەخشەسازی ساکار دەکێشن بەمەبەستی دەرخستنی ڕووگەی جیاواز.
- لەڕێگەی نەخشەسازییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ یەکەی ڕازاندنەوەدا دەکەن.
- یەکەی ڕازاندنەوە دووبارە دەکەنەوە لە نەخشەسازییەکانییاندا.





کەواتە، لەسەر مامۆستایە ڕەچاوی توانا تاکایەتییەکانی قوتابییەکان بکات و هێزی توانستی هەر قوتابییەك لەگەڵ قوتابییەکی تردا جیاوازە، هەندێکیان گورجن لە کارکردن و هەندێکی تریان خاو، بۆیە دەبێت مامۆستا هاوسەنگی لەنێوان هەردوولادا ڕابگرێت.

## پێکهاتەی تەوەرەکە

| ژمارە | بابەت | یەکەی وانە |
|---|---|---|
| ١ | بنەماکانی نەخشەسازی (پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان) | ١ |
| ٢ | بنەماکانی نەخشەسازی (پەیوەندی نێوان شێوەکان) | ٢ |
| ٣ | بنەماکانی نەخشەسازی (دەرخستنی ڕووگە) | ٢ |
| ٤ | بوارەکانی نەخشەسازی (یەکەی ڕازاندنەوە) | ١ |
| ٥ | خۆشنووسی | ٢ |
| ٦ | بواری داهێنان | ٢ |

# وانەی یەکەم

**تەوەر: نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا**

**بابەت: بنەماکانی نەخشەسازی (پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان).**

**وانە: شەبەنگی ڕۆژ (پەلکەزێڕینە).**

**کاتی دیاریکراو: ١ وانە**

---

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە



### سوودە زانیارییەکان

قوتابی ئاشنایەتی لەگەڵ شەبەنگی ڕۆژدا دەکات.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابییەکان کۆمەڵێك نەخشەسازی ئەنجام دەدەن و پاشان بەڕەنگی بنەڕەتی و مامناوەندی ڕەنگی دەکەن.

### سوودە ویژدانییەکان

سروشت دەوڵەمەندە بەڕەنگ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابییەکان سروشتیان خۆشبوێت.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان



### فێرکاری پێشوەخت

مامۆستا پلەی ڕەنگی بەبیر قوتابییەکان دەهێنێتەوەو وانەکانی ڕابردوو بە وانەی تازەوە دەبەستێتەوە، بەتایبەت لە ڕەنگی تۆخەوە بۆ ڕەنگی کاڵ و بە پێچەوانەشەوە. واتە بەم پلە ڕەنگیانە نەخشەسازی سادەی پێ بنەخشێنن.





## بڕگەی خۆئامادەکردن

ئێمە لە وانەکانی ڕابردوودا لە بارەی دەربڕینی هونەرییەوە ‹‹دەربڕینخوازی›› زانیاری زۆرمان کۆکردەوە. هەروەها لەڕێگەی ڕەنگەکانەوە



قوتابییەکانمان توانییان گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن، بەڵام ئەمجارە هەوڵدەدەین لەڕێگەی شەبەنگی ڕۆژەوە (پەلکەزێڕینە) قوتابییەکان داهێنان لە بیرۆکەکانیاندا بکەن و خەیاڵکردنیان فرەوان بکەن لە نیگارکێشانەکانیاندا، بەتایبەت گوزەرکردن بەناو سروشت و ژینگەی دەوروبەریدا، بۆیە لەسەر مامۆستای هونەرە ئەو بوارە بۆ قوتابییەکان بڕەخسێنێت. هەروەها زانیاری شکانەوەی تیشکی



خۆر لەڕێگەی ئاوێزەوە جارێکی تر بە بیر قوتابییەکان بهێنەوەو ئەگەر تاقیکردنەوەیەکیش بکەیت خراپ نییە. هەروەها جارێکی تر بیرۆکەی پەلکەزێڕینە بخەرەوە مێشکی قوتابییەکان و داوایان لێبکە بیرۆکەی دروستبوونی ئەم دیاردەیە باس بکەن و هۆکاری سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ڕوونبکەنەوە لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە، پاشان هەمان ئەم ڕەنگانە بەسەر سروشتدا دابەش بکەن و ئەگەر پۆلێنی بکەن خراپ نابێت، لەڕێگەی دابەشبوونی ڕەنگەکانەوە، بۆ ئەم ڕەنگانە:

(وەنەوشەیی، نیلی، شین، سەوز، زەرد، پرتەقاڵی، سوور). شایانی باسە، ئەم دابەشبوونەش یەك لەدوای یەکەو ڕەنگەکان پاش و پێش ناکرێن. بۆیە، پێویستە قوتابییەکان هەمان ئەو ڕەنگانە جارێکی دی دابەش بکەنەوە بەسەر پێکهاتەی سروشتدا. واتە بەهۆی ڕەنگەکانەوە پێکهاتەکانی سروشت بژمێرن، وەك: ڕەنگی شاخەکان، درەختەکان، میوەکان، گوڵەکان، باڵندەکان. هەروەها چەندین شت، کە قوتابییەکان هەستی پێدەکەن و دەیزانن، یان دیتویانە. بێگومان، هەموو ئەوانەش دەبنە بابەتێکی کاریگەرو زیندوو، کە قوتابی بە بەرجەستەیی دیتونی، یان دەستی لێداون. کەواتە پێویستە ئەوە بزانیت، کە کوردستان دەوڵەمەندە بە کەرەستەو شمەکی پێویست، تا لێیەوە قوتابی پێ ئاشنا بکەیت بە ڕەنگەکان و زیاتر لە مەبەستی وانەکە تێبگات و وانەکانی ڕابردووشی بیربخەیتەوە.

## سەرنج




لەگەڵ تێکچڕژان و تێکەڵبوونی ڕەنگە سەرەکییەکان و لەهەمانکاتیشدا درەوشانەوەی تیشکی (سپی) یش دەردەکەوێت، بەڵام ئەوە لەگەڵ یاساکانی تێکەڵکردنی ڕەنگە ڕۆنی و ئاوییەکاندا یەکناگرێتەوەو ئەو تیشکە سپییە دروست نابێت، بۆیە لەکاتی بەریەك کەوتنی گورزە تیشکی خۆر لە بەرئەنجامدا تیشکی سپیش بەرهەم دەهێنێت، هەروەك لە وێنەکەدا دیارە.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

### چالاکی ناوپۆل

مامۆستا لەڕێگەی (ئاوێزە) وە ڕەنگەکان شی دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا پۆلێنی حەوت ڕەنگەکە دەکات، کە لە ئاوێزەکەوە دەرچووە، پاشان لەگەڵ قوتابییەکاندا دەکەوێتە گفتوگۆو ئەم پرسیارانەیان لێدەکات:



- ئایا ئاوێزەکە ڕەنگەکان شی دەکاتەوە؟
- ڕەنگە بنەڕەتییەکان بژمێرە.
- ڕەنگە مامناوەندییەکان بژمێرە.
- هۆکاری دروستبوونی ‹‹پەلکەزێڕینە›› چییە؟

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە (شەبەنگ):** بریتییە لەو ڕەنگانەی بەهۆی تیشکی خۆرەوە دروستدەبێت و لەڕێگەی ‹‹ئاوێزە››وە شی دەبنەوە بۆ حەوت ڕەنگی بنەڕەتی، کە ئەوانەن: ((وەنەوشەیی، نیللی، شین، سەوز، زەرد، پرتەقاڵی، سوور››.

**شیکردنەوەی تیشك (ڕەنگی شەبەنگ):** زانای ناوداری ئینگلیزی ‹‹ئیسحاق نیوتن›› دەڵێت: سەرچاوەی تیشکی سپی ڕۆژەو گورزە ڕەنگێکی جیاوازو فرەجۆر لەخۆ دەگرێت، بۆیە ئەگەر ئەم تیشکە سپییە بەر ‹‹ئاوێزە›› بدەین، ئەوا دەبینین تیشکە سپییەکە شی دەبێتەوە بۆ چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر، کە لە ڕەنگی وەنەوشەییەوە دەست پێدەکات، تا ڕەنگی سوور.

**ئاوێزە:** بریتییە لە پارچە شوشەیەکی سێگۆشەیی، هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی تیشی سپی خۆری بەرکەوتوو، یان (تیشکی گڵۆپ لە تاقیگە)دا بۆ حەوت ڕەنگی ئاویزەیی، کە بە شەبەنگ، یان پەلکەزێڕینە ناسراوە.

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ/ کاری بەکۆمەڵ. وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ/ ئاڕاستەکردنی پرسیار.

**مامۆستا ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابییەکان دەکات:**

- کێ پەلکەزێڕینەی لە ئاسماندا دیتووە؟
- لە چ وەرزێکدا پەلکەزێڕینە دەردەکەوێت؟
- ئایا ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە هەمان ئەو ڕەنگانەن، کە گورزەتیشکی خۆر هەیەتی؟
- یەک لەدوای یەک ژمارەی ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە بژمێرە.
- ئایا دەتوانی ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان لە کۆلکەزێڕینە جیابکەیتەوە؟

مامۆستا جارێکی دی ئاوێزەکە دەهێنێتەوە بەرچاوو تیشکە سپییەکە شی دەکاتەوە، پاشان قوتابییەکان دەکات بە سێ کۆمەڵەو هەر کۆمەڵەیەک (تیملیدەر)ێکی بۆ دادەنێت، دواتر ئەم کارانەیان پێ دەسپێرێت:



**کۆمەڵەی یەکەم:** ڕەنگە بنەڕەتییەکان دیاری دەکەن، پاشان پێکهاتەی ڕەنگە مامناوەندیەکانیش دەستنیشان دەکەن.



**کۆمەڵەی دووەم:** ڕەنگە مامناوەندییەکان دیاری دەکەن، پاشان پێکهاتەکانی ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە دەستنیشان دەکەن.



**کۆمەڵەی سێیەم:** ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکدەخەن.

لە کۆتاییدا ‹تیملیدەکان› بابەتەکەیان دەخەنە ڕوو، پاشان گفتوگۆی لەسەر دەکەن.

## سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستییە سەرەتاییەکان:** کارتۆنی سپی، کاغەزی نیگارکێشان، قەڵەم ڕەساس، ڕەنگی ئاوی، ئەکریلیك، پاستیل، فڵچەی ئاوی، ڕاستەو پرگال، ڕۆژنامەی بەسەرچوو.




**هۆکاری ڕوونکاری:** ئاوێزە، کارتۆنێکی سپی، تا ئەو ڕەنگانەی لێبدەین، کە لە ئاوێزەکەوە دەردەچێت، وێنەی ڕوونکاری، کلێشەی جۆراوجۆر، فیلم، داتاشۆ، گۆڤارو کتێب، کەلەبارەی ڕەنگەوە نوسراون، چەند وێنەیەکی کۆلکەزێڕینە.

## بڕگەی جێبەجێکردن



**چالاکی**

**کارامەیی:** کێشان و ڕێکخستنی ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان.

کێشان و ڕێکخستنی هونەرییانەی ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان بەشێوەیەکی هەرەمەکی بەم شێوەیە:

١- قوتابییەکان کەرەستەو ڕەنگەکانیان ئامادە بکەن.

٢- بەپێی پێویست ڕەنگە داواکراوەکان لەسەر پالێتەکە ڕۆبکەن.

٣- قوتابییەکان بەشێوەیەکی هەرەمەکی بە فڵچە ڕەنگەکان تێکەڵبکەن.



٤- لە باکگراوندی کارەکەدا بە ئاو ڕەنگەکە کاڵتر بکرێتەوە، تا پلەی ڕەنگی دەربکات و لەهەمانکاتیشدا هاوسەنگی ڕەنگی دروست بکات و پانتاییەکی زۆر پڕ بکاتەوە.

٥- لێگەڕێ، تا ڕەنگەکان وشك دەبێتەوە، پاشان بە پاستیل جارێکی تر بەو شوێنەی حەزی پێدەکەیت پێیاندا بچۆوەو جوانتریان بکە.

٦- ڕەچاوی پاکوخاوێنی شوێنکارو کارە هونەرییەکە بکە.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** تێبینیکردن.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی تێبینیکردن.

**ئەنجامی فێرکاری:**

- قوتابییەکان فێری ئەوە دەبن، کە تیشکی سپی خۆر شی دەبێتەوە بۆ حەوت ڕەنگی ئاوێزەیی (کۆلکەزێڕینە).
- قوتابییەکان ئەوە فێردەبن، کە لە ڕێگەی کۆلکەزێڕینەوە ڕەنگە بنەڕەتی و ماماناوەندییەکان دروست دەبن.

| ژمارە | ئاماژەکانی جێبەجێکردن | نرخاندن | |
|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر |
| ١ | دەزانێت چۆن تیشکی خۆر شی دەبێتەوە لە ڕێگەی ئاوێزەوەو پاشان حەوت ڕەنگ دروست دەکات. | | |
| ٢ | ڕەنگە بنەڕەتییەکان لە ئاوێزەوە دەردەچن. | | |
| ٣ | ڕەنگە ماماناوەندییەکان لە ئاوێزەوە دەردەچن. | | |
| ٤ | پشت بەخۆی دەبەستێت لە کاتی کارکردندا. | | |
| ٥ | ڕەنگەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاردەهێنێت. | | |
| ٦ | ڕەچاوی یاساکانی ئاسایش و خۆپارێزی دەکات. | | |

## لێکبەستن و لێکگرێدان:

مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ تەوەری چوارەم لە نیگارکێشان و دەربڕینی هونەری، بابەتی دیاردەی جیاوازی ڕەنگی لە کتێبی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی. ئەم باسکردنە دەبێتە هۆی پتەوکردنی زانیارییە هونەرییەکانی قوتابییەکان و بیرهێنانەوە لە یەک کاتدا. هەروەها لێکبەستنی وانەی کۆن بە وانەی تازەوە.

## چالاكی بەمەبەستی دەوڵەمەندكردن و چارەكردن

### چالاكی بەمەبەستی دەوڵەمەندكردن:

داوا لە قوتابییەكان بكە، تا یەكێك لەم نەخشەسازییانە جێبەجێبكەن:

- دیمەنی دەركەوتنی پەلكەزێڕینە لە وەرزی زستاندا.
- باكگراوندێكی ڕەنگاوڕەنگ بكێشە بۆ كۆلكەزێڕینە.



- نیگارێكی ڕەنگاوڕەنگ بكێشە بەومەرجەی وێنەی كۆلكەزێڕینەی تێدابێت.
- نەخشونیگارێك بكێشە بە ڕەنگی كۆلكەزێڕینە.

### چالاكی بەمەبەستی چارەكردن:

- منداڵەكان ڕابسپێرە، تا گڵۆپی هاتوچۆ بكێشن و هێماكانی ڕوودانی هاتوچۆ بكێشن و هۆكاری ڕووداوەكانیش دەستنیشان بكەن، وەپابەندنەبوون بە هێماو یاساكانی هاتوچۆوە، ڕەنگی كۆلكەزێڕینە بەكاربهێنە.
- نەخشەسازی بۆ پروپاگەندەكردنی ناوچەیەكی گەشتوگوزاری لە كوردستاندا بكە بە بەكارهێنانی ڕەنگی كۆلكەزێڕینە.





# وانەی دووەم

**تەوەر: نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا**

**بابەت: بنەماکانی نەخشەسازی (پەیوەندی نێوان شێوەکان).**

**وانە: دوورو نزیك (پۆستەرەکانی گەشتوگوزاری).**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە**

---

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

**قوتابییەکان هەست بە پەیوەندی نێوان شێوەکان دەکەن.**

### سوودە کارامەییەکان

**قوتابییەکان نەخشەسازی بۆ پۆستەرەکانی گەشتوگوزار دەکەن و گرنگیش بە شێوەکان دەدەن.**

### سوودە ویژدانییەکان

**قوتابییەکان هەستی تێبینیکردن و وردبینییان گەشە دەکات.**

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

**مامۆستا قوتابییەکان هان دەدات بەم پرسیارانە:**

- **نموونەی چەند شێوەو پارچەیەکی دوورو نزیك بهێنەوە، کە لە سروشتدا بن.**
- **جیاوازی بکە لە نێوان قەبارەی شێوە دوورو نزیکەکانی ناو سروشت.**
- **چۆن قەبارەی تاوەری تەلەفۆن و درەختەکانی کەمەر شەقامەکە دەبینیت؟**
- **لە کاتی بینیندا چۆن هاوتایی نێوان تاوەرو درەختە دوورو نزیکەکان دەکەیت؟**

## بڕگەی خۆئامادەکردن

**مامۆستا ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕوون دەکاتەوە، کە سەرنجدان لە سروشت و وردبینی لە تێبینیکردن و گونجاندن لە نێوان شێوەو هاوتاییەکان لە یەك کاتدا زۆر گرنگن بۆ هەستی بینین، چونکە ئەوە چاوە شتەکان لێکجیادەکاتەوە و خاڵی جیاکارو لێکچوو دەستنیشان دەکات. هەروەها هەستی بینین شتە دوورو نزیکەکان دیاری دەکات و دوورەکان بە بچووك و نزیکەکان بە گەورە پیشان دەدات.**

واتە، تا شتەکان نزیکتربن ڕوونترو گەورەتر دەردەکەون و هەتا دورتربن بچووکتردەبن و لە ئاستی بینین ون دەبن. بەم کردارەش دەڵێین ‹‹خاڵی ونبوون››.



قوتابییەکە شێوە نزیکەکان بە گەورەیی دەکێشێت.



قوتابییەکە شێوە دوورو نزیکەکان پێکەوە دەکێشێت.



قوتابییەکە هەوڵیداوە شێوە دوورو نزیکەکان بە ڕوونی دیاری بکات لەناو تابلۆکەدا.

پاش ئەو هەموو تێبینی و سەرنج و زانیارییانەی پێویستە مامۆستاو قوتابی بیزانن، ئەوا مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، تا پۆستەری گەشتوگوزاری دروست بکەن، یان بکێشن، بە ڕەچاوکردنی دووری و نزیکی شێوە بینراوەکان و دیاریکردنی ناوچە مێژووییەکان، یان ناوچە گەشتوگوزارییەکانی کوردستان.




پۆستەرێکی گەشتوگوزاری لە کوردستان، کە ناوچەیەکی دێرین لە زاخۆ پیشان دەدات.




پۆستەرێکی گەشتوگوزاری لە کوردستان، کە ناوچەیەکی گەشتوگوزاری لە کوردستان پیشان دەدات.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

هانی قوتابییەکان بدە سەردانی ناوچە گەشتوگوزاریی و مێژووییەکانی کوردستان بکەن و تێبینی و هاوتایی نێوان شێوەو شتەکان بکەن. هەروەها تێبینی شێوە دوورو نزیکەکان بکەن و سەرنج بخەنە سەر شتەکانی دەوروبەریان.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**هاوڕێژەیی (هاوتایی):** بریتییە لە گونجاندنی نێوان شێوەو پارچەکان لەگەڵ یەکتریدا، بەمەبەستی چێژبەخشین و ئارامبەخشین بە بینەر.

**دوورو نزیک:** نزیك، بریتییە لەو شێوە نزیکانەی بەرچاو، کە قەبارەیان ڕوونترو گەورەتر دەردەکەون، بەڵام دوور، بریتییە لەو شێوانەی دوورن لەبەرچاوو قەبارەیان بچووك و ناڕوون دەردەکەون.

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** پلانی وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ/ پرسیارکردن. پلانی وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ/ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە/ شیکردنەوە.

**مامۆستا ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابییەکان دەکات:**

- هەندێك لە شوێنە گەشتوگوزارییەکانی کوردستان بڵێ.
- ئایا سەردانی ئەو شوێنانەت کردووە؟
- کێ قەڵای دێرینی هەولێری دیتووە؟
- واتای نەخشەسازی هونەری چییە؟
- ئایا نەخشەسازی هیچ کاریگەری لەسەر برەودانی گەشتوگوزاری هەیە؟
- جیاوازی بکە لە نێوان شێوە دوورو نزیکەکان لە قەبارەو وردەکاری و ڕەنگدا.

**مامۆستا کۆمەڵێك وێنەی ناوچە گەشتوگوزاری و دێرینەکانی کوردستان پیشانی قوتابییەکان دەدات، بەمەبەستی گەشەپێدان و برەودانی ئەم ناوچانەی کوردستان و لە هەمانکاتیشدا زانیاری نوێ بە قوتابییەکە دەدات و هەستی بەخۆزانی لا دروست دەبێت و گەشە دەکات و لە هەمانکاتیشدا دووری و نزیکی بە وردی هەست پێدەکات و لەسەر شتەکان دەوەستێت و هەروا بە ئاسانی بەسەریاندا ڕەت نابێت.**



## سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستییە سەرەتاییەکان:** دەفتەری وێنە، کاغەزی نیگارکێشان، قەڵەم ڕەساس، قەڵەمڕەنگی دار، پاستیل، ڕەنگی ئاوی (وشك، یان ئەکریلیك).

**هۆکاری ڕوونکاری:** وێنەو شێوەی ڕوونکاری، کە بیرۆکەی دووری و نزیکی پیشان بدات، نمایشی فیلمی ڕوونکاری لە بارەی پیشاندانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی کوردستان، نمایشی پۆستەرو وێنەی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی کوردستان، نمایشی کاری هونەری جێبەجێکراوی قوتابییەکان.

## بڕگەی جێبەجێکردن

### چالاکی ١:

**کارامەیی:** کارێکی نەخشەسازی هونەری بۆ ناوچەیەکی دێرین لە کوردستان ئەنجام دەدەن.

قوتابییەکان پێکهاتەو نەخشەسازییەکی ساکار بۆ ناوچەیەکی دێرینی کوردستان ئەنجام دەدەن، بەو مەرجەی لە کارە هونەرییەکەدا ڕەچاوکردنی گرنگی هاوتایی (هاوڕێژەیی) لە نێوان شێوە گەورەو بچووکەکاندا بکەن.

### چالاکی ٢:

**کارامەیی:** کارێکی نەخشەسازی هونەری ئەنجام دەدەن و پێکهاتە سەرەکییەکە زەق دەکەنەوە.

جێبەجێکردنی کارێکی نەخشەسازی هونەری، بەو مەرجەی شێوە سەرەکییەکە زەق بکرێتەوەو لە هەمانکاتیشدا جیاوازی پێبکرێت لەگەڵ ئەو شێوانەی لە دەوروبەریدا هەن.

## لێکبەستن و پێکگرتن

مامۆستا دەتوانێت بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی بیرۆکەی قوتابییەکان، ئەوا بۆ جارێکی دی هانا بۆ وانەی سێیەم لە تەوەری دەربڕینی هونەری بە هێڵکاری لە (پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی) بەرێت و لێکی ببەستێتەوە بەم وانەیەوە. لە هەمانکاتیشدا دەستەواژەو توانستە لەپێشینەکان جارێکی دی بەبیر قوتابییەکان بهێنێتەوەو لەگەڵ ئەم وانەیەدا لێکیانگرێبدات و پێکیانببەستێت.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی نرخاندن.

**ئەنجامی فێرکاری:** قوتابییەکان نەخشەسازی بۆ شێوەو پێکهاتە مێژوویی و دێرین و ناوچە گەشتوگوزارەکان دەکەن و هەروەها ڕەچاوی هاوڕێژەیی لە نێوان شێوە بچووك و گەورەکاندا دەکەن.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینیکردن لەکاتی جێبەجێکردندا | هەمیشە | هەندێکجار | بەدەگمەن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەمیشە ڕەنگ و قەڵەمم پێیە. | | | |
| ٢ | قەڵەمڕەنگەکانم ئامادەن بۆ نیگارکێشان و ڕەنگکردن. | | | |
| ٣ | گوزارشت لە دوورو نزیك دەکەم بەپێی داواکاری. | | | |
| ٤ | هاوتایی بەکاردەهێنم لە نێوان پارچەو شێوەکاندا. | | | |
| ٥ | ڕەنگە دروستەکان بەکاردەهێنم بۆ شێوەکان. | | | |
| ٦ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی دەکەم لەکاتی کارکردندا. | | | |
| ٧ | سوود لە تێبینی و سەرنجەکانی مامۆستا وەردەگرم. | | | |
| ٨ | کاتی دیاریکراو گونجاوە بۆ جێبەجێکردن. | | | |

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

**چالاکی بەمەستی چارەکردن:** مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، تا نەخشەسازی هونەری بۆ چەند دیمەنێکی ساکاری ناوچە سروشتییەکان بکێشن، بە ڕەچاوکردنی هاوڕێژەیی لە نێوان شێوەکاندا بەمەبەستی برەوپێدان بە گەشتوگوزار.

**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:** مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، تا تابلۆیەکی هونەری و دیمەنێکی ناوچە گەشتوگوزارییەکان لە شێوەی دیواربەندی لەسەر دیواری قوتابخانەکەیان بکێشن، بە ڕەچاوکردنی هاوڕێژەیی لە نێوان نوسین و شێوەکاندا، بەتایبەت (دوورو نزیك).

# وانەی سێیەم

**تەوەر: نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا**

**بابەت: بنەماکانی نەخشەسازی (دەرخستنی ڕووگە).**

**وانە: دەرخستنی ڕووگە لە ڕێگەی ڕەنگ و لکاندنەوە (کۆلاج).**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە**

---

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

**قوتابییەکان ئاشنایەتییان بە ناسینی ڕووگەی جیاواز دەبێت لە ڕێگەی ڕەنگ، یان کەرەستەی جیاوازی وەك: لکاندن (کۆلاج).**

### سوودە کارامەییەکان

**قوتابییەکان نەخشەسازی هونەری ساکار جێبەجێدەکەن لە ڕێگەی ڕەنگ، یان کەرەستەی جیاوازی بەکارهاتووی وەك: لکاندن (کۆلاج).**

### سوودە ویژدانییەکان

**قوتابییەکان بەهای کاری خۆیان و هاوڕێکانیان دەزانن.**

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

**مامۆستا ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابییەکان دەکات:**

- **چەند نموونەیەکی ڕووگەی زبرم پێ بڵێ، کە لە سروشتدا بوونیان هەبێت.**
- **جیاوازی لە نێوان جلوبەرگی زستانەو هاوینەدا بکە لەڕووی ڕووگەوە.**
- **جیاوازی بکە لە نێوان ڕووگە بینراوو دەستلێدراوەکاندا.**

## بڕگەی خۆئامادەکردن

ئەکی مامۆستایە وانەکۆنەکانی پۆلی چوارەم بەبیر قوتابییەکان بهێنێتەوە، کە باس لە ڕووگە جیاوازەکان دەکات و بە شێوەیەکی ورد خوێندوویەتی. واتە ئەم بەبیرهێنانەوەیە دەچێتە خزمەتی وانەکەمانەوەو توانستی زانیارییەکان لای قوتابی بەهێزو چەسپاو دەکات، ئەمەش خزمەتێکی گەورە دەگەیەنێت بە وانەکەمان. کەواتە ناسینەوەو بەبیرهێنانەوەی ڕووگە جیاوازەکان لەناو سروشتی کوردستاندا زۆر گرنگەو کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر زانیارییەکانی قوتابی دروست دەکات، جا لەهەموویان گرنگتر ئەوەیە مامۆستا ئەم ڕووگە جیاوازانە بە کەرەستەو شمەکی جیاواز بە قوتابییەکان دروست بکات و بیان سازێنێ لە وانە کردارییەکەداو لە نزیکەوە قوتابییەکان بەکاری بهێنن. هەروەها جیاوازی کردن لە نێوان هەموو ئەو کەرەستەو شمەکانەدا، کە هەریەکەیان ڕووگەی تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆ نموونە: شتەکانی ناو سروشت، ڕەنگی باڵندەکان، ئاژەڵەکان، پەپوولەکان، کە هەریەکێك لەوانە ڕووگەی ڕەنگی جیاوازییان هەیە، وەك خاڵەکوتی، نەرم و گڕ، کە هەریەکەیان بەجۆرێك لە جۆرەکان نەخشونیگاری تایبەت بەخۆیان بە جەستەیانەوەیە، بۆیە دەبێت مامۆستا ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕوون بکاتەوە، کە ئەو ڕووگەیەی بە پاستیل دەکێشرێت جیاوازە لەو ڕووگەیەی، کە بە ڕەنگی ئاوی دەکێشرێت، چونکە هەریەکەیان ڕووگەی ڕەگیان جیاوازە. واتە ڕووگەی پاستیلەکە زبر ترە لە ڕووگەی ڕەنگە ئاوییەکە، ئەوە بۆ هەموو کەرەستەو شمەکەکان هەمان یاسا دەیانگرێتەوە. کەواتە لێکچوون و جیاوازی هەیە لە ڕووی ڕووگەییەوە لە نێوان شتەکاندا. هەروەها پێویستە مامۆستا ئەوە بۆ قوتابییەکانیش ڕوون بکاتەوە، کە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی ڕەنگەکانەوە جۆری ڕووگەکە دیاری بکەین، وەك: ڕووگەی نەرم، زبر، ڕەق، لوس... ئەوە جۆری ڕەنگەکەیە ڕووگەکە دیاری دەکات.



تابلۆی خانمە هونەرمەندی کورد (ڕووناك عەزین).



تابلۆی هونەرمەندی کورد (قەرەنی جەمیل).

**ڕووگەی هەردوو تابلۆکە زبرە، ئەمەش لەڕێگەی ئەو کەرەستەو ڕەنگانەوەیە، کە هەردوو هونەرمەند بەکاریان هێناوە.**

## چالاكی ناو پۆل

دەتوانین بۆ دروستكردنی ڕووگەی جیاواز چەندین كەرەستەی خاوی جۆراوجۆر بەكاربهێنین، بەتایبەت لە ڕێگەی كاركردن بە لكاندن.

**شێوازی جێبەجێكردن:** كاركردن بە كۆمەڵە/ فێربوونی كاری هەرەوەزی.

**سەرچاوەی فێركاری:** ڕۆژنامەی بەسەرچوو، گۆڤار، قوماش، گونییە، پلاستیك، كانزا، شوشە، خوری، كارتۆن، هێلم، چەندین شێوەی ڕازاندنەوەی ئامادە، ڕەنگی ئاوی (ئەكریلیك)، فڵچە، پالێت، قاپێكی قوڵ، كاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە.




دووكاری هونەری قوتابییان، كە كەرەستەو شمەكی جیاوازیان بەكارهێناوە بۆ دەرخستنی ڕووگەی جیاواز لە ڕێگەی كارێكی هونەری لكاندنەوە (كۆلاج). بیرۆكەی جیاواز و دەرخستنی جۆراوجۆر.








بەكارهێنانی كاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگەی لاستیكی بۆ دروستكردنی هەندێك شێوەی هونەری جۆراوجۆر، بەمەبەستی دەرخستنی چەند ڕووگەیەكی جیاواز.



قوتابی كاتێك لە تاقیكردنەوەی یەكەمدا ئەزموون وەردەگرێت، ئەوا بێگومان لە كارەكانی داهاتوویدا سوود وەردەگرێت و دەزانێت چی دەكات و چۆن دەكات؟ بۆیە هەوڵدەدات كەرەستەو شمەكی جیاوازترو نوێ بەكاربهێنێت، تا ڕووگەی جیاواز دەربخات لە كارە هونەرییەكەیدا، وەك ئەم تابلۆیە.

## یەكەی وانەكەو ناساندنی

**ڕووگە:** گوزارشتكردنەكە بریتییە لەو تایبەتمەندییە هونەرییانەی بەكارهاتوون لە سەر ڕووی تابلۆكە بۆ دەرخستنی بابەتە هونەرییەكەو هەستپێكردنی لەڕێگەی هەستی بینین و دەستلێدانەوە، كە ئەوانەش یەكێكن لە پێكهاتەی كارە هونەرییەكە.

**لكاندن (كۆلاج):** لە بنەڕەتدا وشەیەكی (فەرەنسی) یە، بە واتای بڕین و پارچە پارچەكردنی كاغەزو پاشان لكاندنی لەسەریەك، بە بەكارهێنانی كەرەستەی جیاواز، بەمەبەستی دەرخستنی ڕووگەی شێوە جیاوازەكانی كارە هونەرییەكە.

**ڕووگە بینەوەرییەكان[*]:** بریتییە لەو شێوانەی بینراوو بەرجەستەن لە وێنەكەدا، سەرەڕای لە وێنەكەدا ڕووگەكەی نەرمە، ئەوەش لەڕێگەی بینەوەرەوە هەستی پێدەكرێت.

**ڕووگە هەستییەكان:** بریتییە لە جۆراوجۆری لە بەرزی و نزمی و هەڵتۆقوی لە ڕووگەكەیدا. واتە دەتوانین بەهۆی دەستلێدانەوە ڕووگەی شێوەكە دیاری بكەین.

## پلانی فێركاری

**ئامانج:** فێربوون لەڕێگەی چالاكییەوە.

**مامۆستا چالاكییەك لە شێوەی پرسیاركردن سازدەكات، بۆ نموونە:**

- مەبەست لە ڕووگە چییە؟
- چەند نموونەیەكم لە ڕووگەی كەرەستەی جیاواز پێ بڵێ.
- ئایا جیاوازی هەست پێدەكەیت لە نێوان ڕووگەی نەرم و زبردا؟ نموونەیەكم لە سروشتدا پێ بڵێ.
- ئایا هیچ جیاوازییەك هەیە لە نێوان ڕووگەی تابلۆیەكی كێشراو بە پاستیل، لەگەڵ تابلۆیەكی كێشراو بە ڕەنگی ئاوی؟
- ئایا دەتوانین چەندین ڕووگەی جیاواز دروست بكەین بە ڕێگەی لكاندن (كۆلاج).
- واتای لكاندن (كۆلاج) چییە؟

---

(*) ڕووگەی بینەوەریەكان: ئەم دەستەواژەیە لەبری ‹‹الملامس البصرية››ی عەرەبی دانراوە. مامۆستا ‹‹مەسعوود محەمەد›› لە كتێبی ‹‹زاراوەسازی پێوانەدا›› پێی وایە ‹‹البصري›› كوردییەكەی ‹‹بینەوەر››ە و عەرەبی و كوردیەكەش لە بەرانبەر وشەی ئینگلیزی ‹‹Optic›› بەكارهێنراوە.

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات سەیرێکی سروشت و دەوروبەریان بکەن، پاشان پشت بە بینینی خۆیان ببەستن و یادی شتەکانی ڕابردوو بکەنەوە، کە لە ڕابردوودا بینیویانە و بۆ جارێکی تر بیهێننەوە بەرچاوی خۆیان.

مامۆستا قوتابییەکان دەکاتە چەند کۆمەڵەیەك و هەرکۆمەڵەیەکیش تیملیدەرێکی بۆ دادەنێت. هەر کۆمەڵەیەك ڕووگەیەك هەڵدەبژێرێت، تا دروستی بکات، یان بیکێشێت بە ڕێگەی لکاندن، یان پاستیل، یان بۆیەی ئاوی، بەڵام بەو مەرجەی وێنەکە گوزارشت لە بۆنەیەکی نیشتیمانی کوردستان بکات، یان ناوچەیەکی گەشتیاری کوردستان پیشان بدات. دواتر تابلۆ کێشراوەکان لە ڕێگەی کۆمەڵەکەوە نمایش دەکرێت و پاشان گفتوگۆی لەسەر دەکەن لە ڕێگەی تیملیدەرەکەوە.







تابلۆی خانمە هونەرمەندی کورد (ناز حەکیم). بە دوو شێوەی جیاواز کاری کردووەو دوو کەرەستەی جیاوازیشی بەکارهێناوە لە تابلۆکانیدا، جیاواز لە (بابەت، کەرەستە، شێوە)دا و ڕووگەی هەردوو تابلۆکەش جیاوازن (یەکیان زبر و ئەوی تریش نەرم).

## سەرچاوەی فێرکاری

**کەرەستەو پێداویستییە سەرەتاییەکان:** کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، قەڵەم ڕەساس و ڕەنگی ئاوی، فڵچە، پاستیل، قەڵەمڕەنگی دار، قوماش، کانزای جیاواز، شوشەی نەخشکراو، گەڵای درەخت، کەرەستەو شمەکی جیاواز.

**هۆکاری ڕوونکاری:** وێنەی جۆراوجۆری رووگە جیاواز، وێنەی ڕووگە جیاوازی سروشتی، تابلۆی ئەو قوتابییانەی لە ڕابردوودا کێشاویانە، تابلۆی ئامادەکراوی لکاو (کۆلاج)، فیلمی دیکۆمێنتاری باس لەسەر ڕووگەی جیاواز بکات.

## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

### چالاکی

**کارامەیی:** نەخشەکێشانی پۆستەرێکی گەشتوگوزاری بۆ ناوچەکەی خۆت.

جێبەجێکردنی نەخشەکێشانێکی گەشتوگوزاری بۆ ناوچەکەی خۆت لە ڕێگەی لکاندنەوە (کۆلاج)، کە گوزارشت لە بوارێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری ناوچەکە بکات، وەك بواری پروپاگەندە دەربکەوێت بۆ ناوچەکەی خۆت، بەم شێوەیە:

١. قوتابییەکان کەرەستەو شمەکی فڕێدراوی ناوچەکە کۆدەکەنەوە.

٢. قوتابییەکان وێنەی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکەیان کۆدەکەنەوە، وەك(قەڵای هەولێر، پردی دەلال، قەڵای شێروانە، تۆپەکەی مام ڕەجەب لە ڕواندز، دەروازی ئامێدی، پەرستگای زردەشتی لە دهۆك، سەرچنار...) هەر قوتابییەك گرنگی بە وێنەی ناوچەکەی خۆی بدات.

٣. قوتابییەکان وێنەی شتە فۆلکلۆری و میللییەکان کۆدەکەنەوە (دەسماڵ، بەرهەڵبێنە، جەمەدانی، کڵاو، سندوڵ(*)، خەرمانکوت...).

٤. قوتابییەکان وێنەی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی خۆیان دەکێشن لەگەڵ شتە فۆلکلۆری و میللییەکاندا.

٥. قوتابییەکان وێنەی شوێنە گەشتوگوزارییەکان لە شوێنی تایبەتی ناو تابلۆکە دەدەن.

٦. لە کۆتاییدا پۆستەرێکی فرەجۆری گەشتوگوزاری و میللیمان چنگ دەکەوێت.

---

(*) سندوڵ: بەو چاڵەبەردینە دەگوترێت، کە شتی تێدا دەکوترێت. مامۆستا خاڵ، لە فەرهەنگی خاڵدا لە لا٢٥٩دا دەڵێت: سندوڵ: دۆڵی بەرد، کە شتی تێدا دەکوترێت. جا ئەشتەکە گەنم بێت، یان جۆ.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی نرخاندن.

**ئەنجامی فێرکاری:** قوتابییەکان چەند نەخشەسازییەکی ساکاری جیاواز جێبەجێدەکەن لە ڕێگەی لکاندنەوە، بەمەبەستی پڕوپاگەندەی گەشتوگوزاری، یان فۆلکلۆری و هونەری میللی.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینیکردن لەکاتی جێبەجێکردندا | نایاب | زۆرباش | باش | بەسەند |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەنگە گونجاوەکان ئامادە دەکات. | | | | |
| ٢ | کاغەزەکە بەباشی لەسەر مێزەکە جێگیر دەکات. | | | | |
| ٣ | قەڵەمڕەنگەکە بەباشی لەناو دەستی دەگرێت. | | | | |
| ٤ | ڕەنگە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان بە باشی بەکاردەهێنێت بۆ دەرخستنی ڕووگەی جیاواز. | | | | |
| ٥ | کەرەستەو ڕەنگەکان بە وردەکارییەوە بەکاردەهێنێت. | | | | |
| ٦ | لەکاتی کارکردندا پشت بەخۆی دەبەستێت. | | | | |
| ٧ | ڕووگەی جیاواز بە ڕێگەی لکاندن دروست دەکات. | | | | |
| ٨ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی دەکات. | | | | |

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

**چالاکی بەمەبەستی چارەکردن:** مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، تا بە کەرەستەو شتی جیاواز پێکهاتەیەکی هونەری سادە بنەخشێنن بە ڕێگەی‹‹لکاندن››، بەمەبەستی سازکردنی ڕووگەی جیاواز.

**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:** مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، تا بیرۆکەیەکی پڕوپاگەندەیی بۆ ناوچەیەکی گەشتوگوزاری خۆیان بکێشن، سەرەتا دەبێت نەخشەسازی بۆ کارەکە بکەن و پاشان جێبەجێی بکەن بە ڕێگەی ‹‹لکاندن››، تا ڕووگەی جیازی شتەکان دەربکەوێت.

**پێویستە مامۆستا گرنگی بە ناوچەی قوتابییەکان بدات، پاشان بیر لە هەموو ناوچەکانی تری کوردستان بکاتەوە، چونکە، تا قوتابی ئاشنایەتی لەگەڵ ناوچەکەی خۆی پەیدا نەکات، چۆن دەتوانێت لە ناوچەکانی تری کوردستان تێبگات!**



هونەرمەندی کورد (د. جەزا بەکر) لە ساڵی (١٩٦٣) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. لە ساڵی (١٩٨٨) ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی لە شاری بەغدا تەواو کردووە. چەندین پێشانگەی لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان کردۆتەوە. خاوەنی شێوەی کارکردنی تایبەت بەخۆیەتی و نەرم و پشوودرێژە لە کارکردندا، هێڵی نەرم و ڕەنگی گەرم لەناو ڕەنگە ساردەکاندا بەکاردەهێنێت. خاوەنی چەند کتێبێکی هونەری و چەندین بابەتی تری هونەرییە، کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.











هونەرمەندی کورد (عوسمان ڕەسوڵ) ناسراو بە (عوسمان نەسرەوت) لەساڵی (١٩٦٦) لە شاری قەڵادزێ لە دایکبووە. دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانییە ساڵی (١٩٨٧). چەندین پێشانگەی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان کردۆتەوە. خاوەنی چەندین شێوازی کارکردنە لە بواری نیگارکێشانداو تا ئێستا خۆی یەکلا نەکردۆتەوە لە هەڵبژاردنی شێوازی کارکردن بە ڕەنگ و کەرەستەی جیاواز.















# وانەی چوارەم

**تەوەر: نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا**

**بابەت: بوارەکانی نەخشەسازی (یەکەی ڕازاندنەوە).**

**وانە: نیگارکێشان بە یەکەی ڕازاندنەوە.**

**کاتی دیاریکراو: ١ وانە**

---

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

**قوتابی ئاشنایەتی لەگەڵ یەکەکانی ڕازاندنەوەدا دەکات.**

### سوودە کارامەییەکان

**قوتابی یەکەکانی ڕازاندنەوە دەکێشێت بە بەکارهێنانی شێوەی ئەندازەیی ڕێک و ناڕێک و پاشان دووبارەیان دەکاتەوە.**

### سوودە ویژدانییەکان

**قوتابی فێری وردەکاری و پشوودرێژی دەبێت لەکاتی کارکردندا.**

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکاری پێشوەخت

**مامۆستا ئەو کارە نەخشەبۆکێشراوە ڕازاندنەوەییانەی لە پۆلی چوارەمدا خوێندبوویان، جارێکی دی پیشانیان دەداتەوە، تا بەها جوانەکانییان بیربخاتەوەو گرنگیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پێبزانن لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی ئەم پرسیارانەوە:**

- **جۆرەکانی ڕازاندنەوە چەندن؟**
- **لە کوێدا ڕازاندنەوە بەکاردەهێنرێت؟**
- **بۆچی ڕازاندنەوە بەکاردەهێنرێت؟**

## بڕگەی خۆئامادەکردن

بەدڵنیایی بۆ جێبەجێکردنی ئەم وانەیە پێویستە مامۆستا هانا بۆ ئەو شتانەی دەوروبەری قوتابی بەرێت، تا قوتابییەکان لە نزیکەوە ئاشنایەتی پەیدا بکەن و لە نزیکەوە لە مەبستەکە تێبگەن و دووبارە کاری هونەری نەخشەسازی و ڕازاندنەوەی پێ ئەنجام بدەن. واتە مامۆستا سوود لە ژینگەی دەوروبەری قوتابییەکە وەردەگرێت، تا بەهای جوانی شتەکانی لەلا ڕوون بێت، جا لەڕووی شێوەوەبێت، یان لە ڕووی ڕەنگییەوەبێت.

ڕازاندنەوەی یەکەیەکی دووبارەبوونەوەیە بە شێوەیەکی دیاریکراوو ڕێکخراو، ئەم ڕازاندنەوەیەش لە هونەری تەلارسازی کوردی و تەونکاری کوردی و ڕستن وچنیندا بە ئاشکرا هەستی پێدەکەین و لە پۆلی چوارەمدا بەڕوونی لەسەری دواین و پێویستە مامۆستا جارێکی دی بچێتەوە سەر ئەو باسە. هەندێکجار ڕازاندنەوە دابەش دەبێت بۆ: ڕازاندنەوەی گژوگیایی، مرۆیی، ئەندازەیی، ئاژەڵی، جا ئەم شێوە ڕازاندنەوانە بۆ جارێکی دی بەکاردەهێنێنەوە لە کاری نووسین و ڕازاندنەوەی تەلارسازی و قاپ و خشڵ و جلوبەرگ و چەندان شتی تر..









نموونەی چەند ڕازاندنەوەیەکی ئەندازەیی ناڕێك.







نموونەی چەند ڕازاندنەوەیەکی ئەندازەیی ڕێك، کە چەندین شێوەی جیاواز بەکارهاتووە بۆ ڕازاندنەوەی نەخشەسازی یەك لەدوای یەك پەیڕەوکراوە لە دانانی یەکەکانی ڕازاندنەوەدا، قوتابییەکە ڕەچاوی شێوە ئەندازەییە دووبارەبووەکانی کردووەو هاوسەنگی کارەکەی پاراستووە.





یەکەی ڕازاندنەوە لە بواری خۆشنووسیندا، هەستێکی جوان لای بینەر دروست دەکات و چێژبەخش و هاوسەنگە.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

-چۆن دەتوانین یەکەی نەخشەسازی و ڕازاندنەوەی ساکار بۆ هۆڵی دانیشتن و تەلاری قوتابخانەو گۆڕەپانەکەی بنەخشێنین؟

-چەند وێنەیەکی ڕازاندنەوەی ئیسلامی نمایش بکە.

-یەکێك لە ڕازاندنەوەکە دەستنیشان بکەو پاشان دووبارەی بکەنەوە یەك لەدوای یەك بۆ ئەو شوێنەی دیاریتان کردووەو دواتر ڕەنگی بکەن.

## یەکەی وانەکە و ناساندنی

**یەکەی ڕازاندنەوە:** بریتییە لە شێوەی ڕێك و ناڕێك، لەوانەیە ڕاستەوخۆ بکێشرێت، یان سروش لە ئەندازەیی، یان گیایی، یان خۆشنووسی، یان مرۆیی، یان ئاژەڵی وەرگیرابێت، دواتر دەتوانین ئەم ڕازاندنەوەیە دووبارە بکەینەوە، تا لەناو تابلۆکەدا یەکەیەکی ڕازاندنەوەی تەواومان بۆ پێکبهێنێ.

**ڕازاندنەوەی گیایی:** ئەم ڕازاندنەوەیە سوودی لە گژوگیا وەرگرتووە، وەك: گیا، گەڵا، لاسك، گوڵ، ئەم نەخشونیگارانە بۆ مەبەستی ڕازاندنەوە بەکاردەهێنرێن و ئاستی جوانی کارە هونەرییەکە بەرز دەکەنەوە.



**ڕازاندنەوەی خۆشنووسی:** پیتی کوردی بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی ڕازاندەوە و پێکهێنانی یەکەیەکی ڕازاندنەوە.

**ڕازاندنەوەی ئەندازەیی:** بریتییە لە شێوەی ئەندازەیی، وەك: سێگۆشە، چوارگۆشە، دەتوانین یەکەی ڕازاندنەوە لەم شێوە ئەندازەییانە دروست بکەین.

## پلانی فێرکاری

**ئامانج: کارکردنی بەکۆمەڵ/ هاریکاری و هەرەوەزی.**

مامۆستا تابلۆیەکی ڕازاندنەوە نمایش دەکات و دواتر هەنگاوەکانی دروستکردن بۆ قوتابییەکان شیدەکاتەوە، تا بزانن چۆن کێشراوە؟ چۆن دانراوە؟ چۆن کاری تێدادەکرێت؟ سەرچاوەی نەخشەکە چییە؟ ئایا گیاییە، یان خۆشنووسییە، یان مرۆییە، یان ئاژەڵییە، یان ئەندازەییە؟

پاشان قوتابییەکان دەکاتە سێ کۆمەڵە، بۆ هەرکۆمەڵەیەك تیملیدەرێك دادەنێت، دواتر ئەرکەکان دابەش دەکات بەسەر کۆمەڵەکاندا، بەم شێوەیە:

کۆمەڵەی یەکەم: پێکهاتەی ڕازاندنەوەی گیایی بە شێوەی دووبارە بوونەوە دەکێشن.

کۆمەڵەی دووەم: پێکهاتەی ڕازاندنەوەی ئەندازەیی دەکێشن بە شێوەی یەکتربڕو چونەسەریەك.

کۆمەڵەی سێیەم: پێکهاتەی ڕازاندنەوەی خۆشنووسی دەکێشن.

مامۆستا بەسەر کۆمەڵەکانەوە دەگەڕێت و سەرنج و تێبینی و زانیارییان پێ دەدات و ڕێنماییان دەکات لە کاتی کارکردندا، تا کارێکی جوان و خشت ئەنجام بدەن، دواتر لە کۆتایی کارەکەدا سەرپەرشتیاری کۆمەڵەکە نمایشی کارەکەیان دەکات و لەسەری دەدوێت و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی تردا دەکات لەبارەی کارە هونەرییەکەوە.







چەند دیمەنێکی ڕازاندنەوەی خۆشنووسی هونەرمەندی کورد (خەلیل عەلی)، چەندین کەرەستەو شێوازی کارکردن بەکارهێنراوە، تا تابلۆیەکی جوانی نەخشەساز پیشان بدات، سێ تابلۆی جیاواز (یەکتربڕ و چوونەسەریەك، بەتەنیشت یەکەوە).

## سەرچاوەی فێرکاری

کەرەستەو پێداویستی سەرەتایی: کاغەزی سپی، دەفتەرە وێنە، کارتۆن، قەڵەم ڕەساس، قەڵەمڕەنگی دار، پاستیل.

هۆکاری ڕوونکاری: گەڵا، گوڵ، میوە، نموونەی سروشتی، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ...

# ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

## چالاکی

**کارامەیی:** دووبارەکردنەوەی یەکەی ڕازاندنەوە بە شێوەی ئەندازەیی.



جێبەجێکردنی تابلۆیەکی نەخشەسازی ڕازاندنەوە، جا ئەم ڕازاندنەوەیە ئەندازەیی بێت، یان گیایی، یان خۆشنووسی، یان ئاژەڵی؟ بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانیت سوود لە هونەری ئیسلامی وەربگریت لەکاتی جێبەجێکردندا، تا کارێکی هونەری جوان و ڕێکوپێك بەرهەم بهێنێت، یان دەتوانێت بەکاریبهێنێت لە جوانکاری قوتابخانەکەیدا، یان لە بواری چاپگەریدا. بە گرتنە بەری ئەم هەنگاوانە:

١. قوتابییەکە، شێوەیەکی ئەندازەیی، یان گیایی، یان خۆشنووسی هەڵدەبژێرێت و دووبارەی دەکاتەوە.
٢. قوتابییەکە، یەکەی ڕازاندنەوەکە دووبارە دەکاتەوە بە قەبارەو شێوەی جیاوازو بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی و گونجاندن لەگەڵ یەکتریدا.
٣. قوتابییەکە، یەکەی ڕازاندنەوەکە بە کەرەستە ئامادەکراوەکان ڕەنگ دەکات.
٤. ڕەچاوی پاکوخاوێنی کارە هونەرییەکە دەکات.







هەندێك لە جۆرو شێوازەکانی نەخشەسازی و ڕازاندنەوە لە سەر کەرەستەو شمەکی جیاواز. هەروەها بەکارهێنانی ئەم ڕازاندنەوەیە لە سەر ڕووگەی فرەجۆردا.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** تێبینیکردن.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی چاودێری.

**ئەنجامی فێرکاری:** قوتابییەکان کۆمەڵێك یەکەی ڕازاندنەوە ئەنجام بدەن لە پێکهاتەی سروشتی، یان ئەندازەیی، یان گیایی، یان خۆشنووسی، یان مرۆیی، یان ئاژەڵی و پاشان دووبارەی بکەنەوە.

| ژمارە | ئاماژەکانی جێبەجێکردن | نرخاندن | |
|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر |
| ١ | بە باشی هێڵکاری دەرەکی بۆ یەکەی ڕزاندنەوەکە دەکێشێت. | | |
| ٢ | لەکاتی ساکارکردنەوەدا وردەکارییەکان لادەبات. | | |
| ٣ | هەندێ وردەکاری گرنگ بۆ ناو کارەکە زیاد دەکات. | | |
| ٤ | لەکاتی گۆڕینی شێوەکەدا تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی تێك نادات. | | |
| ٥ | سوود لەو ڕازاندنەوانە وەردەگرێت بەمەبەستی جوانکاری. | | |
| ٦ | ڕێنماییەکانی مامۆستا بەهەند وەردەگرێت. | | |
| ٧ | ڕێز لە کاری هاوڕێکانی دەگرێت و ستایشیان دەکات. | | |

## لێکبەستن و پێکگرتن

مامۆستا بۆ پتەوکردنی زانیاری قوتابییەکانی جارێکی دی هانا بۆ بابەتی پێکهاتەکانی نەخشەسازی و شیکردنەوەی شێوەکان دەبات لە وانەی دووەمی تەوەری پێنجەمی نەخشەسازی، پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی.

چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

**چالاکی بەمەبەستی چارەکردن:** قوتابی دەتوانێت یەکەیەکی ڕازاندنەوەی ئەندازەیی، یان گیایی، یان خۆشنووسی جێبەجێبکات و پاشان ڕەنگی بکات.

**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:** قوتابی دەتوانێت یەکەیەکی ڕازاندنەوەی ئەندازەیی، یان گیایی، یان خۆشنووسی، یان ئاژەڵی، یان مرۆیی جێبەجێ بکات و دواتر لەگەڵ قوتابییە هاوڕێکانیدا کارەکانیان لێکبدەن و پێکەوە بەشێوەیەکی دووبارەکردنەوە دیواربەندیەکی گەورەی پێدروست بکەن.

# وانەی پێنجەم

**تەوەر: نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا.**

**بابەت: بنەماکانی نەخشەسازی.**

**وانە: خۆشنووسی.**

**کاتی دیاریکراو: ٣ وانە**

---

## خۆشنووسی



**خۆشنووسی ناوداری کورد (ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەربیللی)**

## خەتی ڕوقعە

ئەمساڵیش، وەك پۆلی چوارەم، لە بواری خۆشنووسیدا گرنگی بە خەتی ڕوقعە دەدەین، چونکە سەرەتایەکی باشە بۆ ناسین و ڕاهاتن لەسەر خەتکێشیدا. واتە قوتابی کورد باشتر دەتوانێت لەگەڵ هێڵەکان هەڵبکات، چونکە لە پۆلی چوارەمیشدا ڕاهێنانی کردووەو ئاشنایەتی لەگەڵ هەندێك لە پیتەکاندا کردووە. هەروەها کەمێك لە یاساو ڕێساکانی خۆشنووسی تێگەیشتووە، ئەمەش هەنگاوێکی باشەو ئەمساڵ کارەکەمان ئاسانتر دەکات. کەواتە مامۆستای وانەی هونەر هەندێك هەنگاوی نەرمتر هەڵدەگرێت و ئێمەش کۆمەڵێك گۆڕانکاریمان لە شێوازی ڕاهێنانەکاندا کردووە، تا قوتابییەکە ئاسانتر دەست لەگەڵ قەڵەم و قامیشدا نەرم بکات و ئەو ترسەی پار هەیبوو، ئەمساڵ فەرامۆشی بکات.

**بۆ ڕاهێنان لەسەر خۆشنووسی، پێویستمان بە چەند کەرەستەیەك دەبێت، وەك:**

- ✓ قامیش
- ✓ قوتوی مرەکەب (قوتوەکە، لۆکەی تێبکەو دواتر کەمێك مرەکەبی بەسەردابکە).
- ✓ مرەکەبی چینی باشترینە بۆ ئەم کارەمان.
- ✓ پاندان، یان قەلەمی تایبەت بە خۆشنووسی هەیەو مەرەکەبی تێدەکرێت.
- ✓ ماجیکی تایبەت بە خۆشنووسی (دەمی ماجیکەکە بڕدراوە).
- ✓ بۆ کارەکەی ئێمە ماجیکەکە زۆر باشەو لەبازار دەست دەکەوێت و هەرزانە و جەستە پیس ناکات و بەئاسانی کۆدەکرێتەوەو هەڵدەگیرێت.
- ✓ کاغەزی سپی، (A4, A3) ئەگەر ئەوانەت دەست نەکەوت، هەوڵبدە لەسەر ڕۆژنامە، یان گۆڤاری بەکارهاتوو ڕاهێنان بکە. ڕاهێنان لەسەر شووشەی ڕوون زۆر باشەو نووسین لەسەری ئاسانەو باشتر فێردەبیت.
- ✓ کارکردن لە بواری خۆشنووسی، پێویستی بە دڵ و دەروونێکی ئارام هەیە.

## چەند کەرەستەیەکی خۆشنووسی:















قامیشی خۆشنوسی







**قامیشی خۆشنووسی، دەتوانرێت ئامادە بکرێت، تاقیبکەوە، دڵنیام دەتوانی.**

ناساندنی چەند پیتێك. خۆت هەوڵبدە پیتەكانی تریش بدۆزیتەوەو ڕاهێنانیان لەسەر بكە. سەیری جووڵەی تیرەكە بكە و ئاڕاستەیان لەیاد مەكەو دووبارەیان بكەوە. هەنگاو بە هەنگاو ئەنجامی بدە و پەلەمەكە و پشوو درێژبە و ئارام بگرە لە جێبەجێكردنیاندا.





بەسەر ئەم پیتانەدا بچۆوە.



ئەم ڕاهێنانە لەلایەن خۆشنووسی کورد ‹‹ئیسماعیل فەرەج›› ـەوە نوسراوە.

**بەسەر ئەم پیتانەدا بچۆوە:**







**بەسەر ئەم پیتانەدا بچۆوە:**



بەسەر ئەم پیتانەدا بچۆوە:







**بەسەر ئەم پەندەی پیرەمێردی شاعیردا بچۆوەو قەڵەم جافی ‹‹سۆفت›› ی ڕەش بەکاربهێنە:**

کە تۆ بۆ خۆشییت و جێژنت یادیان پێ دای

ئینجا بزانە کە مەردی خودای

ئەگەر بیمار و خەراپ حاڵت هەر دەمی کردی

ئەوسا بزانە کە تۆ نامەردی


کە تۆ بۆ خۆشییت و جێژنت یادیان پێ دای

ئینجا بزانە کە مەردی خودای

ئەگەر بیمار و خەراپ حاڵت هەر دەمی کردی

ئەوسا بزانە کە تۆ نامەردی

**بەسەر ئەم پەندەی پیرەمێردی شاعیردا بچۆوەو قەڵەم جافی ‹‹سۆفت›› ی ڕەش بەکاربهێنە:**

ئاو کە تینوێتی ئینسان دەشکێنێ
زۆر جاریش دەبێ پیاو دەخنکێنێ
ئاگر کە چێشت بۆ دەکوڵێنێ
خۆت نەپارێزی، دەست دەسوتێنێ .

ئاو کە تینوێتی ئینسان دەشکێنێ
زۆر جاریش دەبێ پیاو دەخنکێنێ
ئاگر کە چێشت بۆ دەکوڵێنێ
خۆت نەپارێزی، دەست دەسوتێنێ .

**ناو:** **پۆل:** **لق:**



خۆشنووسی کورد (عەلی حەسەن ئیبڕاهیم) ناسراو بە (عەلی زەمان) لە ساڵی (١٩٧١) لە شاری ڕانیە لەدایکبووە. لە ساڵی (٢٠٠٩) پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکانی تەواو کردووە. ئارەزووی لە خۆشنووسی بووەو لەسەردەستی مامۆستای خۆشنووسی کورد (ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەربیللی) ئاشنایەتی لەسەر یاساو ڕێساکانی خۆشنووسی پەیداکردووە. لە خەتی (سولس) دا یەکێکە لە خۆشنووسە جیهانییەکان و خاوەنی چەندین خەڵاتی جیهانییە لە بواری خۆشنووسیدا و بەشداری لە چەندین پێشانگەی خۆشنووسی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا کردووەو خەڵاتکراوە.





















**خۆشنووسی کورد (موحسین حسێن پیرۆت) ناسراو بە (محسن). لە ساڵی (١٩٤٤) لە زاخۆ لە دایکبووە. دەرچووی خانەی مامۆستایانە لە ساڵی (١٩٦٣). لە سەردەستی مامۆستای خۆشنووس (یوسف زەنون) ئاشنایەتی لەگەڵ خۆشنووسیدا پەیدا کردووە، بەتایبەت خەتەکانی (ڕوقعە، کوفی، دیوانی). وانەی خۆشنووسی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی گوتۆتەوە. بە شداری لە چەندین پێشانگەی نێودەوڵەتی خۆشنووسی کردووە لە تورکیە.**

















# تەوەری سێیەم



# کاردەستی Handcraft

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: قوڕکاری**

**وانە: دروستکردنی ڕووگەو شێوەی جیاواز بە قوڕ.**

**کاتی دیاریکراو: بەشە وانەکان دابەشکراون بەسەر وانە تایبەتمەندەکان.**

---

# قوڕکاری














مرۆڤ هەزاران ساڵە قوڕی ناسیوەو کاری پێکردووە، قاپ و گۆزەو دیزەی پێ دروستکردووە، تا کەرەستەو پێداویستییەکانی ناوماڵی پێ پڕبکاتەوە دواتر لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری بهێنێت، پاشان چەندین شێوازی جیاوازو جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوە بۆ دروستکردنیان، دواتر ئەم کەرەستانەی لەناو ئاگرێکی پلە بەرزدا جۆشداوە (سوورکردۆتەوە)، تا توندوتۆڵ و پتەوبێت و بەرگەی خوسانەوە بگرێت، ئێستا هەندێك لەو پاشماوە دێرینانەمان لەلایە، کە چەندین نەخشونیگاری لەسەر هەڵکۆڵدراوە، یان نەخشێنراوەو چیرۆکی ئەو سەردەمەمان بۆ دەگێڕنەوە، بۆیە ئێمەش لەم تەوەرەدا ‹‹قوڕ›› بەکاردەهێنین بۆ دووبار کارکردن بەم شێوازەی، کە مرۆڤی کۆن کاری تێداکردووە.

مرۆڤ لە کۆنەوە لەگەڵ قاپ و گۆزەدا ژیاوەو سەرەتا شێوەکەی سادەو ساکار بووە، بەڵام وردە وردە لەگەڵ هەڵکشانی ئەزموونی کارکردنیدا شێوەو نەخشونیگارەکانیشی گەشەیان کردووەو پێشکەوتوون و جوانکاری زۆرتری تێدا کردووە و لەڕووی پتەویشەوە پتەوترو بەهێزتری دروستکردووە. هەروەها لەگەڵ





گەشەسەندنی بواری ژیاری کۆمەڵگە، ئەوا جۆری قاپ و گۆزەکانیش گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، بە مەبەستی داخوازی زۆرتری کۆمەڵگە لەسەر ئەم کەرەستەوشمەکانە، شایانی باسە، بۆ دروستکردنی ئەم شمەکانەش سەرەتا مرۆڤ بە دەست کاری تێداکردووەو دواتر خولێنەوەی بەکارهێناوە ‹‹ویل، یان چەرخە››› پێشتر مرۆڤ ئەم خولێنەوانەی بە دەست، یان بە قاچ دەخولاندەوە، بەڵام ئێستا بە کارەبا دەخولێتەوەو مرۆڤ زۆر هەراسان و ماندوو ناکات. هەروەها زانستی ئەم پیشەیە هێندە پێشکەوتووە ئێستە بە قاڵب و ئامێری خۆکاری



(ڕۆبۆتی) کارەکان ئەنجام دەدرێت و بەرهەمی زۆرترە. بۆیە لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین بۆ دروستکردنی شێوەی قوڕکاری جوان، ڕێگەو شێوەی جیاواز بەکاربهێنین، تا ڕووگەو شێوەی گونجاو بەرهەمبهێنین و لە وانەکانی تردا ئەوە ڕوون دەکەینەوە.

## پێشبینی دەكرێت دوای خوێندنی ئەم تەوەرە قوتابی:

١. ئاشنایەتی باشتر لەگەڵ قوڕدا پەیدا بكات و توانای كاركردنی پێش بكەوێت.
٢. لەڕێگەی قوڕكارییەوە ڕووگەو شێوەو كاری هونەری جوان دروستبكەن.
٣. شێوەو پێكهاتەی جیاواز دروست بكەن، كە گوزارشت لە شتێك، یان بابەتێك بكات، وەك: دایكایەتی، بازاڕكردن، فرۆشیاری گەڕۆك، یان میوەفرۆش، یان هەرشتێك خۆی ئارەزووی بكات.
٤. قوتابییەكان ڕەچاوی پێكهاتەكانی شێوەو بابەت دەكەن و لێكیان گرێدەدەن.
٥. دەبینین ڕەچاوی پاكوخاوێنی و ڕێكخستن دەكەن.

## پێكهاتەی تەوەر

| ژمارە | بابەت | ژمارەی وانە |
|---|---|---|
| ١ | قوڕ، وەك كەرەستەی خاو | ٢ |
| ٢ | دروستكردنی پانتایی بە قوڕ | ٣ |
| ٣ | دروستكردنی شێوەی جیاواز بە قوڕ | ٣ |

گرنگترین كارێك پێویستبێت مامۆستا ئەنجامی بدات، بریتییە لە والاكردنی دەستی قوتابی لەكاتی كاركردنداو دواتر ئاراستەی بكات و ئنجا ڕێنمایی و زانیاری پێویستی پێ بدات. چاودێری كردن یەكێكی ترە لەو ئەركانەی دەكەوێتە سەرشانی مامۆستا، چونكە بێ چاودێری كارەكە ناچێتە پێش. ڕاستە لە پۆلەكانی ڕابردوودا كاری بە هەویركاری كردووە، بەلاّم وا وردە وردە ئاستی كاركردن دەچێتەسەرو قوتابییەكانیش تەمەنیان هەڵكشاوەو پێویستیان بە گۆڕانكاری هەیە لە شێوازی كاركردندا. كەواتە قوتابییەكان كاری نوێ ئەنجام دەدەن بە كەرەستەی نوێ لەسەر ڕێنمایی و چاودێری و ئاراستەكردنی مامۆستادا. واتە شێوازی كاركردن لە شێوازی ساكاری ڕابردوو دەگۆڕێت بۆ ئاستێكی بالاّو قوتابی هەوڵدەدات داهێنان لە پرۆژەكانیدا بكات، ئەمەش ویستی قوتابییە لەم تەمەنەی خوێندنیدا. هەروەها كەرەستەی ‹‹هەویر›› دەگۆڕێت بۆ ‹‹قوڕ››، لەهەمانكاتیشدا دەستەواژەی ‹‹گڵێنەكاری›› ‹‹Ceramic›› م بەكارنەهێناوە، چونكە هەنگاوی گەیشتن بەم قۆناخە ماویەتی و ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەكان ماویەتی و نامانەوێت فشاری زانیارییان لەسەر دروست بكەین.

# وانەی یەکەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: قوڕکاری.**

**وانە: قوڕ، وەك کەرەستەی خاو.**

**بەشە وانە: توانای پێکهێنانی شێوە بە قوڕ.**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)**

---

## توانای پێکهێنانی شێوە بە قوڕ(١)



**لەم وانەیەدا قوتابی دەیەوێت بابەت لە کارەکانیدا هەبێت و گوزارشت لە شتێك بکات، جا ئەم شتە ڕووداوێك، یان بەسەرهاتێك، یان ژیانی ڕۆژانە، یان هەرشتێك بێت، کە خۆی ئارەزووی دەکات.**

---

١. قوڕ: قوتابییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا کاریان بە هەویری ڕەنگاوڕەنگ کردووە، بەڵام بە پێویستم زانی ئەمساڵ کەرەستەکە بگۆڕین لە ‹‹هەویر››ەوە بۆ ‹‹قوڕ››، بەڵام وشەی ‹‹گڵێنەکاری››م دانەناوە، چونکە ویستم ساڵ بەساڵ وشەکان پێشبخەم، تا قوتابییەکە هەنگاو بەهەنگاو لە پیشەکە، ئنجا لە کارەکە تێبگات.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

قوتابی باشتر لە ‹‹قوڕ›› تێدەگات و دەتوانێت شێوەی جیاوازی هونەری پێ دروستبکات.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابی ‹‹قوڕ›› ـەکە دەشێلێت و ئامادەی دەکات بۆ کارکردن و دواتر پیسی و خاشاکی لێ فڕێدەدات و ڕاهێنان دەدات لەسەر دروستکردنی شێوەی جیاواز.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابی ڕەچاوی پاکوخاوێنی دەکات و ئاستی ڕێکخستنی پێشدەکەوێت.

## ڕاهێزان و توانستە پیشەکییەکان

### فێرکاری پێشوەخت

بەم شێوەیە مامۆستا هەندێك پرسیار دەکات:

– جیاوازی چییە لە نێوان شێوەیەکی هەڵتۆقیو[٢] و ڕووتەختدا؟
– ئەو کەرەستەو شمەکانە چین، کە پێویست بۆ دروستکردنی شێوەی هەڵتۆقیو؟
– سێ کارم پێ بڵێ، کە بە قوڕ ئەنجامتدابێت.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

قوڕ، کەرەستەیەکی خاوی سروشتییە و نەرمە، بە ئاو دەگیرێتەوەو هەر بەئاویش شل دەکرێتەوەو لینجە، گەردیلەکانی زۆر وردەو بەچاو نابینرێت، گڵ بەهۆی وردوخاشبوونی بەرد دروستدەبێت دوای هەزارن ساڵ لە ڕێگەی شیبوونەوەوە، ئەم کەرەستەیە لە هەموو شوێنێك هەیە، بەڵام تایبەتمەندییەکانی و جۆری گڵەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی جیاوازە، لە کوردستان باشترین گڵ، کە بۆ کاری گڵێنەکاری بەکاربێت ناوچەی چەمچەماڵ، کەرکوك، کۆیە بەرەو کەرکوك، دوزخورماتوو، لە ناوچەی پشدەر بەتایبەت ‹هێرۆ› و ‹دەرگێنە› لە ئامێدی چنگ دەکەوێت.

---

٢. هەڵتۆقیو: لە بری وشەی ‹‹بارز›› ی عەرەبی دام ناوە، ئێمە لە پەیکەرسازیدا دەڵێین پەیکەری ‹‹هەڵتۆقیو››، یان ڕووبەرز کە لەبەرانبەر وشەی ئینگلیزی ‹‹Relief›› بەکارهاتووە. هەڵتۆقیو بەواتەی کارێکی هونەری بەرز لەئاستی خۆی دێت.

گوندنشینەکانی کوردستان ‹‹گڵەنجان››[3]ی خۆیان هەبووەو بەشی خۆیان گڵیان دابێشتووەو دواتر شێلاویانەو کەرەستەوشمەکییان بەپێی پێویستی خۆیان لێ سازکردووەو پاشان سووریانکردۆتەوە. واتە لە کوردستاندا گڵەکەی بەکاری قوڕکاری دێت، بەڵام لە شوێنێکەوە بۆ شوێکی دی جۆرو تایبەتمەندی گڵەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت، چونکە کوردستان ناوچەیەکی شاخاوییەو گڵەکەی وردەبەردو زیخی تێدایەو تا بەرەو خواروو بڕۆین بەردەڵانەکان نامێنن و دەبن بە پێدەشت و وردەبەردەکەشی کەمتر دەبنەوە، کە بەهۆی ئاوەڕۆوە پاك دەبنەوەو دەنیشن.



‹‹قوڕی ئامادە›› لە بازاڕ دەستدەکەوێت و پێویستە دوای کارکردن داپۆشرێت بە نایلۆن، تا هەوای بەرنەکەوێت و زوو وشك نەبێتەوە، چونکە بەهۆی بەرکەوتنی هەواوە قوڕە ئامادەکە وشك دەبێتەوە بەکەڵکی دووبارە بەکارهێنانەوە نایەت، بۆیە دەبێت جارێکی دی بەئاو تەڕی بکەینەوەو بیشێلینەوە، تا بەکەڵکی بەکارهێنان بێتەوە.

پێویستە سەرەتا قوڕەکە باش بشێلدرێت، تا بە باشی بڵقی هەوای تێدانەمێنێت و نەرم وخۆشکاربێت.

ئەگەر قوڕیشتان دەستنەکەوت، ئەوا دەتوانن جارێکی دی هەویری ڕەنگاوڕەنگ بەکاربهێننەوە.

**چەند ڕێگایەکی جیاوازمان هەیە بۆ کارکردن بە قوڕ، وەك: ‹‹باو›› و ‹‹هاوچەرخ››.**

- **ڕێگەی باو: بریتییە لە کارکردن بەدەست و شمەکی تایبەتیش بەکاردەهێنرێت، وەك ‹‹ڕاکێشان، مارمارۆکە، پانکردنەوە (فەڕش) و خڕکردنەوە››.**
- **ڕێگەی هاوچەرخ: بریتییە لە کارکردن بە خولۆکە (ویل) ی دەستی و کارەبایی.**

---

٣. گڵەنجان: مامۆستا ‹‹قادر میرخان›› پێی وایە لە کۆن و ئێستادا بە تایبەت لە گوندەکانی کوردستاندا، شوێنگەی گڵەنجانیان هەبووەو بەپێی پێویست گڵیان لێدابێشتووە، بەپێی خواست و پێداویستی خۆیان بەکاریان هێناوە بۆ دروستکردنی شمەکی ڕۆژانەی خۆیان ((گۆزە، دیزە، مەرکانە)). مامۆستا ‹شێخ محەمەدی خاڵ›یش لە فەرهەنگی خاڵدا، لە لا٣٩٩دا دەڵێت: گڵێنجان: واتە گڵەنجان. ئەو شوێنەی گڵی لێ هەڵدەهێنجرێت.

- مامۆستا ‹‹ڕۆژگار کەمال›› پێی وایە گڵەنجانەکانی کوردستان خاڵین لە ماددەی زیانبەخشی کیمیایی، وەك ‹‹فۆسفات و گۆگرد››، هەرئەوەشە وایکردووە هەستەوەری لای بەکارهێنەر دروستنەکات.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

### چالاکی ناوپۆل

پێویستە مامۆستا وانەکە لە قوتابییەکان سەخت نەکات، بەڵکو هێواش هێواش زانیارییەکانیان پێ بدات. هەروەها دەبێت ئەوەش بزانیت، ئەم قوتابییە لە ساڵانی ڕابردوودا کاری بە هەویرکردووەو ئەزموونی هەیە، بەڵام لەگەڵ قوڕدا تاقیکردنەوەیەکی نوێ ئەنجام دەدات و لە هەمانکاتیشدا بیرت بێت ئێمە نامانەوێت بیانکەین بە هونەرمەند، بەڵکو تەنها کاتێکی خۆش بەسەردەبەین و لە هەمانکاتیشدا چەند زانیارییەکی نوێش بەدەستدەخەین.

سەرەتا مامۆستا پارچە قوڕ، یان هەویر بەسەر قوتابییەکاندا دابەش دەکات (ئەگەر قوتابییەکان خۆیان بیهێنن خراپنییە)، پاشان قوتابییەکان لەسەر شێلانی دروست ڕادەهێنێت و ڕێگای دروستکردنی شێوەی جیاوازیان پێ دەڵێت.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**قوڕ:** لە زەوی دەردەهێنرێت و ڕەنگی مەیلەو زەرد، یان سوورە. هەروەها خاکی کوردستان چەندین جۆر ڕەنگی گڵی هەیەو ئەمەش بەپێی شوێن و خاکەکەی ڕەنگەکەشی گۆڕانکاری بەسەردادێت، هەریەکەشیان بۆ کارێك و شتێك بەکاردێت، بەڵام گڵی ‹‹قوڕکاری›› ‹‹گلێنەکاری›› بە ئامادەکراوی لە بازار چنگ دەکەوێت و دەفرۆشرێت.

**ئامێری شێلان:** ئەگەر قوڕی ئامادەت چنگ نەکەوت، ئەوا بێگومان دەتوانین خۆمان ئامادەی بکەین لە کەرەستەی سادەو ساکار لە ڕێگەی ئامێری شێلانەوە، هەندێك لەو جۆرە ئاماکردنانە:

١. **هەویری کاغەز:** قوتابییەکان لە پۆلی دووەم لە وانەی هەویرکاریدا ئەم ئامادەکارییەیان خوێندووەو دەزانن چۆن ئامادە دەکرێت؟ ڕۆژنامە دەهاڕن و لەڕێگەی شلکردنەوەو خاوکردنەوەوە دەکرێت بە هەویر.

٢. **هەویری خوێدار:** دوو کوپ ئاردی گەنمەشامی و یەك کوپ خوێ تێکەڵدەکەین و دەیشێلین، تا دەبێتە هەویرێکی تەواو پێگەیوو، پاشان دەتوانین ڕەنگی چێشت، یان ڕەنگی شەربەتی تێبکەین، بۆ ئەوەی هەویرەکە ڕەنگداربێت.

٣. **هەویری کەپەکی دار:** کەپەکی دار لەگەڵ هێلمی شلکراوە تێکەڵ دەکەین و پاشان لێکی دەدەین و دەیشێلین، تا یەکدەگرێت و دواتر دەتوانین کاری پێبکەین، بەڵام پێویستە لە بەکارهێنانیدا نەرمبین و هەڵەشە نەکەین.

## ڕێگاکانی کارکردن و دروستکردن:





١. **شـێلان و پانکردنــەوە:** تۆپەڵـە قـوڕێکی پـڕ لـە مشت دەشێلین و پاشان بەهۆی لەپی دەستمان و پەنجەکانمانەوە چۆنمان بوێت کاری تێدادەکەین.

٢. **مارمارۆکە:** پارچەیەك قوڕ دەبڕین و لەناو لەپی هەردوودەستماندا لێکی دەدەین و مارمارۆکەی پـێ دروسـت دەکـەین، یـان بـە دەسـتەکانمان لەسـەر تەختەکـە ڕاڕەوی پێدەکـەین (ڕاسـت و چـەپ)، تــا مارمارۆکەکــە دروســت دەبێــت و پاشــان هاوشــــێوەی پشــــتێن و چۆنمان بوێت دەیخەینە سەریەك، دواتر بەهۆی چەقۆ پارچە زیادەکان دەبرین، ئنجا پێش خستنە سەریەك مارمارۆکەکــــە کــــەمێك بنەکـەی برینـدار دەکـین و هەنــــدێك شــــلکەقوڕ (سلیپ)[٤]ـی لێدەدەین، تا چاکتر بکەونە سەریەك و باشتر یەك بگرن (لـەحیمکردن بە شـلکە قـوڕ). بـۆ دروسـتکردنی شـێوەش چـۆنمابوێت و چیمان بوێت دەتوانین کاری تێدابکەین.













---

[٤] سلیپ: شلکەقوڕاو، هاوشێوەی ماستاوێکی خەستە، بەکاردەهێنرێت بەهۆی فڵچەیەکی تایبەتەوە بۆ لێکدان و پێکەوەنوسـاندنی دووپارچـەی قـوڕین، دوای برینـدارکردنیان، یـان ڕوشـاندنیان، تـا بەشـێوەیەکی بـەهێز پێیـەوە بنووسێن و لێك نەبنەوە لەکاتی وشکبوونەوەدا.

٣. **فەڕش:** تۆپەڵە قوڕێك دەهێنین و بە تیرۆك پانی دەكەینەوە، تا ئەوەندەی دەمانەوێت تەنكی دەكەین، پاشان بە شێوەی لاكێشە بە چەقۆ دەیبڕین، یان







چوارگۆشە هاوشێوەی فەڕش، دواتر پارچەكان لێكدەدەین و سندوقێكی لێدروست دەكەین، ئەمیش بەهەمان شێوەی مارمارۆكەكە پێویستە شوێنی لێكدراو بریندارېكەین و شلكە قوڕ (سلیپ)ی لێبدەین، تا خۆگربێت و پارچەكان پێكەوەبنوسێن.

٤. **ڕێگەی هاوچەرخ، بریتییە لە كاركردن بە خولۆكە (ویل) ی دەستی و كارەبایی:**



ئەم شێوازی كاركردن، یان بە خولۆكەی دەستییە، یان بە خۆلۆكەی كارەباییەو پاش تەواوكردنی كارەكە بە كورەی كارەبایی و لە پلەی گەرمی شیاودا وشكدەكرێتەوەو سووردەكرێتەوە.








**کەرەستەو شمەکی قوڕکاری:** بریتییە لەو کەرەستەو شمەکانەی، کە کاری قوڕکاری پێدەکرێت، وەك: بڕین، پانکردنەوە، لێهەڵگرتن، لوسکردن، پارچەکردن، کونکردن، ڕنین، نەخشهەڵکەندن، زبرکردن و چەندان کاری تر... جا ئەو کەرەستەو شمەکانە هەندێکیان لە نایلۆن، یان تەختە، یان کانزا دروستکراون و هەریەکەشیان بەکەڵکی کارێك دێن.





**تێلی قوڕبڕین:** تێلێکی کانزاییە و بەکاردەهێنرێت بۆ بڕین و پارچەکردنی تۆپەڵەقوڕ، یان لێهەڵگرتن، یان لێکردنەوە. هەروەها دەتوانین تێلی قولابی نایلۆنیش بەکاربهێنین. هەردوو سەری تێلەکە بە دەسکەدارێك توند کراوە (دەسك).



## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

**ئامانج:** کاری بەکۆمەڵ/ هەرەوەزی.

دوای ئەوەی قوتابییەکان لە بەهای قوڕ تێدەگەن و لە نزیکەوە دەستی لێدەدەن و شێوازی کارپێکردنی تاقیدەکەنەوە، لەگەڵ هەویری ئامادەی ڕەنگاوڕەنگ، مامۆستا قوتابییەکان دابەش دەکات بۆ چەند کۆمەڵەیەك و وێنەی چەند کلێشەیەکیان پێدەدات بەمەبەستی جێبەجێکردنی، دواتر هەر کۆمەڵەو بەجیا لە ڕێگەی ڕێکخەری کۆمەڵەکەوە کارەکەیان بە ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر دەستپێدەکەن. مامۆستا بەم شێوەیە ئەرکەکان دابەش دەکات:

**کۆمەڵەی یەکەم:** لەڕێگەی ‹‹شێلان و پانکردنەوە›› بە پەنجە شێوەی چەند میوەیەك دروستبکەن.

**کۆمەڵەی دووەم:** لەڕێگەی ‹‹مارمارۆکە››وە شێوەی کەرەستەو شمەکی چێشتلێنان دروستبکەن.

**کۆمەڵەی سێیەم:** لە ڕێگەی پانکردنەوە ‹‹فەرش›› چەند شێوەیەکی ئەندازەیی دروستبکەن.

**کۆمەڵەی چوارەم:** لەڕێگەی لێکدان و مارمارۆکەوە چەند شێوەیەك دروستبکەن.

دوای کۆتایی هاتن ڕێکخەری کۆمەڵەیەك شتەکانی نمایش دەکات و پاشان هەموو پێکەوە گفتوگۆ لەسەر کارە هونەرییە بەرهەمهاتووەکە دەکەن.

## سەرچاوەکانی فێرکاری

**کەرەستەو شمەکی سەرەتایی:** قوڕو هەویری ڕەنگاوڕەنگی فرەجۆر، کەرەستەو شمەکی کارکردن، کەرەستەی جێگرەوە، وەك: (چەقۆی نایلۆن، پارچە تەختە، کیسەی نایلۆن، بەرد، قوماش، شلکەقوڕ (سلیپ)، تیرۆك (ڕۆڵە) ).

**هۆکاری ڕوونکاری:** مامۆستا بەکردەوە لەبەرچاوی قوتابییەکاندا چەند تاقیکردنەوەیەك ئەنجام بدات، تا لەمەبەستی کارەکە تێبگەن، هەروەها فیلمێکی فیدیۆ نمایش بکات، یان جۆرو شێوازی کارکردن بە ڕێگەی جیاواز پیشانی قوتابییەکان بدات، تا ئەوانیش لەکاتی کارکردندا دووبارەی بکەنەوە، هەروەها گەشتێکیش ڕێکبخرێت بۆ بەشی گلێنەکاری لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، یان بەشی گلێنەکاری لە کۆلیژی هونەر، یان شوێنکاری گۆزەگەری (کاردەستی ئەهلی)، یان فەرمانگەی کاری دەست.

## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

### چالاکی

**کارامەیی:** جێبەجێکردنی کارێکی هونەری ساکار، یان پانتاییەکی قوڕکاری.

قوتابییەکان یەکێك لە ڕێگەکانی کارکردن هەڵدەبژێرن و کڵێشەیەکی ساکاری بەرجەستەی هونەری دروست دەکەن، جا شێوەکە ڕووتەختی هەڵتۆقیوبێت، یان خڕ ئاساییە. هەروەها شێوازی کارکردنەکەش بە مارمارۆکە، یان شێلان و پانکردنەوە، یان فەرش بێت کێشە نییە.



## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت.

**جێبەجێکردن:** خشتەی نرخاندن.

**ئەنجامی فێرکاری:** قوتابییەکان کلێشەیەکی ساکار جێبەجێدەکەن بە یەکێك لە ڕێگەکان.

| ژمارە | جێبەجێکردن/ ڕەفتار | نایاب | زۆرباش | باش | پەسەند |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارچە قوڕەکەی بە باشی و دروستی شێلاوە. | | | | |
| ٢ | فرەجۆری لە دروستکردنی شێوەدا بەکارهێناوە. | | | | |
| ٣ | شێوەیەکی ساکاری بە قوڕ دروستکردووە. | | | | |
| ٤ | لەکاتی بەکارهێنانی کەرەستەو شمەکەکاندا ڕەچاوی ئاسایش و خۆپارێزی گشتی کردووە. | | | | |
| ٥ | لەکاتی کارکردندا هاوکاری پێشکەش بە هاوڕێکانی کردووە. | | | | |
| ٦ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی کارەکەو شوێنکارەکەی کردووە. | | | | |
| ٧ | ڕەچاوی هێمنراگرتنی شوێنکارەکەی کردووە. | | | | |



### چالاکیماڵەوە

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات بابەتێکی زیندوو بنەخشێنن بە هەویری ڕەنگاوڕەنگ. بۆ نموونە وەك ئەم شێوانە، بە ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنی لەکاتی کارکردندا:









خانمە هونەرمەندی کورد (مەهاباد جەمال ئەشرەف) لە ساڵی (١٩٧٣) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. لە ساڵی (١٩٩٣) پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی تەواو کردووە. لە بواری هونەری گڵێنەکاری کار دەکات و خاوەنی شێوەی کارکردنی تایبەت بەخۆیەتی و وردەکارو پشوودرێژە لەکاتی کارکردندا. خاوەنی چەندین پێشانگەی شێوەکارییە لە کوردستاندا.







خانمه هونەرمەندی کورد (د. نەعیمه محەمەد عەبدوڵا) له ساڵی (١٩٦٥) له شاری سلێمانی لەدایکبووه. ساڵی (١٩٨٩) ئەکادیمیەی هونەرەجوانەکانی له شاری بەغدا تەواو کردووه. له بواری گلێنەکاریدا خاوەنی شێوەی تایبەت بەخۆیەتی له کارکردندا. بەشداری چەندین پێشانگەی شێوەکاری کردووه له کوردستاندا. له بواری کارکردندا شێوەی ئازاد هەڵدەبژێرێت و ڕووگەیەکی هاوچەرخ به شێوەکان دەبەخشێت.





















# وانەی دووەم

**تەوەر:** کاردەستی.

**بابەت:** قوڕکاری.

**وانە:** دروستکردنی پانتایی بە قوڕ

**بەشەوانە:** دانانی کەرەستە لە کاری هونەریدا.

**کاتی دیاریکراو:** ٣ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، بەپێی کات چالاکییەکان درێژکەیتەوە)

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

قوتابی ئاشنایەتی لەگەڵ شێوەی دوو دووریدا پەیدا دەکات (هەڵتۆقیوی تەختەڕوو – ڕلیف).

### سوودە کارامەییەکان

قوتابی شێوەی خانوو، شاخ، دارستان بە شێوەی هەڵتۆقیوی تەختەڕوو دروست دەکەن بە هەویری ڕەنگاوڕەنگ و پاشان چواردەورەکەی دەیرازێننەوە بە نەخشونیگاری جۆراوجۆر. هەروەها ڕەچاوی یەکەی پێکبەستنەوە دەکەن لەکاتی کارکردن بە هەویرەکە.

### سوودە ویژدانییەکان

هەستی بەرپرسیارییەتی و گیانی هاریکاری لە نێوان قوتابییەکاندا گەشە دەکات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

**مامۆستا ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابییەکان دەکات:**

- هێڵی شاخ چۆن دەکێشرێت و چۆن گرمۆڵە[٥] (مارمارۆکە)ی بۆ دروست دەکەیت؟
- بە چ شێوازێك پانتایی ڕووگەی پشت شاخەکە دروست دەکەیت؟
- چ کەرەستەیەك بۆ دروستکردن هەڵدەبژێریت؟
- بە ژماردن ڕێگەکانی شێوازی دروستکردنی شاخ بڵێ.

٥. مامۆستا ‹‹شێخ محەمەدی خاڵ›› لە ‹‹فەرهەنگی خاڵ››دا لە ل٣٩٦دا دەڵێت: ‹‹گرمۆڵە›› شتی پێچراوو خڕ هەڵدراو، ‹‹گرمۆڵەبوون›› پێچخواردن و تۆپەڵەبوونی شت، ‹‹گرمۆڵەکردن›› پێچاندن و تۆپەڵەکردنی شت.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

ئەگەر سەیرێکی تەلارو خانووەکانی دەوروبەرمان بکەین دەبینین بە چەندین شێوەو شێواز دروستکراون و هەندێکیان نزم و ئەوانی تر بەرز. هەروەها لە شێوازی دروستکردنیشیاندا فرەجۆری و فرەڕەنگی دەبینین، بۆیە، پێویستە مامۆستا هەموو ئەو وردەکارییە بینراوانە بۆ قوتابییەکان ڕوونبکاتەوەو هەندێکجاریش لەڕێگەی پرسیارکردنەوە بابەتەکە لەگەڵ قوتابییەکاندا بکاتەوە. زۆر گرنگە ڕووانگەی قوتابی گەشە پێبدەین و باسی ‹‹پانتایی›› و ‹‹بۆشایی›› چواردەوری خانووەکان بۆ قوتابییەکان شی بکەینەوە، تا شێوە لێکچووەکان، جیاوازەکان، وەکیەکەکان، هاوسەنگەکان پێکبگرن و پاشان ڕای خۆیانی لەسەر بڵێن، تا بەڕوونی هەستە بینراوەکە ڕاڤەبکات و شیکردنەوەی تایبەتی بۆ ئەنجام بدات. لە کۆتاییدا قوتابی هەستی بینینی گەشەدەکات و توانای جوانناسی بۆ شتەکانی دەوروبەری پێشدەکەوێت. واتە یەکێك لە ئامانجە گرنگەکەمان بەدەستدێت، کە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانناسی قوتابییەکانەو خانووە ڕێك و ناڕێکەکان، جوان و خواروخێچەکان، بەرزو نزمەکان، فرەوان و بچووکەکان لێکجیا دەکاتەوەو بە ئاسانی هەستییان پێدەکات، کە ئەوەش خاڵێکی بەدەستهاتووی گرنگە لەم قۆناخەدا.















## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

- چەند وێنەیەکی نەخشونیگارئامێز، یان چەند وێنەیەکی کۆشك وتەلاری جۆراوجۆر نمایش بکە لە ڕێگەی داتاشۆوە، یان تەلەڤزیۆن، یان کۆمپیوتەر.
- چەند نموونەیەکی ئامادە نمایش بکە، کە لەلایەن قوتابییەکانەوە ئامادەکرابێت و نزیك بن لە تەمەنی قوتابیانی پۆلی پێنجەمەوە.
- نمایشکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر شێوازی ئامادەکردن و کارکردن بە قوڕی گڵێنەکاری.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**شێوە:** یەکەی دامەزراندنی هەرکارێکە، جا ئەمکارە بنیاتنان بێت، یان کارێکی هونەری بێت، پێویستە ئەم بنیاتنانە بە شێوەیەکی ئەندازەیی بێت، یان خڕ، یان سێگۆشە، یان چوارگۆشە، یان مرۆڤ بێت، یان هەر پێکهاتەیەکی سروشتی بێت، چونکە ئەم پانتاییە بە شێوە پڕدەکرێتەوە، جا ئەم شێوەیە ڕووتەخت بێت (دوو دووری – درێژی و پانی)، یان ڕووتەختی هەڵتۆقیو بێت (ڕلیف)، یان سێ دووری بێت (بەرزی × پانی × درێژی – ڕۆچوون).

**شێوەی دوو دووری:** شێوەیەکی ڕووتەختی دوو دووریە و لە درێژی و پانی پێکدێت و شێوەکە خۆی لەناو پانتاییەکەدا دەردەخات بە ڕاکشاوی.





کارێکی سێ دووری.



دوو کاری دوو دووری.

**پەیکەری هەڵتۆقیو:** یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی قوڕکاری، بریتییە لە قەڵتۆقینی کۆمەڵێك شێوە لەسەر یەك ڕووگە. واتە دروستکردنی شێوە لەسەر پانتایی ڕووتەخت، دواتر نەخشونیگاری لەسەر هەڵبکۆڵین، یان بەپێی خواستی خۆمان شێوەی لەسەری دروست بکەین و بەرزی بکەینەوە لە شێوەی هەڵتۆقین.





دوو پەیکەری ڕووتەختی هەڵتۆقیوی دروستکراو بە هەویر

**پەیکەری قوڵ (چاڵ):** مەبەست لەو جۆرە شێوەیەیە، کە بە لێگرێك قوڕ لە شێوەکە دەکەینەوەو هاوشێوەی دەفر (قاپ) ی لێدەکەین، یان هاوشێوەی پەرداخی لێدەکەین. ئەم شێوازی کارکردنە بۆ منداڵ ئاسان و خۆشکارە.





دوو شێوەی قوڵ، یەکیان گڵێنەکاری و ئەویتریان پەیکەر

**یەکە:** یەکە، بنەمایەکی سەرەکی بنیاتنانی کاری هونەرییە و ڕایەڵەیەکی بەهێزە لە نێوان پێکهاتەو بەشەکانیدا، جا ئەوکارە لێکدراوبێت، یان یەکپارچە بێت، یان بەش بەش بێت. ئەمەش پێویستی بە هاوسەنگی لە کارو پێکهاتە هونەرییەکەدا هەیە.



پێکهاتەی هونەری

**ڕووگە:** بریتییە لەو تایبەتمەندییەی، کە هەر پانتاییەکی پێ دەناسرێتەوە، یان پێی دەستنیشان دەکرێت، جا ئەو پانتاییە زبربێت، یان نەرم، یان هەردووکیان پێەوەبن. ڕووگەی زبر، وەك بەرد، توێکڵی سنەوبەر، ڕووگەی نەرمیش، وەك شوشە، یان کاری گڵێنەکاری. هەروەها چەندین نموونەی ترمان هەیەو لە وانەکانی تردا زیاتر لەسەری دەدوێین.



ڕووگەیەکی لوس و نەرم



ڕووگەیەکی بەردی زبر

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ

- مامۆستا چەند وێنەیەکی دوو دووری لەسەر وایتبۆردەکە دەکێشێت، یان چەند نموونەیەکی وێنەدار پیشانی قوتابییەکان دەدات، تا لەمەبەستی مامۆستاو وانەکە تێبگەن، لەگەڵ بەکارهێنانی هەویرو قوڕ.

- پاشان مامۆستا بە کردارەکی لەبەرچاوی قوتابییەکان پارچەقوڕە ئامادەکراوەکە دەهێنێت و بە ‹‹لێگر›› وردە دەستدەکات بە لێگرتنی قوڕەکە شێوەی خانوو، یان شاخ، یان هەرشتێك خۆی پلانی بۆ داناوە دروست دەکات. هەروەها مامۆستا دەتوانێت داوای یارمەتی لە قوتابییەکان بکات بۆ هاوکاری کردنی، لەگەڵ پێدانی ڕوونکردنەوەی پێویست بە قوتابییەکان لە بارەی لێگرتن و لکاندن و خڕکردن، بەمەبەستی دروستکردنی ڕووگەی جیاواز بۆ شێوەکە، لەگەڵ گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە:

١. ئامادەکردنی پانتاییەکی ڕووتەخت بە قوڕ. پاشان لێگرتنی قور بەپێی پێویست، تا ئەو شێوەمان بۆ دەربچێت، کە پلانمان بۆ داناوە. (پەیکەری قوڵ، پەیکەری هەڵتۆقیو).

٢. ئەو شێوەیەی مەبەستمانە کۆپی دەکەینەوە لەسەر قوڕە ئامادەکراوەکە.

٣. دواتر ئەوشوێنەی پێویستە قوڕی لێیهەڵدەگرین، تا شێوەکە دەربکەوێت، هەتا قوڵتری بکەین شێوەکە باشتر دەردەکەوێت.





٤. ئەگەر پێویستی کرد، هەندێك ڕازاندنەوەی ئەندازەیی، گیایی، یان نوسین دەخەینە سەر شێوەکە، یان قوڕی ڕەنگاوڕەنگ بەکاردەهێنین لە ڕازاندنەوەکەدا.



**مامۆستای بەڕێز دوو شت هەیە پێویستە لەسەریان بووەستیت:**

**یەکەم:** لەم تەوەرەدا باس لەسەر هەویر و قوڕ کراوە، بۆیە، تۆ سەرپشکی لەسەر بەکارهێنانی هەر یەکێکیان، بەڵام ئەگەر هەردووکیان بەکاربهێنیت باشترە.

**دووەم:** لەم تەورەدا باس لەسەر قوڕکاری کراوە، جا ئەم قورکارییە لە سەر گڵێنەکاری بێت، یان پەیکەرسازی گرفت نییە، بەڵام ئەگەر هەردوو باسەکە بۆ قوتابییەکان ڕوون بکەیتەوە باشترە و شێوازی کارکردنی هەریەکێکیشیان بۆ ڕوونبکەوە.

## سەرچاوەی فێرکاری

- **کەرەستەو شمەکی سەرەتایی: کاغەزی نیگارکێشان، قەڵەم ڕەساس، هەویری ڕەنگاوڕەنگ، قوڕ، ڕەنگی ئاوی، شمەکی قوڕکاری، سینی تەختە، شلکەقوڕ (سلیپ)، بریسکە (وارنیش).**
- **هۆکاری ڕوونکاری: وایتبۆرد، ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ، کلێشە، وێنەی ڕوونکاری، شمەکی ئامادەکراو، فیلمی دیکۆمێنتاری لەسەر چۆنییەتی ئامادەکردنی قوڕو کارپێکردنی، ڕێگەکانی دروستکردن و سازکردن.**

## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

**مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات هەندێك شێوە دروست بکەن بە پشت بەستن بەم چالاکییانە:**

**چالاکی ١:**

**گیاندارێکی ئاوی دروستبکە و پاشان ڕەنگی بکە، یان بە هەویری ڕەنگاوڕەنگ سازی بکە.**





**چالاکی ٢:**

**کارێکی گیایی دروست بکە.**

**چالاکی ٣:**

**شێوەیەکی دوو دووری دروست بکە (شێوەی ئەندازەیی) بە بەکارهێنانی ڕێگەو شێوازی جیاواز.**



**چالاکی ٤:**

**چەند شێوەیەکی درەختی، یان گەڵا، دروست بکە، وەك: ترێ، پرتەقاڵ، هەنجیر...**



**چالاکی ٥:**

**چەند شێوەیەکی ژینگەی دەریایی دروست بکە، وەك:**

**بەلەم، کەشتی، ماسی، دۆلفین... (سێ دووری)**

**چالاکی ٦:**

**چەند شێوەیەکی ژینگەی شاخاوی کوردستان دروست بکە، وەك: چیا، درەخت، بەرد...**

**چالاکی ٧:**

**چەند شێوەیەکی ژینگەی گوند دروست بکە، وەك: خانوو، جلوبەرگی میللی، شمەکی کشتوکاڵکردن، سروشتی گوند، گیاندارو پەلەوەر...**

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن پشت دەبەستێت بە ئاستی جێبەجێکردن.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی هەڵسەنگاندن.

**ئـەنجامی فێرکـاری:** قوتابییـەکان چـەند شـێوەیەکی دوو دووری دروسـت دەکـەن بـە هـەویری ڕەنگاوڕەنگ، یان بە قوڕ.

| ژمارە | ڕەفتار | نایاب | زۆرباش | باش | پەسەند |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کلێشـەی داواکـراو بـە شـێوەیەکی گونجـاو دروسـت دەکاتەوە. | | | | |
| ٢ | کەرەسـتەو شمـەکی پێویسـت ئامـادە دەکـات بـۆ کارکردن. | | | | |
| ٣ | فرەشێوەیی بەکاردەهێنێت لە دروستکردندا. | | | | |
| ٤ | داهێنان دەکات لە شێوەو نەخشەسازیەکانیدا. | | | | |
| ٥ | وردە لە کارکردندا و ڕەچاوی خۆپارێزی دەکات. | | | | |
| ٦ | بێـدەنگی دەپارێزێـت و هاوکـاری پێشـکەش بـە هاوڕێکانی دەکات. | | | | |
| ٧ | لە کاتی دیاریکراودا کارەکەی تەواو دەکات. | | | | |

**چەند نموونەیەك:**



نەخشەسازی ڕووتەختی ڕووبەرز



نەخشەسازی چاڵ




دروستکردنی پیت



پەیکەسازی کورد (دارا حەمە سەعید) لە ساڵی (١٩٤٦) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. ئەکادیمیەی هونەرەجوانەکانی لە ساڵی (١٩٧٠) لە شاری بەغدا تەواو کردووە. لە ساڵی (١٩٧٧) دبلۆمی ئەکادیمیەی هونەری ڕۆمای وەرگرتووە. بە یەکێك لە هونەرمەندە پێشەنگەکانی هونەری مەدالیا دادەنرێت و نەخشێکی باڵای تێدا هەیە. بەشداری لە چەندین پێشەنگەدا کردووە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان. بەرهەمە هونەرییەکانی بە کوردستان و جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. کارە هونەرییەکانی هاوشانی کاری هونەرمەندە جیهانییەکانە.















# وانەی سێیەم

تەوەر: کاردەستی.

بابەت: قوڕکاری.

وانە: دروستکردنی شێوەی جیاواز بە قوڕ.

بەشەوانە: دروستکردنی شێوەی بەرجەستە.

کاتی دیاریکراو: ٣ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، بەپێی کات چالاکییەکان درێژکەیتەوە)

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودی زانیاری

قوتابییەکان باشتر لە شێوەی سێ ڕوو تێدەگەن (شێوەی بەرجەستە).

### سوودی کارامەیی

قوتابی شێوەیەکی بەرجەستەی زیندووی ناو ژیانی ڕۆژانەی دروست دەکاتەوە.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابی لە بەهای جوانناسی و جوانکاری کاری هونەری تێدەگات، بە تایبەت کاردەستی.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

مامۆستا ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی قوتابییەکانی دەکات:

- ڕێگەکانی بەکارهێنانی قوڕ بۆ دروستکردنی شێوەی جیاواز چەند جۆرن؟
- ئەگەر قوڕمان دەستنەکەوت، چ کەرەستەیەکی تر بەکاردەهێنین؟
- مەبەست لە شێوەی بەرجەستە چییە؟
- ئەو شێوانە چین، کە بۆ ڕازاندنەوەی پانتایی بەکاردەهێنرێن؟

**مامۆستای بەڕێز...** قوتابییەکان ئەم وانەیەیان (شێوەی بەرجەستەی سێ ڕوو) لە پۆلی سێیەم، تەوەری سێیەم، وانەی یەکەم، بابەت: دروستکردنی شێوەی جیاواز، وانە: ‹‹لکاندن›› خوێندووە. مامۆستا ئەم وانەیە بەبیر قوتابییەکان دەهێنێتەوە، کە چۆن بە کاغەز شێوەی تەختەڕوو بۆ شێوەی بەرجەستە دەگۆڕن. واتە شێوە لە ‹‹دوو ڕوو›› دەگۆڕن بۆ ‹‹سێ ڕوو››.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

لە وانەکانی پێشوودا قوتابییەکان ئاشنایەتیان لەگەڵ دروستکردنی شێوەی دوو ڕوودا پەیداکردووە بە کردەوە بە قوڕ کاریان تێدا کرد، بەتایبەت شێوەی ڕووتەخت، یان شێوەی ڕووتەختی هەڵتۆقیو، کە ئێمە ناتوانین لە پشتەوەڕا (دواوە) بیبینین، بەڵکو تەنها لەپێشەوەڕا دەبینرێت، چونکە دوو ڕووە، بەڵام ئەگەر لە پەیکەری سێ ڕوو بڕوانین، ئەوا بێگومان دەتوانین لە هەرچوار لاوە تەماشای بکەین و ڕووگەی پەیکەرەکە بە ئاسانی هەست پێدەکین و شێوەکە دەناسینەوە. بۆیە دەتوانین هەموو شێوازەکانی کارکردن لەم شێوە کارکردنەدا بدۆزینەوە، وەك: ‹‹پەیکەری هەڵتۆقیو، پەیکەری چاڵ (قوڵ)››.



## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

### چالاکی ناوپۆل

– لە ڕێگەی وێنەو فیلمی دیکۆمێنتارییەوە، چەند نموونەیەکی شێوەی پەیکەری بەرجەستە پیشانی قوتابییەکان بدە. جا ئەم شێوانە ‹‹پەیکەر››بن، یان ‹‹گڵێنەکاری›› کێشە نییە. دواتر جیاوازی بکە لە نێوان هەردوو شێوەکەدا، ‹‹پەیکەرو گڵێنەکاری- هەڵتۆقیو خڕ››.



– مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات ناوی شێوەی کارە هونەرییەکان بڵێن و پاشان یەکێکیان هەڵبژێرن و دواتر ئەنجامی بدەنەوە بە قوری بەرجەستەی بەردەمیان.



## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**شێوەی بەرجەستە:** شێوەیەکی سێ ڕووەو لە هەموو لایەکەوە دەبینرێت (درێژی× پانی× قوڵی).

**هەڵکۆڵین:** لێگرتنێکی کەمە، بەمەبەستی دروستکردنی ڕووگەیەکی زبر.

**قوڵکردن:** بریتییە لە لێگرتنێکی زۆرتر، تا بە تەواوی شوێنەکە چاڵ بێت و شێوەکە دەرکەوێت.

مەبەست لە هەڵکۆڵین و قوڵکردن بریتییە لە دەستکەوتنی ڕووگەیەکی جیاوازو جۆراوجۆر. واتە ئەم ڕووگەیەی دەستمان دەکەوێت ئاستی بەرزی و نزمی دیاریدەکات و بەهایەکی جوانتر بە شێوەکە دەبەخشێت و واتای تەواو دەدات بە شێوە داواکراوە مەبەستدارەکە.



شێوەی بەرجەستە



لێگرتنێکی کەم



لێگرتنێکی قوڵ

## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

**ئامانجی یەکەم: فێرکردنی ڕاستەوخۆ.**

مامۆستا چەند شێوەو کلێشەیەکی هونەری پیشانی قوتابییەکان دەدات لە ڕێگەی داتاشۆ، یان ڤیدیۆ، یان شێوەی بەرجەستە، تا قوتابییەکان لە نزیکەوە لە داواکاری مامۆستا تێبگەن، وەك: شێوەی ئاژەڵی، گیایی، مرۆیی، یان پیشاندانی بابەت لە سەر شتێك. بۆ نموونە: شوان و مەڕەکانی، دایك و منداڵەکانی، جوتیارو بەروبوومەکەی، ... دواتر داوا لە قوتابییەکان بکە بابەتێك هەڵبژێرن و گوزارشتی لێبکەن بە قوڕ، یان بە هەویری ڕەنگاوڕەنگ (پێویستە شێوەکان سێ ڕووبن – خڕ).

مامۆستا شێوەیەك لەگەڵ قوتابییەکان دروستدەکات، بە شێوەی مارمارۆکە، یان پانکردنەوەو شێلان، یان قوڵکردن و لێگرتن. مامۆستا بابەتێك هەڵدەبژێرێت و کاری لەسەر دەکات. بۆنموونە دایك و منداڵەکانی، شێوەی دایکەکە بە گەورەیی دروستدەکات و پاشان منداڵەکانیش بە بچووکی لە دەوری دایکیان دانیشتوون، یان بە پێوەن.

ئامانجی دووەم: کاری بەکۆمەڵ/ هەرەوەزی

مامۆستا قوتابییەکان دەکاتە چەند کۆمەڵەیەک وهەر کۆمەڵەیەکیش تیملیدەریک هەڵدەبژێرێت و کۆمەڵەکان سەرپشک دەبن لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێك. واتە هەر کۆمەڵەیەک بابەتێك هەڵدەبژێرن و بە هەرەوەزی بابەتێك دروست دەکەن. لێرەدا قوتابی سەرپشک دەکرێت چ بابەتێك هەڵدەبژێت؟ بە چ شێوەیەک کاری تێدادەکات؟ بە چ ڕێگەیەک کارەکە ئەنجام دەدات؟ بۆ نموونە:

کۆمەڵەی یەکەم: شێوەی دایك و منداڵەکانی دروست دەکاتەوە.

کۆمەڵەی دووەم: شوان و مەڕەکانی.

کۆمەڵەی سێیەم: جوتیارو بەرهەمەکانی.

هەروەها مامۆستا دەتوانێت یەک بابەت بخاتە بەردەم منداڵەکان، بەڵام بە شێوازی جیاواز گوزارشتی لێبکەن. بۆ نموونە:

کۆمەڵەی یەکەم: شێوەی دایك و منداڵەکانی دروست بکەنەوە.

کۆمەڵەی دووەم: دایکایەتی لای باڵندەکان، کۆترە دایکەکە خواردن دەرخواردی بێچووەکانی دەدات.

کۆمەڵەی سێیەم: مانگایەکە شیر بە گوێرەکەکەی دەدات.

مامۆستای بەڕێز لە بەشی دووەمی هەڵبژاردەکەدا بابەتەکە تەنها دایکایەتییە لەناو مرۆڤ و باڵندەو ئاژەڵدا، تۆش باسی گرنگی دایك بۆ منداڵەکان دەکەیت و ڕێگە بدە خۆیان گفتوگۆی لەسەر بکەن.



ژنێك گەنم لە دەستاڕ دەدات



ژیانی ماڵە کۆچەرییەك

## سەرچاوەی فێرکاری

- **کەرەستەو شمەکی سەرەتایی**: کاغەزی نیگارکێشان، قەڵەم ڕەساس، قوڕ، هەویری ڕەنگاوڕەنگ، شمەکی کارکردن، ڕەنگ، پارچە تەختەیەکی (٤٠×٤٠سم).
- **هۆکاری ڕوونکاری**: چەند شێوەیەکی ئامادەی دروستکراو بە قوڕ نمایش بکە، وێنەی شێوەی جیاواز نمایش بکەن، فیلمی فێرکاری پیشان بدە، کە باس لە کارکردن بە قوڕ دەکات.

## چالاکی ماڵەوە (ئەرکی ماڵەوە):

**کارامەیی**: مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، هەر یەکێکیان شێوەی خانوێك بە باخ و پێکهاتەکانی تری دروست بکات (خانوو، درەخت، باخ، گەراج، هەرشتێك، کە لە دەرەوەی ناو خانووەکەدا هەیە).

یان مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، هەر بابەتێك خۆیان ئارەزووی دەکەن کاری تێدابکەن دروستی بکەنەوە، وەك:

١. کارکردن لە کەلتوری کوردەواری، ئەسپسواری، شایی، بووك گواستنەوە، نەورۆز...
٢. دروستکردنی کەرەستەی ڕازاندنەوە، وەك: ملوانکە، بازنە، مورو، پاوانە...
٣. دروستکردنی شێوەی ئاژەڵی.
٤. دروستکردنی بابەتی ژینگەیی، وەك ژینگەی گوند.
٥. دروستکردنی ژینگەی شاخ و دۆڵ و پێدەشتەکان و ڕوونکردنەوە.



ئەم قوتابییە گەڵایەك لەسەر هەویر کۆپی دەکات



ئەم قوتابییە ژینگەیەکی ئاوی دروست دەکات

## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** هەڵسەنگاندن پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت.

**ئامرازی جێبەجێکردن:** خشتەی خەملاندنی نمرەیی.

**ئەنجامی فێرکاری:** قوتابییەکان شێوەی بەرجەستەی جۆراوجۆر بە قوڕ دروستدەکەن.

| ژمارە | ڕەفتار | نرخاندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ١ | نەخشەسازی بۆ بابەتی دیاریکراو ئامادە دەکات. | | | | | |
| ٢ | کەرەستەو شمەکی پێویست بۆ کارکردن ئامادە دەکات. | | | | | |
| ٣ | بە وردی و نەرمی گوزارشت لە بابەتە دیاریکراوەکە دەکات. | | | | | |
| ٤ | هاوکاری لە کاتی کارکردندا پێشکەش هاوڕێکانی دەکات. | | | | | |
| ٥ | ڕەچاوی خۆپارێزی دەکات لەکاتی کارکردندا. | | | | | |
| ٦ | بێدەنگی دەپارێزێت لەکاتی کارکردندا. | | | | | |
| ٧ | کارەکە لە کاتی دیاریکراودا تەواو دەکات. | | | | | |
| ٨ | بەشداری دەکات لە پاکوخاوێنکردنەوەی شوێنکارەکە لە پێش کارکردن و دوای کارکردن. | | | | | |

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەکردن

**چالاکی بەمەبەستی چارەکردن:** قوتابییەکان چەند شێوەیەکی بەرجەستەی ئاژەڵی دروست دەکەن، وەک: مار، مشك، باڵندە...





**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:** قوتابییەکان شێوەی بەرجەستەی میوە دروست دەکەن، وەک: هێشووە تری، هێشووە مۆز، قاپێك پرتەقاڵ و سێو.



## هەویرکاری سارد (سیرامیکی سارد)

ماموستا دەتوانێت لەکاتی بەردەستنەبوونی هیچ کام لە قوڕو هەویری ڕەنگاوڕەنگ (بەتایبەت ئەو ناوچانەی دوورەدەستن لە شارەکان)، ئەوا ماموستا دەتوانێت خۆی کەرەستەکانی هەویرکاری دروست بکات بۆ کارکردنی ڕۆژانە، یان قوتابییەکان فێربکات خۆیان لە ماڵەوە هەویر دروست بکەن بەشی هەفتەیەك، یان مانگێکی خوێندن.

**کەرەستەخاوەکان:**

- نیشاستەی گەنمەشامی (ئاردی گەنمەشامی).
- هێلم (غەرە، یان Glu، بۆ لێکدانی تەختەو دار بەکاردەهێنرێت و ڕەنگی سپییە).
- ڕۆنی زەیت (زیتی چێشتلێنان).
- ڕەنگی شەربەت.
- شەکر، یەك کەوچکی چێشت.
- کیسی نایلۆن.

سەرەتا ماموستا قاپێکی قوڵ دەهێنێت و دوو پەرداخ نیشاستەی تێدەکات، پاشان نیو پەرداخ هێلمی سپی تێدەکات، لەگەڵ کەوچکە شەکرەکە و جوان دەیشێلێت، دواتر هەوڵدەدات کەمێك ڕووپۆشی قاپەکە بە زەیتەکە چەور بکات (تەنها چەورکردنێکی تەنك، تا هەویرەکە دەست و قاپەکە نەگرێت)، لە کۆتاییدا کەم کەم، بەش بەشی دەکەین و ڕەنگی پێدادەکەین (سوور، زەرد، شین، ...) چەندی بمانەوێت ئەوەندە ڕەنگە دروست دەکەین. هەروەها دەشتوانین هەر ڕەنگەو بەجیا بگرینەوە. کە لە پرۆسەکە بوینەوە، هەر تۆپەڵە هەویرێکی ڕەنگکراو دەخەینە ناو کیسەیەك و سەرپێچی دەکەین، تا وشك نەبێتەوەو ڕەق نەبێت، ئنجا بەپێی پێویست چەندمان ویست دەریدەهێنین و پاشان دەیخەینەوە جێگەی خۆی، ئەگەر لە بەفرگردا هەڵبگیرێت باشترە. (با زۆر شل نەبێت).







پەیکەرسازی کورد (بەختیار حەمە عەلی) ناسراو بە (بەختیارهەڵەبجەیی) لە ساڵی (١٩٧٠) لە هەڵەبجە لەدایکبووە. خوێندنی ئامادەیی پەرستاری لە ساڵی (١٩٩١) تەواو کردووە. ئەم هونەرمەندە لەژێر کاریگەری هونەرمەندی جیهانی (ڕۆدان) دەستی بەکاری پەیکەرسازی کردووە. بەشداری لە چەندین پێشانگە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان کردووە. ڕاستەوخۆ لە بەرد، پەیکەر سازدەکات و دایدەڕنێ و دایدەتاشێ. هەروەها کەرەستەی تری وەك گەچ و چیمەنتۆو... بەکاردەهێنێت.


















پەیکەرسازی کورد (شوان کەمال) لە ساڵی (١٩٦٧) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانییە ساڵی (١٩٨٧). لە ساڵی (١٩٩١) ئەکادیمیەی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواو کردووە. لە بواری پەیکەرسازیدا کەرەستەی جیاواز بەکاردەهێنێت و ئێستاش مەیلی بەلای برۆنزدایە. چەندین پەیکەری گەورەی ئەنجام داوە و پەیکەرەکانی لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان بڵاوبوونەتەوە.

خاوەنی شێوەی کارکردنی تایبەت بەخۆیەتی و پەیکەرەکانی هاوشانی کاری پەیکەرسازە جیهانییەکانە.






















## فەرهەنگۆك

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| Stability | استقرار | ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، تویێتکەگرتن |
| Liberty | الحرية | ئازادی |
| Level | مستوى | ئاست |
| Simplification | تبسيط | ئاسانکردن، ئاسنکاری |
| Familiar | مألوف | ئاسایی، باو |
| Attention | الانتباه | ئاگاداری، وریاکردنەوە |
| Moral | اخلاق | ئاکار |
| Instrument | آلة، أداة | ئامێر، ئامراز، کەرەستە |
| Readiness | الاستعداد | ئامادەیی |
| Preface | تمهيد | ئامادەکردن، ئاسانکردن |
| Preliminary | تمهيدي | ئامادەکاری، ئامادەیی |
| Thickness | ثخانة | ئەستوری، سەختی، دژوار |
| Attitudes | الاتجاهات | ئاڕاستەکان |
| Tendency | مَيل، اسلوب | ئارەزوو، حەز، مەبەست |
| Prism | المنشور (نشور زجاجي) | ئاوێزە |
| Consciousness | الوعي | ئاگامەندی |
| Experience | اختبار، تجربة، خبرة | ئەزموون (تاقیکردنەوە) |
| Experimental | اختباري، تجريبي | ئەزموونگەری |
| Result | نتيجة | ئەنجام |
| Imagination | التخيل، تصور | ئەندێشەکردن، خەیاڵکردن |
| Envy, Jealousy | حسد، غيرة | ئێرەیی، ئیرەیی، چکۆسی، |

| | | |
|---|---|---|
| | | کندۆسی، حەسوودی |
| Handdicraft | أعمال يدوية | ئیشی دەست، کاردەستی |
| Conventional | تقليدي | باو |
| Valuable | قيم | بایەخدار، بەنرخ |
| Self - conscious | واع ذاته | بەخۆزان |
| Self consistent | متاوق الاجزاء، منسجم مع ذاته | بەخۆگونجاو |
| Self approbation | الاستغراق في الذات | بەخۆوەگلان |
| Self indulged | منغمس في الذات، الانغماس الذاتي | بەخۆوەگلاو |
| Comparison | مقارنة | بەراورد، بەراوردکردن، بەراوردکاری |
| Visible | قابل للرؤية | بەرپین (بەرچاو) |
| Response | استجابة، الاستجابة | بەرتەك |
| Voluntary Reaction | لاستجابة الارادية | بەرتەکی خوازەکی |
| Perception | المدرك الحسي | بەرهەست |
| Seek | التماس، بحث، سعي لعمل شيء | بەریەککەوتن، گەڕان |
| Manager | مدير | بەڕێوەبەر |
| Inference, deduction | أستدلال | بەڵگەهێنانەوە، بەرەنجام |
| Induction | الاستقراء، إحداث، تقليد، تخليق | بەڵگەهێنانەوەی مادی |
| A paragraph | فقرة | بەند، بڕگە |
| Intuition | الحدس | بەهرە |
| Creative | خَلاق، ابداعي | بەهرەدار، ڕەخنەگرانە |
| Acquired | المكتسب | بەهرەگیر |

| | | |
|---|---|---|
| Promotion | ترويج، تعزيز | برەوپێدان، پێشخستن |
| Generalization | التعميم | بلاوکراوە (گشتاندن) |
| Basis, Basics | اساس، عنصر اساسي | بنەڕەت، بنچینە |
| Basics of Design, Principies of Design. | اسس التصميم | بنەماکانی نەخشەسازی |
| Field | مجال | بوار |
| Learning field | مجال التعلم | بواری فێربوون |
| Inheritance | وراثة | بۆماوەیی، ڕەگەما |
| Poster color | اصباغ البوستر | بۆیەی پۆستەر |
| Gouache color | اصباغ الجواش | بۆیەی گواش |
| Water color | اصباغ المائية | بۆیەی ئاوی |
| Acrylic color | لون الاكريليك | بۆیەی ئەکریلیك |
| Quick Thinking | التفكير السريع | بیرکردنەوەی خێرا |
| Recollection | استذكار، تذكر | بیرهێنانەوە |
| Ideas | أفكار، فكرة | بیرۆکە |
| Boredom | ملل | بێزار، بێتاقەت، بێ ئومێد |
| Optic | البصري | بینەوەر (زاراوەسازی پێوانە) |
| Vision | الرؤية | بینگە |
| Anxiety | قلق | بێئارامی، پەژارە، بێئۆقرە، دوودڵ |
| Educational board | لوحة تعليمية | تابلۆی فێرکاری |
| Low Relief | نحت نافر | تاشینی دیار (هەڵتۆقیوو) |
| Experiment | تجربة | تاقیکردنەوە، ئەزموونکردن |
| Acceleration | تسارع | تاودان |
| Edgy | منفعل | تاوگیر |
| Emotion | إنفعال | تاوگیری، (هەڵچوون بۆ ئەم |

| | | |
|---|---|---|
| | | دەستەواژەیە بەکارنایەت چونکە مرۆڤ هەڵناچێت، بەڵکو تاوێک گیر دەبێت). |
| Emotions | انفعالات | تاوگیریەکان |
| Privacy | خصوصية | تایبەتمەندی |
| Flat | منبسط | تەخت |
| Low Pictorial | نحت مبسط | تەختەتاشین |
| Translation | ترجمة | تەرجومە، (وەرگێڕان) |
| Formation | تكوين، تشكيل، بنية | تەواوکردن |
| Preparation | الاستعدادات، تنظيم، تنسيق | تەیاری، ڕێکخستن، خۆئامادەکردن |
| Fear | خوف | ترس |
| Ability | قدرة | توانا |
| Adaptability | قابلية التكيف | توانای ڕاهاتن، توانای خۆگونجاندن |
| Visual elements | العناصر البصرية | توخمە بینەوەریەکان، پێکهاتە بینەوەریەکان |
| Anger | غضب | تورەیی |
| Anatomy | تشريح | توێکاری |
| Notice | الملاحظة | تێبینی |
| Introspection | استبطان، التأمل | تێڕامان |
| Contemplating | التفكير | تێڕامان، لێوردبوونەوە، سەرنجدان |
| Satisfying, Satiation | الاشباع، اشباع | تێربوون |
| Look | تمعًن | تێڕوانین، دیقەتدان، تێبینیکردن |
| Irradiation | اشعاع | تیشکدان |

| | | |
|---|---|---|
| Comprhension | استيعاب | تێگەیشتن |
| Common understanding, Mutual understanding | الفهم المشترك | تێگەیشتنی هاوبەش، لێکتێگەیشتنی هاوبەش |
| Rivalry | تناحر | تێك بەربوون |
| Mix | خلط | تێکەڵاوکردن |
| Destruction | هدم، تخريب، تدمير | تێکدان، ڕووخاندن |
| Damage | عطب | تێکچوون |
| Concord, Accord | تفاهم، وفاق | تێکگەیشتن |
| Dysfunctional system | اختلال النظام | تێکهەڵدایی |
| Scrimmage | مشاجرة | تێکهەڵقژان (تێکهەڵپژان) |
| Learning theory | نظرية التعلم | تیۆری فێربوون |
| Reward | ثواب، مكافأة | پاداشت، خەڵات |
| Prophylaxis | وقاية | پاراستن |
| Blocks | كتل | پارچە، تۆپەڵ |
| Hindsight | الاستبصار الخلفي، الادراك المتأخر | پاشبینی |
| Thrift | ادخار | پاشەکەوتکردن، زۆرکردن |
| Background | خلفية | پاشخان، پاشینە |
| Motive | الدافع | پاڵنەر |
| Space | مساحة، الفضاء، مسافة | پانتایی |
| Evolution | تطور | پەرەسەندن، گەشەکردن |
| Spectrum Colors | الوان الطيف | پەلکەزێڕینە |
| An example | مثال | پەند، نموونە |
| Curiosity | حب الاستطلاع | پەیدۆزی (لەدووگەڕان) |
| High Relief | نحت بارز | پەیکەری هەڵتۆقیوو |

| | | |
|---|---|---|
| Relationship | علاقة، صلة | پەیوەندی |
| Reinforcement | تعزيز، تقوية، تعزز، تعميق | پتەوکردن، بەهێزکردن |
| Dynamic | حركي، ديناميكي | پڕجووڵە، جووڵە (بزێو) |
| Dynamic character | شخصية ديناميكية | پڕجووڵە، کەسێتی پڕجووڵە، جرپن |
| Forget it | فزولي | پرسن، کونچکاو (لەبیری بکە) |
| Project | مشروع | پڕۆژە |
| Program | برنامج | پڕۆگرام، بەرنامە |
| Educational programs | برامج تعليمية | پڕۆگرامی فێرکاری |
| Plan, policy, outline, schedule, schema | خطة، برنامج، خريطة، هدف، غاية | پلان، نەخشەڕێگە، |
| Scheme | مخطط | پلانبۆداڕێژراو |
| Educational Plan | الخطة التعليمية | پلانی فێرکاری |
| Classification | تصنيف | پۆلێنکردن |
| Depict | وصف | پیاهەڵدان، باسکردن |
| Prophecy, forecast | تنبؤ، تكهن | پێشبینی، نوقلانە |
| Artisan | حِرَفِي، صنائعي | پیشەگەر |
| Collapse | طي | پێچانەوە، قەدکردن، لولدان |
| Winding | متعرج | پێچاوپێچ، بەرزو نزم |
| Identical | مطابق | پێکچوو |
| Structure | بنية | پێکهاتە |
| Elements of abstraction | عناصر التجريد | پێکهاتە ڕووتەڵەکیەکان |
| Artistic elements | العناصر الفنية | پێکهاتە هونەریەکان |
| Structure | تركيب، بُنية | پێکهاتە، پێکهاتەی هونەری، بنەمای هونەری |

| | | |
|---|---|---|
| Design Elements | عناصر التصميم | پێکهاتەکانی نەخشەسازی |
| Rebuilding | ترميم | پینەکاری، دەستپێداهێنان |
| Measure | قياس | پێوانە |
| Criterion | معيار، محك | پێوەر |
| Need for knowledge | الحاجة الى المعرفة | پێویستی زانیاری، زانستخوازی |
| Biological need, Biochemstry | الحاجات البايولوجية أو الحيوية | پێویستیە بیولۆجیەکان، زیندەکی |
| Delinquent | جانح | جرپن، لاسار، سەرکێش |
| Delinquency | الجنوح | جرپنی، لاساری |
| Esthetic, aesthetic | علم الجمال | جوانناسی، جوانزانی |
| Discrimination | تمييز | جیاکردنەوە، جیاکاری |
| Individual Differences | الفروق الفردية | جیاوازی تاکایەتی |
| Disparity, inequality, difference, variance, disproportion, contrast | تفاوت، تباين، فارق، غير متساو | جیاوازی، جودایی، نایەکسان |
| Integration | تكامل | جێبەجێبوون، تەواوبوون |
| Application | تطبيق | جێبەجێکردن |
| Execution | أداء، تنفيذ، إعدام، إنجاز، إجراء، عمل حاسم | جێبەجێکردن، بەجێهێنان |
| World | العالم | جیهان |
| Globalization | العولمة | جیهانگیری |
| Desire, Inclination | رغبة، ميل | حەز، ئارەزوو |
| Dot | النقطة | خاڵ |
| Dotting | تنقيطي، تنقيط | خاڵەکوتە |

| | | |
|---|---|---|
| Point Faded | نقطة تلاشى | خاڵی ونبوون |
| Abreaction | تفريغ، تنفيس | خاڵیبونەوە، دامرکانەوە، ڕەوینەوە |
| Purity | صفاء | خاوێنی |
| Sad | محزن | خەمگین |
| Depression | الاكتئاب، هبوط | خەمۆکی، دڵتەنگی |
| Dreams | الأحلام | خەون، خەونبینی |
| Fantasia | التخيل | خەیاڵبازی، فەنتازیا |
| Self Realization | تحقيق الذات | خۆبەدیهێنان |
| Self- centeredness (Autocentrism) | التمركز حول الذات | خۆخۆیی |
| Self closing | ذاتي الانغلاق | خۆداخەر |
| Self accusation | انتقاص من الذات، الاتهام الذاتي | خۆداشکاندن، خۆدانەگومان |
| Self expression | التعبير عن الذات | خۆدەربڕین، گوزارشتکردن لە خود |
| Self reformation | اصلاح الذات | خۆدروستاندن، خۆدروستکردن، خۆچاککردن |
| Inborn | فطري | خۆڕسکی، ڕەچەڵەکی، سروشتی |
| Self discipline | ذاتي الانضباط | خۆڕێکخەر |
| Self abuse | اذلال الذات | خۆشکاندن |
| Joy | فرح | خۆشیی |
| Self assertion | تأكيد الذات | خۆچەسپاندن |
| Self control | ضبط النفس | خۆگری، دانبەخۆداگرتن |
| Self rising | ذاتي الاخمار، ذاتي قابل | خۆگور (وەکو خۆڕسك) |

| | | |
|---|---|---|
| | للاخمار | |
| Self acting | ذاتي الفعل، آلي | خۆكار |
| Self action | الفعل الذاتي | خۆكاری |
| Self denial | انكار الذات | خۆنایاندن، نكۆڵی لەخۆكردن |
| Self abandonment | التخلي عن الذات | خۆنەویستی |
| Self contradictory | مناقض نفسه | خۆهەڵوەشێن |
| Habit | عادة | خوو |
| Egoism | انانية | خۆویستی، (خۆپەرست) |
| Self | الذاتي | خۆیی |
| Family | الأسرة | خێزان |
| Customs and traditions | العادات و التقاليد | داب و نەریت |
| Distribution | توزيع | دابەشكردن |
| Isolation | عزل | دابڕان، تەریك كردنەوە، جیاكردنەوە |
| Invention | ابداع | داهێنان |
| Inventor | مبدع | داهێنەر |
| Incubation | حضانة | دایەنگە، گۆشگری |
| Stupid (Moron) | الغبي، (المأنون) الغباوة (المورونية) | دەبەنگ، لاژك، كەودەن، گەوج |
| Expressionism | التعبيرية | دەربڕینخوازی |
| Expression | تعبير | دەربڕین، گوزارشت |
| Projection | الاسقاط | دەرپۆقین، چوكڵە، دەرپەڕین |
| Psyche | نفس، روح | دەروون، گیان |
| Insight | الاستبصار | دەروونبینی |
| Inner self | ناشيء في باطن الذات | دەروونزا |

| | | |
|---|---|---|
| Conclusion | استنتاج | دەرئەنجام |
| body | هيئة | دەستە |
| Handmade | يدوي | دەستکرد |
| Artificial | إصطناعي | دەستکرد، دروستکراو |
| Fanaticism | التعصب | دەمارگیری |
| Enrichment | إثراء، خصوبة، سعة، أناقة، ترف | دەوڵەمەندکردن |
| Innovation, Invention | ابتكار | دروستکردن، دروستکردنێکی داهێنەرانە، داهێنان |
| Creating symbols | خلق الرموز | دروستکردنی هێما |
| Mental bygiene, Psychological health | الصحة النفسية | دروستی دەروونی، دروستی دەرونايەتی |
| Long | طويل | درێژ |
| Volunteer | تطوع | دڵخواز، دڵخوازانە (خۆبەخش) |
| Mental retardation | التاخر العقلي | دواکەوتنی هۆشەکی |
| Situation | حالة، وضع، موقف، حال، ظرف، مركز | دۆخ، بار، چۆنییەتی |
| Development | استنباط | دۆزینەوە، داهێنان، هەڵێنجان |
| Phenomenon | ظاهرة | دیاردە |
| Formalism | صوري | دیتەنی، وێنەیی |
| Learning debate | مناقشة التعلم | دیمانەی فێربوون |
| Sight | منظر | دیمەن |
| Androgyny, Effeminacy | تخنث | ژنانی، نەمێریی |
| Culture | ثقافة، حضارة | ژیاری، ڕۆشنبیری |
| Environment | البيئة | ژینگە |

| | | |
|---|---|---|
| Oscillation | تأرجح، تذبذب | ڕا ڕا، دوودڵ |
| Ornament | زخرفة | ڕازاندنەوە |
| Adornment | زينة، زخرفة ديكور | ڕازاندنەوە (ڕازاندنەوەی بنميچ) |
| Ornamentation | تزيين، تزين، (مصدر زينة) | ڕازاندنەوە (شتێك بڕازێنینەوە) |
| Lavish | زخرفة | ڕازاندنەوە، نەخشاندن |
| Reality | حقيقة، واقع | ڕاستی |
| Real | واقعي، حقيقي | ڕاستییەكی، ڕاستێتی |
| Communication | اتصال | ڕاگەیشتن، پەیوەندیگرتن |
| Analysis, Explanation | تحليل، تفسير | ڕاڤە، ڕاڤەكردنی بابەتێك |
| Stretch | تمطط، تمتد | ڕاكێشان، درێژبووەوە، كشان |
| Habituation | التعود | ڕاهاتن (گونجاندن، سازاندن) |
| Strengthening | تقوية | ڕاهێزان، بەهێزكردن |
| Training | تدريب، تدرب، تمرين، توجيه | ڕاهێنان |
| Integration | تكامل | ڕەخسكان، تەواوكاری |
| Critic | ناقد | ڕەخنەگر |
| Art critic | الناقد الفني | ڕەخنەگری هونەری |
| Sex | الجنس | ڕەگەز، نەژاد |
| Diffuse Behaviour | السلوك المشتت | ڕەفتاربڵاو، ڕەفتاری پەرشوبڵاو، ڕەوشتی پەرتوبڵاو |
| Behaviour | سلوك | ڕەفتار، ڕەوشت، كردار |
| Behaviorism | السلوكية | ڕەفتاریەتی، ڕەوشتایەتی |
| Instinct | غريزة | ڕەمەك |
| Paint, color | لون، صبغ، طلاء | ڕەنگ |
| Daltonism<br>Achromatism | عمى الالوان<br>عمى الالوان العام | ڕەنگ كوێری |
| Cool color | الألوان الباردة | ڕەنگە ساردەكان |

| | | |
|---|---|---|
| Primary color | الالوان الاولية | ڕەنگە سەرەتاییەکان |
| Dyer | صباغ، صابغ | ڕەنگکار |
| Colouring, coloring | تلوين بشكل فني | ڕەنگکردن بە شێوەی هونەری |
| Tempra color | الألوان تمبرا | ڕەنگی تێمپرا |
| Pastel color | لون باستيل | ڕەنگی پاستیل |
| Oil color | اللون الزيتي | ڕەنگی ڕۆنی |
| Glass color | لون الزجاج | ڕەنگی شوشە |
| Gouache color | ألوان الغواش | ڕەنگی گواش |
| Fresco color | الوان الفريسكو، الألوان في الهواء الطلق | ڕەنگی فریسکۆ |
| Dyeing | خضاب، صَبَغَ، صبِغ | ڕەنگکردن، ڕەنگکار |
| Water color | الألوان المائية | ڕەنگی ئاوی |
| Acrylic color | لون الاكريليك | ڕەنگی ئەکریلیك |
| Course of development | سير النمو | ڕەهەندی فراژووتن |
| Perspective | منظور | ڕوانگە |
| Artistic Vision, Technical vision. | الرؤية الفنية | ڕوانگەی هونەری |
| Abstract | تجريد | ڕوتەڵەك، (ڕوتکراوە، داماڵدراو لە وێنە، داماڵدراو لە شێوە) |
| Frustration | احباط (خيبة) | ڕوخاندن، سەرنەکەوتن |
| Lot, Platform | مسطح | ڕووتەخت |
| Feel | ملمس | ڕووگە |
| Optical Contactor | الملامس البصرية | ڕووگە بینەوەرییەکان |
| Method | طريقة | ڕێباز، ڕێگە |
| Rhythm | ايقاع | ڕیتم |
| Irregular Rhythm | ايقاع غير منتظم (غير رتيب) | ڕیتمی ڕێکنەخراو |

| | | |
|---|---|---|
| Attribution | نسب | ڕێژە |
| Sequence | تسلسل | ڕیزکردن، زنجیرە |
| Rule | قاعدة | ڕێسا، یاسا |
| Regulator | منظم | ڕێکخەر |
| Arrangement | ترتیب، تنظیم | ڕێکخستن، سازکردن |
| Labial/ Orally | شفوي | زارەکی |
| Kindergarten | روضة الاطفال | زارۆخانە، باخچەی منداڵان زارۆك: بە کرمانجی یانی منداڵ خانە: بە هەورامی یانی ئەو شوێنەی لێی کۆدەبنەوە، یان خانو. (زارۆخانە) کتومت لە بڕی وشە ئینگلیزییەکە دانراوە. |
| Cognition | معرفة | زانیاری، زانیار، هۆشەکی |
| Kataphasia | التهتهة، ثقل اللسان | زمان گرتن، لاڵ، زمان پەڵتی |
| Linguistics | علم اللغة | زمانەوانی، زماننناسی |
| Compelling | اجبار، قهر | زۆرلێکردن |
| Intelligence | ذكاء | زیرەکی |
| Adaptation | التكيف | سازان، ڕاهاتن (خۆگونجاندن) |
| Resources | مصادر | سەرچاوە |
| Springs | منابع | سەرچاوە، سەرچاوەکان |
| Brawler | مشاكس | سەرکێش |
| Contemplation | تأمل | سەرنجدان، تێڕامان، لێوردبونەوە |
| Attractive | جذاب | سەرنجڕاکێش |
| Quotient | الحاصل | سەرئەنجام، ئەنجام |

| | | |
|---|---|---|
| Nature | طبيعة | سروشت |
| Passional nature | الطبيعة الانفعالية | سروشتی تاوگیر |
| Inspiration | الهام | سرووش |
| Confidence limits | حدود الثقة | سنوری متمانه |
| Triangle | مثلث | سێگۆشه |
| Expert | خبير، صاحب خبرة | شارەزا، بەئەزموون |
| Skill, expertise, experiences | مهارة، خبرة، ممارسة | شارەزایی، کارامەیی، لێزانی |
| Comb | مشط | شانه، شه |
| Spectrum | طيف | شەبەنگ، تارمایی، پلەی ڕەنگی |
| Passion | شغف | شەیدایی، پەرۆش |
| Agitation, disturbance | اضطراب | شڵەژان، ناڕێکی |
| Analysis | تحليل | شیکردنەوە، شرۆڤەکردن |
| Light and Lysiss | تحليل الضوء | شیکردنەوەی ڕەنگ |
| Style, method, manner, way, mode, technique | أسلوب، نمط، سلوك، نسق، نوع، وضع | شێواز، شێوە، ڕێگا |
| style, pattern, type, fashion, manner, modality | نمط | شێواز، چەشن، بابەت، شێوە |
| Direct style | الاسلوب المباشر | شێوازی ڕاستەوخۆ |
| Engineering forms | أشكال هندسية | شێوە ئەندازەییەکان |
| Form, Figure | صورة، شكل | شێوە، دیمەن، وێنە، ڕوخسار |
| Print With a Fingerprint | طباعة بالبصمة | چاپگەری پەنجەمۆر |
| Behaviour therapy | العلاج السلوكي | چارەی ڕەفتاری، چارەکردنی ڕەوشتی |
| Activity | نشاط، فعالية | چالاکی |

| | | |
|---|---|---|
| Observation | مراقبة | چاودێری (چاودێریکردنی شتێك) |
| Repression | كبت | چەپاندن، سەركوتكردن |
| focus, concentration, concentricity, condensation | تكثيف، تكاثف، تركيز، تلخيص، نتاج التلخيص، كتلة مكثفة | چەسپاندن، چەقاندن، دامەزراندن، جەختكردن |
| Axial education | تربية محوري | چەقی پەروەردە |
| Concept | مفهوم، فكرة | چەمك، بیرۆكە |
| Ream | غصن | چڵ |
| Square | مربع | چوارگۆشە |
| Taste | ذوق، (تذوق الفني) | چێژ (چێژی هونەری) |
| Gustation | الذوق | چێژ، تام |
| Artistic taste | التذوق الفني | چێژی هونەری |
| Humour, Funny mock | سُخرية، سخرَ | گاڵتە: بەبابەتێكی هونەری یان ئەدەبی كە ببێتە هۆی پێكەنین |
| Bright | لماع، مشرق | گەش، ڕووناك، درەوشاوە |
| Optimism | تفائل | گەشبین، خۆشبینی |
| Development | نمو | گەشە |
| Growth | نمو | گەشە، وەرار |
| Developing the ability to criticize | تنمية القدرة على النقد | گەشەپێدانی توانستی ڕەخنەگرتن |
| Motor growth | النمو الحركي | گەشەجوڵە |
| Gallery | جاليري، صالة عرض فني | گەلەری، گالێری |
| Adult | راشد | گەورە، هەراش، پێگەییو |
| Convulsion | تشنج | گرژبوون، بارگرژی |

| | | |
|---|---|---|
| Muscle tension | توتر عضلي | گرژی ماسولکەیی |
| Group | مجموعة، فئة | گروپ، کۆمەڵە |
| Psychological node | العقدة النفسية | گرێی دەروونی |
| Pottery, Crockery | فخار | گڵجۆشی |
| Ceramic | سيراميك، فخار | گڵێنەکاری، سیرامیك |
| Ceramic | الخزف | گڵێنەکاری، سیڕامیك |
| Modulation | تحوير | گۆڕین، (گۆڕانکاری لە چینەکانی دەنگدا) |
| Isolation | منعزل | گۆشەگیر |
| Solitary | منعزل، وحيد، فريد، منفرد | گۆشەگیر، تەنیا |
| Introversion | انطواء | گۆشەگیر، کەسێك پەنگدەخواتەوە، خۆیدەخواتەوە |
| Social isolation | انعزال اجتماعي | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی |
| Agree | توافق | گونجان، ڕێککەوتن |
| Canvac | خيش | گونییە، گوش، پەرچەمی ڕەشماڵ، قوماشێکی زبر |
| Porcelain | بورسلين | فەفوری، پۆرسەلین |
| Fantastic | خيالي | فەنتازی، خەیاڵی |
| Polychrome | متعدد التلوين | فرە ڕەنگ |
| Diversity | التنوع | فرەجۆری |
| Polychrome, miscellaneous | متنوع، متنوع الالوان | فرەڕەنگ، جۆراوجۆر |
| Frottage | فروتاج | فروتاج |
| Brush | فرشاة، فرشة | فڵچە |
| Learning | تعليم | فێربوون، پەروەردە |
| Education | تعليم | فێربوون |

| | | |
|---|---|---|
| Festival | مهرجان، احتفال | فێستیڤاڵ، ئاهەنگ گێڕان |
| Size | حجم، مقاس | قەبارە |
| Charming, Revis | رائع | قەشەنگ |
| Pencil | قلم رصاص | قەڵەم ڕەساس |
| Clay | صلصال، طين | قوڕ، هەویری قوڕکاری |
| Pyramid | هرم | قوچەك |
| Gulp | بلع | قووتدان |
| Good Performance | حسن الاداء | کارباشی (کەسێك کاری باش ئەنجام دەدات) |
| Touching | مؤثر | کارتێکەر |
| Reaction | رد فعل، رجع | کاردانەوە، پەرچەکردار |
| Interaction | تفاعل | کارلێككردن |
| Metal | معدن | کانزا |
| Glue | صمغ | کەتیرە |
| Raw material | مواد خام | کەرەستەی خاو |
| Person | شخص | کەس |
| Personality | الشخصية | کەسایەتی |
| Atmosphere, General mode | وضع، وضع العام | کەش، بارودۆخی گشتی |
| Utilization | استخدام، استغلال، انتفاع | کەڵك وەرگرتن، بەکارهێنان |
| Superposition | تراكب | کەڵکەبوون، چونەسەریەك (بۆ شێوە ئەندازەییەکان بەکاردێت) |
| Practicability, procedure, practice | عملية، إجراءات، عملية، طريقة، أسلوب | کردار، کرداری، پراکتیکی |
| Practical | عملي | کردارەکی، کردەیی |
| Short | قصير | کورت |

| | | |
|---|---|---|
| Barrier | حاجز، عقبة | كۆسپ، بەربەست |
| Society | مجتمع | کۆمەڵ، کۆمەڵگە |
| Formation | تكوين، تشكيل | کۆمەڵەکردن، کەڵەکەکردن |
| Problem | مشكلة | کێشە، گیروگرفت، ئاریشە، گرفت |
| Psychological conflict | الصراع النفسي | کێشەی دەروونی، ململانێی دەروونی |
| Skewness, deviation | انحراف | لادان |
| Refraction | انحراف، انكسار | لادان، شکانەوە |
| Slanted | مائل | لار، خوار، لێژ |
| Aberration | جنوح، انحراف، ضال، شاذ | لاساری، سەرکێش، رێزپەر |
| Imitation | تقليد، المحاكاة | لاساییکردنەوە، لاساکردنەوە، دەمەلاسکێ، چاولێکەری |
| Profile | جانبي | لاوەکی |
| Biased | منحاز | لایەنگیر |
| Capacity, literacy | الكفاءة، القابلية | لەبار، چوستی، توانست، لێهاتویی |
| Body | جسم | لەش، بەدەن، جەستە |
| Physical | جسدي، رياضية | لەشەکی، تەنیەتی، جەستەیی، وەرزشی |
| Similarity | التماثل | لەیەکچوون، وەك یەکبوون |
| Polished | أملس، صقيل | لووس، ساف |
| Proceedings, procedure, steps | إجراءات، محضر، متابعة، مقاضاة، أحداث، التصرف | لێپرسینەوە، بەدواداچوون |
| Investigation | استقصاء | لێکۆڵینەوە، بەشوێنداگەڕان |
| Skilful | بارع، مُتفنن | لێهاتوو |

| | | |
|---|---|---|
| Muscle | عضلة | ماسوولكه |
| Fatigue | التعب، اعياء | ماندووبوون، كۆڵدان، شەكەت بوون |
| Mongolism | المنغولية | مەنگۆلی |
| Backward child | طفل متخلف | منالّی دواكەوتوو، بیركۆڵ |
| Museum | متحف | مۆزەخانه |
| Brain | دماغ | مێشك، دەماغ |
| Unfit | غير مناسب | ناجۆر |
| Agnosticism | اللاأرادية | نازانمكاری، بێخۆویستن |
| Contradiction | تناقض | ناكۆكی، دژواری |
| Conflict | صراع | ناكۆكی، ململانێ، كێشه |
| Alienation | اغتراب، خلل عقلي، انسلاخ، تغرب، ضياع | نامۆیی، تاران، نامۆیی دەروونی، كەسێكی هۆشرۆیشتووه |
| Inartistic | غير فني، بدون موهبة | ناهونەری، بێهونەری (بێ بەهره) |
| Abnormal | شاذ، غير عادي | نائاسایی، نامۆ |
| Design | تصميم | نەخشەسازی |
| Embroidery | تطريز | نەخشكاری بە دەرزی و دەزوو، دەزوكاری، دەرزیكاری |
| Deep Engraving | نقش غائر | نەخشی چاڵ (لێگرتن) |
| Skin disease | المرض الجلدي | نەخۆشی پێست |
| Mores / Tradition | عرف، عادات | نەریت (داب و نەریت)، عورف |
| Dissonant | مُتنافر | نەشیاو، نالەبار، جیاواز، نەگونجاو |
| Constant | ثابت، ثبوت | نەگۆڕ، جێگیر، چەسپاو |
| Fillet | زخرفة ناتئة ضيقة | نەووكە نەخشاندنی تەنك |

| | | |
|---|---|---|
| Price | سعر، ثمن | نرخ، بەها |
| Evaluation, Estimate, Estimation | تقدير، تقييم، التثمين، التخمين | نرخاندن، خەملاندن |
| Assessment | اضفاء، التقويم | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Sample | عينة | نموونە |
| Secret | سر | نهێنی |
| Trait | سمة | نیشانە، هێما، مۆرك |
| Oil painting | رسم بالوان الزيتي | نیگارکێشانی ڕۆنی |
| Children's drawing | رسوم الأطفال | نیگاری منداڵان، وێنەی منداڵان |
| Belonging | الانتماء | هاتنەڕیز، گەشەکردن، لایەنداری |
| Cooperation | تعاون | هاریکاری، هاوکاری، هەرەوەز |
| Suspense | تشويق | هاندان، لاشیرینکردن |
| Proportionality | تناسب | هاوتایی، هاوڕێژەیی |
| Poising, Pond | اتزان | هاوسەنگی |
| Modern | معاصر | هاوچەرخ، مۆدیرن، نوێ |
| Synergy | التضافر | هاوکاری، یارمەتی |
| Adolescence | مراهقة | هەرزەکاری، باڵقبوو |
| Feeling | شعور | هەست |
| Unacenesthesia | عدم الاحساس بالذات | هەست بەخۆ نەکردن |
| Feelings | الأحاسيس | هەستەکان |
| Consciousness | احساس، حس | هەستکردن |
| Sensation | احساس | هەستکردن |
| Sensory Perception | الادراك الحسي | هەستکردن |
| Sense of Accomplishment | الاحساس بالانجاز | هەستی بەجێهێنان |
| Aesthetic sense | الحس الجمالي | هەستی جوانناسی |

| | | |
|---|---|---|
| Sensitive "Sensitivity" | حساسية | هەستیاری، هەستەوەری |
| Portfolio | حقيبة | هەگبە |
| Educational bags | حقائب تعليمية | هەگبەی فێرکاری |
| Chance | فرصة | هەل |
| Relief | بارز، نافر | هەڵتۆقیوو (وێنەی زبر) |
| Cavalletto, Stand. | ستاند، حمال | هەڵگری تابلۆ، ستاند، ڕاگر |
| Attitude | موقف، اتجاه | هەڵوێست، ئاڕاستە |
| Idea | فكرة، فكر | هزر، بیر، بیرۆکە |
| Cause | سبب، علة | هۆ |
| Practical Hall | قاعة، قاعة عملي | هۆڵی فرەمەبەست، ئەزموونگە، هۆڵی ڕاهێنان |
| Art | الفن | هونەر |
| Fine Arts | الفنون الجميلة | هونەرە جوانەکان |
| Artist | فنان | هونەرمەند |
| Artistic | فني | هونەری |
| The art is the language of communication | الفن لغة اتصال | هونەری ڕاگەیشتن، زمانی هونەری ڕاگەیشتن، هونەر زمانی پەیوەندیکردنە |
| Abstract art | الفن التجريدي | هونەری ڕووتەڵەك |
| Graphic arts | فن جرافيك | هونەری گرافیك |
| Modern art | فن معاصر | هونەری هاوچەرخ |
| Lines | الخطوط | هێڵ |
| Horizontal Line | خط الافقي | هێڵی ستونی |
| Symbol | رمز | هێما، سیمبول |
| Allegoric, allegorical, Symbolic | رمزي | هێمایی |

| | | |
|---|---|---|
| Slow learner | بطيء التعلم | هێواش فێربوون، سست فێربوون |
| Meaning | مدلول | واتا، ناوەرۆك، كرۆك |
| Accuracy | الدقة | وردی، پوختی |
| Excitation | اثارة، الاثارة | وروژاندن |
| Delayed Response | استجابة مرجأة | وڵامدانەوەی دواخراو، بەرتەكی دواخراو |
| Conscience | وجدان | ویژدان |
| Imagingation | الخيال، تخيل | وێناكردن، ، خەیاڵكردن، وێنا، خەیاڵ |
| Image | صورة | وێنە |
| Image mental | صور ذهنية | وێنەبیریەكان |
| Pictorial Relief | تجسيم تصويري | وێنەی بەرجەستەكراوی |
| Illustration | رسوم إيضاحية | وێنەی ڕونكاری |
| Assistant | مساعد | یاریدەدەر |
| Lesson Vocabulary | مفردات الدرس | یەكەكانی وانە، وشەكانی وانە |
| Lesson units | وحدات الدرس | یەكەكانی وانە |
| Vocabulary | مفردات | یەكەی زمان، وشە |
| Monochrome | أحادي اللون | یەكڕەنگی، یەك ڕەنگ |
| Proportionality | تناسب | یەكسانبوون، هاوتایی |

## سەرچاوە کوردییەکان


- ئۆسە ویدن. زمان و فێربوون، ئاخاوتن لە زارۆخانەو سالآنی بەرایی فێرگەدا، ت: ئاسۆس شەفیق، تۆڕی فێرکاری برادۆست، ستۆکهۆڵم– ٢٠١٦
- تاهر، عبدالستار (د). قاموسی دەروون ناسی، ئینگلیزی– عەرەبی– کوردی، چ١، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٨٥.
- عمر، محمد (د)– فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی–کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣
- خاڵ، شێخ محەمەد. فەرهەنگی خاڵ، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: مستەفا ساڵح کەریم، فایق هۆشیار، مەحمود ئەحمەد محمەد، ئەحمەد زرنگ، محەمەد نوری تەوفیق، ب١، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٩٥.
- پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: مستەفا ساڵح کەریم، فایق هۆشیار، مەحمود ئەحمەد محمەد، ئەحمەد زرنگ، محەمەد نوری تەوفیق، ب٢، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٩٥.
- پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: مستەفا ساڵح کەریم، فایق هۆشیار، مەحمود ئەحمەد محمەد، ئەحمەد زرنگ، محەمەد نوری تەوفیق، ب٣، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٩٦.
- پەنجا هونەرمەندی شێوەکاری کورد، ئا: دارا عەبدولڕەحمن ئەحەمەد، بەڕێوەبەرێتی هونەری شێوەکاری – سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- سوبحانی، جەلال مەحمود عەلی. ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.
- شێخ محەمەدی خاڵ. فەرهەنگی خاڵ، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- شێوەکارانی کوردستانی باشوور، ئا: ئیسماعیل خەیات و نامیق علی قادر، ز١، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- عبدالله، مجید– فەرهەنگی سەرچاوە، عەرەبی–کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٤
- عەلی، خەلیل. بنەماکانی پەروەردەی هونەر لە زارۆخانەو خوێندنگاکان. چ٢، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦
- عەلی، خەلیل. پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناخی بنەڕەتی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤
- عەبدول، جەمال. فەرهەنگی زاراوە هونەرییەکان، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.
- محەمەد، مەسعوود– زاراوەسازی پێوانە، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠١١
- مستەفا، محمد، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر، ئینگلیزی–کوردی، چ٢، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، هەولێر ٢٠١٢.
- مستەفا، کەریم. پلانی فێرکاری هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی، ڕێکخراوی کۆمەک، ٢٠٠٩.

## سەرچاوە عەرەبییەکان


– أبو غزالة، هيفاء. دليل المرشد التربوي، عمان، ١٩٨٥.

– أحمد، سهير كامل (د). التوجيه و الارشاد النفسي للصغار، مركز الاسكندرية للكتاب، مصر، ٢٠٠٢.

– الزعبي، أحمد محمد (د). مشكلات الاطفال الفنية و السلوكية و الدراسية (أسبابها و علاجها)، دار الفكر، ٢٠٠٥.

– الكعبي، فاضل. الأبداع و أثره في ثقافة الطفل، دار إثراء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٥.

– الكعبي، فاضل. الطفل والهوية الثقافية، دار إثراء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٥.

– المهنا، عبدالله. التخطيط لتدريس التربية الفنية –مكتبة الفلاح، الكويت، ١٩٩٣.

– بادويلان، أحمد بن سالم (د). خطوات و أفكار في تربية الأطفال، ط١، دار الحضارة للنشر والتوزيع.

– بسيوني، محمود. نحت الأطفال، ط١، دار المعارف، مصر. (د، ت).

– بكار، عبدالكريم (أ.د). تأسيس عقلية الطفل، دار الوجوه للنشر و التوزيع، ٢٠١٥.

– جودت سعادة. تعليم المفاهيم للموضوعات المختلفة، دار الكتاب، بيروت، ١٩٨٧.

– جونسون، أديت. التعلم التعاوني، ت: مدارس الظهران الأهلية، مؤسسة التركي للنشر والتوزيع، السعودية، ١٩٩٥.

– رياض، عبدالفتاح. التكوين في الفنون التشكيلية، ط١، (د.م) دار النهضة، ١٩٧٤.

– د. محمد الحيلة. مهارات التدريس الصفي، دار المسيرة للنشر، عمان، ٢٠٠٢.

– د. رفعت الزغلول– عماد الزغلول. علم النفس الادراكي، دار الشروق، عمان، ٢٠٠٣.

– د. محمد طيطي و آخرون. أنتاج و تصميم الوسائل التعليمية، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.

– نشواني، عبدالمجيد. علم النفس التربوي، دار الفرقان، عمان، ١٩٨٥.

– فايز محمد علي الحاج. الصحة النفسية، الرياض، ١٩٧٧.

– فليب فنكس. فلسفة التربية، ت: محمد النجيحي، دار ماكروهيل، فرانكلين، القاهرة،١٩٨٥.

– فرج، صفوة. الذكاء و رسوم الاطفال – القاهرة – ١٩٨٦.

– سلامة، ياسر (أ.د). الألعاب الحركية و العقلية للمدارس، دار عالم للثقافة، ٢٠١١.

– طالو، محي الدين. الفنون الزخرفية، ط٥، ج٢، دار دمشق، ١٩٩٧.

– طالو، محي الدين. الفنون الزخرفية، ج١، دار دمشق، دمشق، دمشق، ١٩٩٤.

– لونفيلد، فيكتور. طفلك و فنه – ترجمة: سامي جمال و يوسف قطف، مكتبة الاداب، مصر، ١٩٦١.

– مجاهد، عبدالمنعم. دراسات في علم الجمال. دار الثقافة، القاهرة، ١٩٩٠.

– محاسنة، عمر موسى (د). مناهج التربية المهنية و أستراتيجيات تدريسها و تقويتها، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.

– محمد، مصطفى حنفي. مجالات في التربية الفنية، دار المفردات، ١٩٩٧.

– محمود، ياسر. تربية الطفل فنون و مهارات من (٦ الى ٩) سنوات، دار الندى القطري.

– مطر، أميرة حلمي. علم الجمال و فلسفة الفن –دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٩.

– ممادي، شوقي (د). أساليب تعديل السلوك الصفي في المرحلة الأبتدائية، دار عالم للثقافة، ٢٠١٤.
– هاني، وليد عبدالبني (أ.د). أستخدام و توظيف تقنيات التعليم في الحصة الصفية، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.
– هاني، وليد عبدالبني (أ.د). أنشطة و تطبيقات في صعوبات التعلم، دار عالم للثقافة، ٢٠١٥.

## پێگە ئەلکترۆنییەکان:

kurdistanart.blogspot.com
www.shewakaranikurd.com

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

- Charlotte-Hug. Margo Veillon.N.P.N.D.
- Edwin Moore. Flona Mackenzie Moore. Concise Dictionary of Art and Literature.N.P.N.D.
- Kackny; Jeffrery Quality in School Environments: Amultiple, Case Study. A: 4963. 12, no, 57, DAL, ph.D, Milwaukee, 1996.
- Kestrom, J.M. (1998) the Untapped Power of Music: Its red in the Curriculum and Its Effect on Acadmic Achievement. Nassp Bullentin, 82,34-43.
- Lendal Haskell. Art in Early Childhood Year.N.P.N.D.
- Leo Carles Daley, Philosophy of Education, N.Y: College Notes, Inc., 1966.
- Sally Moomaw and Brendahieronymus. More Than Painting (Exploring to Wonder of Art in Preschool Land Kindergarten).N.P.1999.
- Shertzer, B, and Stone, S, Fundamentals of Guidance, Houghton Mifflin, Co, 1981.
- Smith Othanal, B. et.al., Fundamental of Curriculum Development. Wordbook Com. 1957.
- The international Encyclopedia of Education. Research and Studies V6 M-O, 1985.
- Thomassina Smilh: Finger Puppet London, Newyork, 1996.
- Travers, Essemtial of Learning, N.Y. MacMillan, 1977.
- Wolff. Th.F.and Geahigan, G.Art Criticism and Education. USA: The University of IIIinos.1997.
- Wood, D.Drawing Research and Development (Art & Design Education). USA: N.P.1992.
- Zelanki, P.and Fisher, M.P.The Art og Seeing. USA: NJ. Prentice-Hall.1994.